85

# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینییە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مانگێ جارێک دەری دەکات

## پەیامی زانایان پەیامی خوایە بۆ ئیسلاحی خاک و خەڵک

٤٣ ساڵ

هۆشی

تەمەن

## یەکێتی زانایان لە بەیاننامەیەک ئیدانەی فیلمی سوکایەتیکردن بە پێغەمبەر (د.خ) دەکات



مومتاز حەیدەری:

## دامەزراندن و دروست بوونی یەکێتی زانایان دەسکەوتێکی شارستانی و نەتەوەیی و مێژووییە

سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## پێویستە حکومەت ئەوە بزانێ کە پەراوێز کردنی مامۆستایانی ئایینی پەراوێزخستنی بەشە سەرەکیەکەی کۆمەڵگەیە



حەسیب قەدیب:

## پێویستە بایەخ و گرنگی تایبەت بە یەکێتی زانایان بدرێت

رۆڵێ مەلا
د شورەشا
نەیلونا مەزندا



# خوا له جەماوەر گەورەترە

لەم رۆژانەدا لەگەڵ چەند وتاربێـژبێکی شاری هـەولێر باسـی رەوشـی وتـاری هەینیمان دەکرد لە هەرێمی کوردستانو، کۆمـەلێك ڕاو سـەرنجو بۆچـوونمان ئالوگۆر کرد، یەکێ لەو وتاربێژانە ئـەوەی درکانـد، کـە خـودی خـۆی هەنـدێ جار هەندێ بابەت دەوروژێنێ لە سەر مینبەر، کە خۆی قەناعەتی پێـی نیـە، بەلاّم بۆ ئەوەی جەماوەرەکەی رازی بێت، وەیا بۆ ئەوەی دلّـی جەماوەرەکـەی رابگریو، بەرژەوەندی لەدەست نەچێو بـۆ مزگـەوتێکی تـر نـەڕوات، ناچـارە ئەم بابەتە بوروژێنێ کە برواشی پێ نیە!

ئەم قسەیەی ئەو وتاربێژە درکاندی منی تاساند، کە چۆن دەبی وتاربێژ هەوڵ بدات وتارەکـەی بـەم ئـەقارە بـروات؟ چـۆن دەبـێ وتاربێـژ بەشـێوەیەك قـسە دەربڕێ، کە قەناعەتی پێ لاواز بێو پێیەوە کاریگەر نەبێ؟

چونکە وتاربێژی ئەرکێکی ئاینیە، عیبادەتو خواپەرستیە، پێویستی بە نیەت پاکیو قەناعەتو بۆ خوا بوون هەیە، ( قل إنَّ صلاتی ونسکی ومحیای ومماتی للّه رب العالمین).. دەبێ کاری وتاربێژی دوور بێت لە ریاو ناودەنگو تەنها رازی کردنی خەڵك.

بۆیە من روو لە وتاربێژە بەرێزەکان دەکەمو بیریان دەهێنمەوە، کە پێویستە سەرجەم کرادارو گوفتارەکانمان بۆ خودا بێتو، پیرۆزی مینبەرو وتارەکانمـان بپارێزینو، خۆمـان دوور خەینـەوە لـە گاریگـەری هـەموو کـەسو لایـەنێكو، هەرچی گوێ بیستی بووین باسی نەکەینو ئەو شتانەی کـە دەیـان وروژێـنین رەزامەندی خوای گەورەی تیادا راچاو بکەین نەك هی جـەماوەر!! چـونکە لـە دوایین جاردا هەر ئێمە بەرپرس دەبین لـە بـەردەم خـوای گـەورە کـە پێمـان دەڵێت ( وقفوهم إنَّهم مسئولون ).

لەهەمان کاتیش وتاربێژی وەزیفەیەکی رەمزی نیە تەنها لە کۆڵ بکرێتـەوەو بـەس، بـەڵکو وەك خواپەرسـتیەکی رۆحـیو لایـەنێکی پاڵنـەرو دوانـدنێکی ئیسلاّحخوازی پەیامێکی هەستیارو گرنگە، لە ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ کارو گوفتارو رەفتاری چاکەو، دوورخستنەوەیان لەهەموو ئاکارە خراپەکانەوە.

بۆیـە دەبـێ وتاربێـژ هـەوڵی بـەواقع کردنـی ئامانجـەکانی ئـەو وتـارە بـداتو، لەسەروو هەمووشیەوە بزانێ رەزامەندی خوا لە رەزامەندی خەڵك گەورەترە.

**خاوەنی ئیمتیاز**

# پەیامی زانایان

ژمارە ( ٨٥ )
شــــــەوال / ١٤٣٣
گـــــەلاوێژ/ ٢٧١٢
ئــەیلـــول/ ٢٠١٢

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز
**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
**مەلا جەعفەر گوانی**
cefergwani@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

راوێژکارانی فەتوا
**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**
**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**
**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران
**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**
**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**
**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین
**مەلا تەیب زیارەتی**
**مەلا ئەمیر گەردی**

فۆتۆ
**تەها شەمسەدین**

## پیرۆزبایی

بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٤٢ مین ساڵ بە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی دەکەین و خوازیاری ئەوەین ئەو یادە ببێتە دەروازەیەکی تری سەروەریەکانی مامۆستایانی ئایینی و بەرەو پێشەوە بردنی پتری هەستی ئاینپەروەری و نەتەوەپەروەری، بۆ ئەوەی وەك چۆن لە تێکڕای قۆناغەکان زانایان پێشەنگ بوون و، لە گەڵ خۆشی و نەخۆشیەکانی میللەتی خۆیان، بەهەمان شێوە لەو قۆناغەشدا درێژە بە خزمەتەکانیان بدەن.

هەمووان دەزانین کار کردن بۆ خزمەتی ئیسلام و کیانی کوردی و پتەوکردنی یەکریزی نێو ماڵی کورد، زامنی کوردستانێکی ئارام و هێزی بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانە، بۆیە دەبێ زانایان لەو بوارەوە رۆڵ ببینن و، ماندوونەناسانە لە پێناو ئامانجە رەوایەکانی میللەتی کورد پێشەنگی کاروانەکە بکەن.

جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەموو لایەك دەکەین و لەخوای گورەش دەپاڕێینەوە ئەو یادە و یادەکانی تریش بەخێرو بەختەوەری بۆ تەواوی زانایانمان بگەڕێتەوە.

ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# دەربارەی فیلمی سوكایەتیكردن بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) یەكێتی زانایان بەیاننامەیەك دەردەكات

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**(وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**

لەیادی ١١ سێپتێمبەری رووداوەكانی ئەمریكا، كۆمەڵێك كەسی نامەسئول لەوڵاتەكانی ئەمریكا هەڵستاون بە دەركردنی فیلمێك، لەم رۆژەدا بڵاویان كردۆتەوە، تێیدا داوا دەكەن پێغەمبەری ئیسلام دادگایی بكرێت.

ئێمە لەیەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان بە بیستنی ئەم هەواڵە دنیایەك نیگەران بووین، سەرمان سوڕما لەو تێڕوانینە نامەسئولانە دوور لە هەموو بنەما ئەخلاقییەكان، چونكە هەموو كەسێكی خوێندەوار دەزانێت پێغەمبەری ئیسلام هەمیشە هەڵگری پەیامی ئاشتیو پێكەوەژیان بووە، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامیش ئەم پێكەوەژیانە بەردەوام بووە.

بۆیە بەتوندی ئیدانەی ئەم كارە قێزەونە دەكەینو، پێویستە وڵاتانی رۆژئاواش چیدیكە بەناوی ئازادی رادەربڕینەوە، رێگەنەدەن كەسانێكی نەفس نزمو دوور لە هەستكردن بە بەرپرسیارێتی بەم جۆرە كارانە هەڵستن، چونكە ئەم كارانە وێرای ئەوەی دڵی موسڵمانان بریندار دەكات، كە پێغەمبەری خۆشەویستمان لە هەموو كەسو كارمان خۆشتر دەوێت، لەهەمان كاتدا تۆوی رقو كینە پتر بڵاودەكەنەوەو، رۆحی خۆشەویستیو پێكەوەژیان لاواز دەكەن. هەروەك دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگانەی داوای راگرتنی ئەم فیلمە دەكەنو، دەیانەوێت چیدیكە رێگە نەدرێت بە هەر بیانوویەكەوە سوكایەتی بە پیرۆزییەكان نەكرێت.

هەر لێرەشەوە داواكارین موسڵمانان پارێزگاری لەهەڵوێستی ئاشتیانەو شەرعیانەی خۆیان بكەنو، تووشی جۆرە هەڵوێستێك نەبن، زیانی پتر بێت، كە لەسنووری دروستی خۆی نەبێت یان كەسانێكی بێ تاوان بكرێنە قوربانی، باشترین وەڵامیش نزیكبوونەوەی زیاترو پابەندبوونو شارەزابوونو كاركردنی زیاترە بۆ خزمەتی پەیامی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، لەسەر هەموو ئاستەكانی خواپەرستیو رۆشنبیریو خوێندنەوەو خۆشارەزاكردنو نووسینو هونەریو بانگەوازیكردن.

**مەكتەبی تەنفیزی**

**یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان**

**٢٠١٢/٩/١٢**

# دەرهێنەری فیلمەكەی دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت ئەكتەرەكانی چەواشەكردووە



بەپێی چەند راپۆرتێك، كە لە رۆژنامەو گۆڤارە رۆژئاواییەكان بڵاوكراونەتەوە، ئەلعەرەبیە كۆیكردوونەتەوە، دەركەوتووە دەرهێنەری فیلمەكە، كە كەسێكی ئیسرائیلی ئەمەریكییە بەناوی (سام باسیل) زیاتر لە ٨٠ كەسی بەشداربووی فیلمەكە نەیانناسیوە، هەربۆیە روونكردنەوەیەكیان بڵاوكردۆتەوە، تێیدا روونی دەكەنەوە، كە دەرهێنەرەكە دوای تەواوبوونی فیلمەكە چەواشەی كردوونەوە، بە دۆبلاژ ناوەڕۆكی فیلمەكەی شێواندووە. بۆیە رایدەگەیەنن، كە ئەوان تووڕەنەو، (١٠٠٪) لە پشتەوەی ئەم فیلمە نینە، ئەوەش بەهۆی ئەو دەستكاریو درۆیانەی بۆیان زیاد كردووە، هەر لە راپۆرتەكاندا هاتووە، كە چەند قیبتییەكی میسری بەشداری فیلمەكەیان كردووە، هەر ئەوەش بوو میسرییەكانیان زۆر تووڕە كرد، هەروەك تۆری جۆزێ ئەو قەشەیەی قورئانی پیرۆزی سووتاند، پەیوەندی بە دەرهێنەری فیلمەكە كردووە، تا دوعای بۆ بكاتو، پشتیوانی بكات لە بڵاوكردنەوەی فیلمەكە.

ئەكتەرەكان باس لەوە دەكەن، كە ئەم فیلمە كاتێك دەرهێنراوە، بەهیچ شێوەیەك باسی (محمد)ی تێدا نەبووە، بەڵكو باسی چیرۆكێكی بیابان بووە، كە پتر لە ٢٠٠٠ ساڵ روویداوە، بەڵام دەرهێنەرەكە شێواندوویەتی.

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عەمرە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەكێتی زانایان خولێكی ڕۆشنبیری بۆ مورشیدانی حەجی ئەمساڵ دەكاتەوە



ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/٩/٣ لە مەڕاسمێكدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان كامیل حاجی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینیو، مامۆستا مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان و، شێخ صلاح نەقشەبەندی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە، خولێكی ڕۆشنبیری ئایینی تایبەت بە حەجو مەناسیكەكانی بۆ مامۆستایانی مورشیدی حەجی ئەمساڵی ١٤٣٣ كرایەوە ، كە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عەمرەی هەرێم، بە هەماهەنگی لەگەڵ یەكێتی زانایان سازیكردووە.

ئەمەو لە مەراسیمی دەسپێكی خولكەدا، هەریەك لە بەڕێزان وەزیری ئەوقافو سەرۆكی یەكێتی زانایان تیشكیان خستە سەر گرنگی و پێویستی مامۆستایانی ئایینی لە بەرێوەچوونو چۆنیەتی ڕێنموونی كردنی حاجیان و، پیشكەشكردنی ڕێنمایی شەرعی و پێویست لە كاتی بە جێهێنانی ئەرك و واجباتەكانی حەج.

شایانی باسە: ئەم خولە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێتو، تیایدا ٦٠ مامۆستای ئایینی كە وەك ڕێبەری حەجی ئەم ساڵ ناویان دەرچووە، لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان بەشداری تێدا دەكەن.

# كونسولی ئەمریكا سەردانی یەكێتی زانایان دەكات





دوای بڵاوبوونەوەی فیلمێك كە لە ئەمریكا بەرهەمهێندراوە، نارەزاییەكی توندی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی لێكەوتەوە، كە دواجار لە چەند وڵاتێكی ئیسلامی توندوتیژیشی لێكەوتەوە، كە یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستانیش بەیاننامەیەكی بەهەمان بۆنەوە دەركرد، ڕۆژی ٢٠١٢/٩/١٣ بەڕێز كونسوڵی ئەمریكا لە هەولێر سەردانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستانی كرد، تا پەیامی خۆی بگەیەنێتە زانایانی ئایینی ئیسلامیو لەرێگەی ئەوانیشەوە بۆ تەواوی موسڵمانانی كوردستان، لەكۆبوونەوەیەكی هاوبەش لەگەڵ سەرۆكی زانایانو ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی، ئیدانەی ئەو سوكایەتییانە كرا، كە كەسانێكی نا مەسئول بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلامییان ئەنجام داوە، كە ئەمە دەبێتە هەڕەشەیەكی ڕاستەوخۆ بۆ سەر پێكەوەژیانی ئایینی لەسەرتاسەری جیهان، ئەمەش كارێكی نەخوازراوە بۆ ڕاگرتنی سەقامگیری ئاشتی لە جیهاندا.

كونسولگەری ئەمریكا ڕایگەیاند، كە حكومەتو گەلی ئەمریكا لەگەڵ ئەم جۆرە كارانە دانینەو، ئەوە كارێكە لەسەر ئاستی تاك دایەو، ئەوان پشتگیری لە ڕۆحی پێكەوەژیانو ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزەكان دەكەن، بۆیە ئیدانەی سوكایەتیكردن بە هەموو پیرۆزییەكانو بە پێغەمبەری ئیسلام دەكەن، گووتی: سەرۆك ئۆباماو كلینتۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا گووتیان ئەم فیلمە بەڕاستی قێزەونە، هەروەك ئیدانەی ئەو توندوتیژیانەشی كرد، كە لەچەند وڵاتێك بەرامبەر باڵیۆزخانەكانی ئەمریكا كراوە، بەتایبەتی ئەوەی لە لیبیا ڕوویداو، باڵیۆزی ئەمریكاو چەند كەسێكی دیكە تێیدا بوونە قوربانی.

لەلای خۆیەوە مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان تەئكیدی لەسەر ناوەڕۆكی بەیاننامەكەی یەكێتی زانایان كردەوە، كە بەتوندی ئیدانەی ئەم كارە دەكەنو، داواش دەكەن تاوانباران بدرێنە دادگاو، چیدیكە لە پەنای ئازادی ڕادەربڕینەوە، زنجیرەیەك فیلمو كاریكاتێری سوكایەتی بەرامبەر ئیسلامو پێغەمبەری ئیسلام ئەنجام دراوە، ئەوەش كارێكە موسڵمانان ناتوانن لەبەرامبەری بێدەنگ بن، چونكە پێغەمبەر خۆشەویسترین كەسمانە، بۆیە ئێستا ئێمەی موسڵمانان بەڕاستی دڵمان بریندارەو بۆ ئێمە ئەم حاڵەتە وەكو پرسەیەكی گەورە وایە. هەروەك ئەم كارە بوختانێكی زەقیشە بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام، كە دارێژەری بناغەی پێكەوەژیان بوو، بۆیە ئەم كارەی ئەوانە ئەنجامیان داوە بە دەرە لە هەموو پێوەرێكی ئەخلاقیو پێویستە بدرێنە دادگاوە، لەهەمان كاتیشدا بە هیچ شێوەیەك نابێ موسڵمانان لەكاتی پەرچەكرداردا كارێك بكەن، كە لەسنووری شەرع بچێتە دەرو كەسانی بێتاوان تێیدا بكرێنە قوربانی، یان هێرشو دەستدرێژی سەر بارەگا دپلۆماسییەكان بكرێت.

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوە

سڵاوی خواتان لەسەر بێ و ڕەحمەت و پیت و بەرەکەتتان بەسەرا بباریێ.

من شانازی ئەکەم بەوەوە کە لەناوتانا بم و یەکێك بم لێتان، هەمووман ئەرکی سەرشانی خۆمان جێ بەجێ بکەین و تەقەلا بدەین بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پاکی ئیسلام، چونکە هەموومان فەرمانمان پێ دراوە بەمە و پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ فەرمویەتی: هەمووتان سەرپەرشتی کەری یەکترن و هەمووتان لێ پرسراون دەربارەی ئەو خەڵکەی سەرپەرشتیان ئەکەن. کەواتە ئەبێ ئەم ئەمانەتەی لە ئەستۆماندایە جێ بەجێی بکەین بەو پەڕی توندی و دڵسۆزیەوە و دووبەرەکی نەکەوێتە نێوانمان، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: هەمووتان دەس بگرن بە ئایینی ئیسلامەوە و پارچە پارچە مەبن.

ئەبێ ئەوەش بزانین جگە لە کرداری خۆمان هیچ سودی نیە بۆمان، چونکە خوا فەموویەتی: بنیادەم جگە لە بەرهەمی تەقەلای خۆی هیچی دەسگیر نابێ.

لە دوایی وتەکەمدا هیوام وایە کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێ بۆ خزمەتی گەلی عێراق و تێکرای جیهانی ئیسلامەتی و ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

سڵاوی خواتان لێ بێ.

**ئەمە دەقی وتارەکەی سەرکردەی ئاینپەروەرو نەتەوەپەروەر مەلا مستەفای بارزانیە، کە لەیەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایان لە گەلاڵەی باڵەکایەتی پێشەکەشی کرد ٢١ / ٩ / ١٩٧٠**




## وێنەی پۆلێك شەهیدی یەکێتی زانایان

## یەکێتی زانایان لەسەر ڕێبازێکی ڕەسەن دامەزراوەو بۆ ئامانجێکی گەورە تێ دەکۆشێ

# بەرهەمە چاپکراوەکانی یەکێتی زانایان

ئەوەی هەست دەکرێ‌و جێگەی ئاماژە پێدانە، خزمەتی یەکێتی زانایانە لە ڕووی ڕاگەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی مامۆستایانی ئایینی بۆ گەیاندنی خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگەی کوردی‌و خوێنەرانی بواری ڕۆشنبیری ئایینیەوە.

لە ماوەی دووساڵی ڕابردوو یەکێتی زانایانی توانیویەتی ١٨ پەرتوك بە قەبارەی جۆراوجۆرو بە تێراژی ١٠٠٠ دانەیی بۆ هەر کتابێك‌و لە تێکڕای بوارەکانی پەیوەست بە شەریعەتی ئیسلامەوە بە چاپ بگەیەنێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گرنگە لە گەیاندن‌و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئایینیەوە. لەهەمان کاتیش هەوڵێکی بەردەوامو پاڵپشت‌و هاندەرێکی دیاری یەکێتی زانایانە بۆ مامۆستایانی خاوەن قەلەم، تا زیاتر پەرە بە بواری نووسین‌و لێکۆڵینەوەی زانستی‌و توێژینەوەی پرسە هەنووکەییەکان‌و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ زانستە شەرعیەکان بکەن.

ئەو هەنگاوە یەکجار پیرۆزە، چونکە لە پیشەیی بوونی ئەو ڕێکخراوە زیاد دەکات‌و هاندەرێکە بۆ زیاتر گێڕانەوەی مامۆستایانی ئایینی بۆ بواری نوسین‌و قوڵبوونەوە بە سەرچاوە زانستی‌و مێژوویی‌و فیقهی‌و شەرعیەکاندا.

ئەو بەرهەمە چاپکراوانە لە بوارەکانی( تەزکیە، ئابووری ئیسلامی، مێژوو، فیقهـ، ئەخلاق، دیاردەی نارێك، فەتوا، لۆژیك، ئیعجاز، سیرە، نەتەوایەتی، ئەنفال، نەورۆز...هتد)، خۆیان دەبیننەوە، کە هەر یەکە لەو بەرهەمو بڵاوکردنەوانە گرنگی‌و بایەخی خۆی هەیەو، سەرجمیشیان هەنگاوێکی گرنگن بۆ دەوڵەمەند بوونی کتێبخانەی کوردی‌و بڵاوبوونەوەی زانستەکانی شەرعی بە زمانی شیرینی کوردیەوە.

| ز | ناوی پەرتوك | ناوی دانەر |
|---|---|---|
| ١. | تا ماوەت ماوە تۆی لێ دوور کەوە | د. بکر سید غەریب |
| ٢. | تغییر قیمة النقود وأثره علی الدیون | د. کمال صادق یاسین |
| ٣. | پێشان و ئێستا | مەلا موسلم فریزی |
| ٤. | خۆجوانکردن لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز | عبدالرحمن غەزەل |
| ٥. | دیاردەی خۆکوشتن | مەلا یونس باویانی |
| ٦. | ڕێگای بێگەرد | مەلا محمد وەرتی |
| ٧. | ڕێگای ڕاست | مەلا محمد وەرتی |
| ٨. | شفاء الصدور من شبه الصلاة عند القبور | مەلا عومەری سوێری |
| ٩. | گواستنەوە و چاندنی ئەندامەکانی لەش | رفیق کەرەم ستونی |
| ١٠. | کاتێك عەقل دێتە دوان | عبدالرقیب روستایی |
| ١١. | لە بەهاری ئیعجازەکان دا | عبدالمجید هریری |
| ١٢. | لە پێشوازی پێغەمبەردا | مەلا صالح باتاسی |
| ١٣. | محمد(د.خ) خۆشەویستی خۆشەویستان | د. بکر سید غەریب |
| ١٤. | نەتەوایەتی ونیشتمان پەروەری لە تێروانینی ئیسلامدا | ملا عبدالله ملا سعید |
| ١٥. | نەورۆز... لە مێژووی ئیسلامەوە | عبدالرحمن صدیق |
| ١٦. | یادی مەولودی پێغەمبەر محمد (د.خ ) | مەلا عومەر سوێری |
| ١٧. | یەکەمەکان لە ژیاننامەی پێغەمبەر محمد(د.خ)و هاوەڵە بەرێزەکان | مەلا مسلم فریزی |
| ١٨. | ئەنفال... لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە | عبدالرحمن صدیق |

# یەکێتی زانایان بەردەوام دەبێ لەسەر ڕێبازی زانایانی سەربەرزی گەلەکەمان



سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## هەوڵی بەردەوام دەدەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانەی یەکێتی زانایان لە پێناوی دامەزراوە

لەدوای کۆنگرەی پێنجەمەوە یەکێتی زانایان بە شێوەیەکی چڕو پڕ کاری کردووە، بۆ ئەوەی لە ئاست ئامانجەکانی دابێتو بتوانێ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو زانایانی ئایینیو کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی بکات.

تا ئێستا ئەو یەکێتیە خاوەنی چەندین دەسکەوتی گرنگەو، بگرە هەنگاوی زۆرو گرنگیشی ناوە بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ئەو دەزگا ڕێکخراوەییەی، کە پێی دەگوترێ (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان)، کە تاکە ڕێکخراوە نوێنەرایەتی زانایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەکاتو بەو پەڕی هەوڵو کۆششەوە هەنگاو دەنێت.

ئەگەر سەیرێکی رابردووی ئەو ڕێکخراوە بکەین، ئەوە بە درێژایی تەمەنی هەوڵی ئەوەی داوە بوژانەوەو بەرەو پێشبردنێك لەناو زانایان درست بکات، بەهەمان شێوە لەو قوناغەی ئێستاشیدا لەهەوڵی بەردەوام دایە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە شێوەیەك لە ئاست هەرسێ لایەنی ئایینپەروەریو نەتەوەپەروەریو پیشەیی خۆیدا کەمتەر خەم نەبێو، وەك هەست کردن بە بەرپرسیارێتی دیفاع لە مافی زانایانی ئایینی بکات.

بۆ قسەکردن لەسەر هەندێ پرسو بابەتی مەعنیو ولآمی هەندێ لەو پرسانەی لەناو زانایانو دەرەوەی زانایان دروست بوونە، بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بکەینو لەو راپۆرتە بیخەینە بەردەمی ئێوەی خوێنەرەوە:

**دیمانە : مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

# وەك هەمیشە زانایان پارێزەری راستەقینەی پیرۆزیەكانی گەلەكەمان

## تائێستا بە نووسراوی فەرمی پێنج جار داوای پێدانی دەرماڵەو زەویمان كردووە كەچی حكومەت وەڵامی نەداوەتەوە

+ سەرەتا دەمەوێ بپرسم پەیامی بەرێزتان بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەكێتی زانایان چیەو خوێندنەوەتان بۆ ئێستای ئەو یەكێتیە چۆنە؟

بەر لەهەر شتێك بە بۆنەی ٤٢ ساڵەی دامەزراندنی یەكێتی زانایان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی دەكەمو هیوام وایە ئەو یادە ببێتە هاندەرێك بۆ زیاتر هەنگاونان بۆ بەرەو پێش بردنی یەكێتی زانایانو خزمەتی مامۆستایانی ئایینی.

دیارە یەكێتی زانایان لە ساڵی ١٩٧٠ لە گەلاڵە، لەسەر دەستی كۆمەڵە زانایەكی دڵسۆزو بە پاڵپشتی مەلا مستەفای بارزانی لە پێناو ئامانجگەلێك دامەزرا، وای كرد ببێتە هەوێنی لێك نزیكبوونەوەی زانایانو كۆكردنەوەیان لەژێر یەك چەتردا، بۆ ئەوەی بتواندرێ لە شێوەی كاری رێكخراوەیی وزەو توانای زانایان لە تەواوی كوردستان كۆبكرێتەوەو لە خزمەتی گشتیو لە پێناو برەودان بە هەستی ئاینپەروەریو نیشتمانپەروەری خەرج بكرێتەوە.

ئەو رێكخراوە بە درێژایی تەمەنی خزمەتێكی زۆری بە مامۆستایانی ئایینیو مزگەوتو تەدریسو حوجرەو تەنانەت بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی رۆشنبیری لەو هەرێمە كردووە، هەمیشەش وەك داكۆكیكارێكی دڵسۆز بۆ خاكو نەتەوەی كوردی موسڵمان.

ئێستاش ئەو رێكخراوە بە هاوكاریو پشتیوانی سەرجەم زانایان لەسەر پێ وەستاوەو بەهەمان نەفەسی جاران، ئامانجیەتی خزمەتێكی گەورە بە موسڵمانانو خاكو وڵاتو بەتایبەتیش زانایانی ئایینی بكات، كە لەو بوارەشەوە هەنگاوی زۆری ناوە، هەمیشە هەوڵی ئەو یەكێتیە بۆ ئەوەیە، كە چۆن بتوانێ زۆرترین خزمەت بە زانایانو ئەزمونی هەرێمی كوردستانو كاری رێكخراوەییو دروست كردنی پەیوەندیو چارەسەركردنی كێشەكانو بەرقەرار كردنی ئاشتی بۆ كوردستانو بەرەنگار بوونەوەی هەموو ئەو پیلانو هێرشو دەستانەی دەیانەوێ كیانی كوردی بەرەو ئاقارێكی خراپو ئاڵۆز ببەن.

+ لە دوای كۆنگرەی پێنجەمەوە تا چەند توانیوتانە ئامانجەكانی ئەو یەكێتیە بێننە دی؟

_ بێگومان لەدوای كۆنگرەی پێنجەمەوە یەكێتی زانایان وێڕای بەرفراوان بوونی مەودای كاروچالاكی، بەڵام بە ئەندازەی قەبارەو توانای خۆی هەنگاوی ناوەو لە پێناو ئەو ئامانجانەی لە پێناوی دامەزراوە كار دەكات.

ئێمە لە یەكێتی زانایان بە هاوكاری ستافی ئێستاو مامۆستایانی ئایینی توانیومانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووین، كە زۆرترین خزمەت بە مامۆستایانی ئایینی بكەینو بە هەوڵو كۆششێكی زۆرەوە بایەخ بە كێشەو گرفتەكانی زانایان بدەین، زۆرێك لە ئامانجەكانمان هێناوەتە دیو هێشتاش زۆری ماوە، چونكە كاری رێكخراوەییو گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزە كۆتایی نایێتو دەبێ بەردەوام كاری لە پێناو ئەنجام بدرێت.

ئێمە بە نەفەسێكی درێژو سینگ فراوانی زۆرەوە دەمانەوێ خزمەت بكەین، بەڵام نە خزمەتەكان لەئاست تموحی ئێمەن بۆ مامۆستایانی ئایینی، نە هەندێ شتیش لەتوانای ئێمەدایە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامیان بدەین.

+ دەكرێ بزانین ئەو كارانەی كردووتانە یان ئەو هەنگاوانەی ناوتانە چین؟

_ بەڵی بۆ نا، ئێمە وەك رێكخراوێكی پیشەیی بەردەوام چالاكیمان هەبووە، بەردەوامیش لە ئاست ئەو ئەركی پێمان سپێردراوە لەسەر خەت بووینو تا ئێستاش خزمەتی زۆرمان كردووە، ئەگەرچی وەك باسم كرد هێشتا هەنگاوەكان لە ئاست تموحی ئێمە نین، چونكە بەلای ئێمە زانایانی ئایینی كاریگەرترین توێژی ناو كۆمەڵگەنو شیاوی هەموو خزمەتێكن، ناشكرێ بە هیچ شێوەیەك پەراوێز بخرێن.

لە رووی راگەیاندنەوە یەكێتی زانایان توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت، بۆ ئەو مەبەستەش یەكێتی زانایان ئێستا خاوەنی سایتێكی تایبەت بەخۆیەتیو دەتوانم بڵێم بۆتە سەرچاوەیەكی گرنگ لەناو سایتە كوردیەكان بەتایبەت بۆ پرسە ئایینیو شەرعیەكانو گەیاندنی پەیامی زانایانو فەتواو بڵاوكردنەوەی لێكۆڵینەوەی زانستیو بەهەردوو زمانی كوردیو عەرەبی شتی لێ بڵاو دەكرێتەوە، هەروەها رادیۆیەكی تایبەتمان هەیە، كە پەخشەكەی پارێزگاری هەولێر بە تەواوەتیو بەشێكی هەردوو پارێزگای دهۆكو سلێمانی دەگرێتەوەو لە بەرنامەماندایە لە ئایندەیەكی نزیك بیكەیەكی رادیۆیەكی سەرتاسەری لە هەرێمی كوردستان.

لە دوای كۆنگرەوە بە بەردەوامی گۆڤارێكی ئایینی رۆشنبیریمان دەركردووەو بە هەردوو بەشی كوردیو عەرەبیو، كە وەك زمانحاڵی ئەو یەكێتیە بۆتە پردێكی باشی بڵاكردنەوەی وزەو پەیامی زانایانو پێكەوە بەستنەوەی تەواوی مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی كوردستان، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام كار بۆ بەهێزكردنی لایەنی رۆشنبیری زانایانو بەرەو پێش بردنی مێژووی پڕ شكۆیان كار دەكات.

توانیومانە تا ئێستا ١٨ پەرتوكو لێكۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جیا جیاكانەوە بە چاپ بگەیەنین، كە بە تیراژو قەبارەی جۆراوجۆرەوەو بە بێ بەرامبەر بڵاومان كردونەتەوە.

زیندوكردنەوی بۆنەو یادە ئایینیو نەتەوەییەكانو بۆ ئەو مەبەستەش دەركردنو نوسینو بڵاوكردنەوەی سەدان پۆستەرو لافیتەو نامیلكەی تایبەت بە بۆنەو یادەكانەوە.

بەردەوام خولی رۆشنبیریو راهێنانو دیالۆگمان كردۆتەوە، كە زۆربەیان خۆیان لە

**داوامان وایە بروانامەی ئەو مامۆستایانەی هەڵگری ماستەرو دكتۆراو پیشەی پێشنوێژو وتارخوێنی دەكەن بە خزمەتی زانكۆیی بۆیان هەژمار بكرێت**

# چەکی دەستی زانایان قەڵەمەو هەر بە نووسین و وتەی شیرینەوە دەدوێن

کۆڕو سیمیناری گرنگو هەستیارو پەیوەست بە واقعی ئێستاوە دەبیننەوەو بونەتە جێگەی خۆشحاڵی زانایانی ئایینی.

لە رووی پەیوەندیەکانەوە، وەك یەکێتی زانایان پەیوەندی زۆرو باشمان دروست کردووە، لە سەر ئاستی عێراق پەیوەندی دۆستانەو باشمان لەگەڵ برایانی وەقفی سوونە لە عێراقو مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان هەیەو لەگەڵ چەندین دەزگاو ناوەندو سەنتەری پەیوەستو لەناو هەرێمو خوارەی عێراق پەیەندی باشمان درست کردووە.

لەسەر ئاستی دەرەوەش توانیومانە لەگەڵ وڵاتی میسرو مەشیخەی ئەزهەرو لوبنانو ئێرانو ئوردنو چەندین ناوەندی ئەکادیمیو زانستی پەیوەندی دروست بکەین.

توانیومان لە رێی ئەو پەیوەندیانەوە بواری سەفەرو گەشتی زانستیو خولی رۆشنبیری لە وڵاتانی دەرەوە بۆ زانایانی ئایینی برەخسێنین، بۆ نمونە گەشتێك بۆ وڵاتی ئێران بەمەبەستی دیالۆگو دروست کردنی پەیوەندیو وەرگرتنی ئەزمون کە ٣٠ مامۆستای ئایینی بەژدار بوون، گەشتێك بۆ وڵاتی تورکیا، کردنەوەی خولێکی رۆشنبیری یەك مانگە بۆ ٣٠ زانای ئایینی لە وڵاتی میسر، کە مانگی ٥ی ئەمساڵ ئەنجام درا، وە ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ خولی دووەم کە ئەویشیان ٣٠ مامۆستای ئایینیەو بەو نزیکانە دەچن.

لەلایەکی ترەوە توانیومانە کۆمەکی زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی بکەینو لە کاتی پێویست ئاوڕیان لێ بدینەوە.

**+ پەیوەندیتان لەگەڵ حکومەتو لایەنەکان چۆنەو تا چەند بە پیر داواکانتانەوە دێن؟**

ـ بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم پەیوەندیەکانمان لە ئاستێکی باش دان لەگەڵ داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمو، تەنانەت لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانیش بە

## مامۆستایانی ئایینی لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگەنو هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتین

## جاری وا هەیە موعارەزە کێشەمان بۆ دروست دەکاتو هیچ حیساب بۆ پێشنیارەکا نمان ناکات

دەستەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

بەڵام بەداخەوە گلەیی ئەوەمان هەیە، کە هەندێ جار حکومەت پێشنیارەکانمان پەراوێز دەخاتو بە هەند وەریان ناگرێت، گازندەمان زۆرە لە حکومەت لەسەر دابین نەکردنی دەرماڵە بۆ زانایانی ئایینی، کە تا ئێستا ٥ جار بە نووسراوی فەرمیو لە رێی دیدارو چاوپێکەوتنیشەوە داوامان کردوە بۆ باشتر کردنی بژێوی ژیان مووچەی مامۆستایانی ئایینی زیاد بکرێو ئەوانەی زەویان وەرنەگرتووە زەویان پێ بدرێت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ جێبەجێ نەکراوەو حکومەت پشت گوێی خستووە، چونکە کەمترین مووچە لە کوردستان مووچەی زانایانی ئاینیە، زانایانی ئاینی هیچیان لە خەڵکی دی کەمتر نیە، بۆ دەرماڵەیان بۆ زیاد ناکرێت، هیواداریین چیتر حکومەت لە ئاست ئەم مەسەلەیە بێ دەنگ نەبێت..

پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف باشە، بەڵام هەندێ جار ئەوان وەك پێویست هاوکار نین لەگەڵمان، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم بەرێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف هەماهەنگی زیاتر دەنوێنن، کە ئەمە جێگەی دەستخۆشیە.

لەگەڵ رێکخراو و سەنتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندی باشمان هەیەو لە کاتی پێویستو پرسە پەیوەستەکانەوە هاوکارن لەگەڵمان.

دەزگاکانی راگەیاندنو تیڤیەکان بەداخەوە پێم باشە لێرەوە ئەو گلەییان لێ بکەم، کە وەك پێویست هاوکار نینو بە شێوەیەکی گشتیش کەمتەر بۆنەو یادە ئایینیەکان دەگوازنەوە، کە پێویست وایە ئەوان لەبەر هەستی دیندارانەی موسڵمانانی کوردستان حیساب بۆ ئەو لایەنە بکەنو بایەخ بە پرسە دینیەکان بدەن.

لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانیش پەیوەندی باشمان هەیەو کۆبونەوەو هاوکاریو هەماهەنگی باشمان هەیە، زۆرجار هەردوولا دەستەڵاتو ئۆپۆزسیۆن گوێیان لێ راگرتووینو داخوازی ئێمەیان بەهەند وەرگرتووە، بەڵام ئەوەش ناشارمەوە کە جاری وا هەیە موعارەزە کێشەمان بۆ دروست دەکاتو هیچ حیساب بۆ پێشنیارو پرۆژەکانمان ناکاتو، جاری واش هەیە هەردوو حزبی دەستەڵات کێشەیان بۆ دروست کردووینو بە پیر داخوازی ئێمەوە نەهاتوون.

**+ مامۆستایانی ئایینی بەشێکی گرنگن لە ناو کۆمەڵگە بۆ دەبێ حکومەت پشت گوێیان بخات؟**

ـ راستە مامۆستایانی ئایینی خەمخۆری دینو وڵاتن، هەر لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کاریگەرترین توێژ لەناو کۆمەڵگە مامۆساتایانی ئایینین، بۆیەش دەبێ خاوەن پێگەیەکی جەماوەرینو زۆرینەی خەڵك کاریگەرە بە رێنماییو ئامۆژگاریو قسەکانی مامۆستایانی ئایینیو زۆرترین پشتگیری جەماوەریش لەپشت مامۆستایانی ئایینیەوەیە.

مامۆستایانی ئایینی وەنەبێ تەنها خەمی خۆیان خواردبێ، بەڵکو هەمیشە لایەنێکی بەهێز بوونە لە دروست کردنی چاکسازی کۆمەڵایەتیو بنەبڕکردنی کێشەو ئاریشەکان، تەنانەت لایەنێکی هاوکارن **لە دابین کردنی** ئەمنو ئاسایشی وڵاتو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە پاراستنی دەستکەوت نەتەوەییەکانو بەرەنگاربوونەوەی دەستە رەوشەکانو تیرۆرو تیرۆرستان.

ئاخر بەلای منیشەوە جێگەی سەرسوڕمانە هەندێ جار حکومەت زانایان پەراوێز دەخاتو داواکاریەکانیان پشت گوێ دەخات.

ناکرێ حکومەت بە شێوەی سۆزو لەبەر ئەمو ئەو کاریگەرترین توێژ لەناو کۆمەڵگە پەراوێز بخات، چونکە ئەوە بە خاڵێکی

## دەزگاکانی راگەیاندنو تیڤیەکان وەك پێویست هاوکار نین

# بۆ ئەوەی لە پێشەنگی دانەبڕێین یەکگرتن باشترین زامنە

سەلبی دادەندرێتو ناکرێت حیساب بۆ مێژوو ئێستا زانایانی ئایینی نەکرێت.

بۆیە من خوازیارم حکومەت هەمیشە ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە مامۆستایانی ئایینی لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگەن و هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتین، پەراوێز کردنی مامۆستایانی ئایینی پەراوێزخستنی بەشە سەرەکیەکەی کۆمەڵگەیە.

## زانایانی ئایینی مەسەلەی سوکایەتی کردن بە پیرۆزییەکان بە زەنگێکی مەترسی دەزانن بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی کوردستان

+ زۆرجار زانایانی ئایینی ئیحراج دەکرێن بەهۆی بێ ڕێزی هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤار بەرامبەر ئیسلامو موسڵمان بۆ ئەو پرسە چ دەڵێن؟

_ ڕاستە، بەداخەوە مەسەلەی سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکان، هەندێ جار لەلایەن هەندێ کەسو ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاودەکرێتەوە، بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەوە بکەن، کە کوردستان زۆرینە موسڵمانەو پێویستی بە ڕاگرتنی شعوری دینداری خەڵك هەیە، ئەو سوکایەتی نواندە جێگەی نیگەرانی تەواوی خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی زانایانی ئایینیە، چونکە زانایانی ئایینی ئەو جۆرە هەنگاوانە بە زەنگی مەترسی دەزانن بۆ سەر ئەمنو ئارامی کوردستانو لایەنە دینداریەکەی خەڵکی ئەو هەرێمە، بۆیە ئێمە وەکو یەکێتی زانایان ڕێگە نادەین بە هیچ شێوەیەك سوکایەتی بە ئیسلامو پیرۆزیەکان بکرێتو، لەگەڵ ئەوەش داوامان وایە یاسای پاراستنی پیرۆزیەکان پەسند بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگری لە سوکایەتیەکان بگیرێو نارامی لەناو خەڵکە موسڵمانەکەی کوردستان دروست نەبێ.

+ بەرنامەی کاری داهاتووتان چی دەبێت؟

_ بەرنامەمان هەوڵدانە بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی یەکێتی زانایانو باشتر کردنی وەزعو ژیانی مامۆسایانی ئایینی، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی واقعیو کردەیی خزمەتی زانایانی بەقەدری ئایینی لەو هەرێمە بکەین، هەوڵ دەدەین بەردەوام پەیوەندی نێوان زانایان پەیوەندیەکی باشو تەندروستو لەبار بێت، بۆ خزمەت کردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو کیانی نەتەوەییو گەیشتن بە مافو دروست کردنی ڕۆحی ئایینپەروەریو نەتەوەپەروەریو پەروەردەکردنی تاکی کورد لەسەر ئەو هزرە.

بەردەوام هەوڵی بەجێگەیانی ئەو ئامانجانە دەدەین، کە یەکێتی زانایان لە پێناوی دروست بووەو لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، بەردەوام دەبین لەسەر ئەو سیاسەتەی کە یەکێتی زانایان وەك ڕێکخراو دەباتە پێشەوەو بە هەنگاوی تازەو دەسکەوتی مەعریفی زیانایان سوودمەند دەکات.

هەوڵی بەرفراوان کردنی پەیوەندیەکانی ئەو ڕێکخراوە دەدین، لەگەڵ حکومەتو لایەنە پەیوەندارەکانو وڵاتانی دەرەوەو ڕێکخراو و سەنتەرە جیهانیەکان، بۆ ئەوەی بتوانین هەردوو هەستی ئایینیو نەتەوەیی بە دەرەوە بناسێنین.

خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە وەدەنگ هات لەسەر هەر مامۆستایەکی ئایینی کە ڕووبەڕووی گرفتو کێشە بێتەوە، یاخود غەدری لێ بکرێ، چونکە ئەو ڕێکخراوە بۆ داکۆکی کردنی مافی زانایانو دیفاع کردن لێیان هاتۆتە کایەوە، بەردەوامیش هەوڵی ئەوە دەدەین، کە بە هەستێکی جوانو میانڕەوانەوە پەیامی پیرۆزی ئیسلام پەرە پێ بدەین.

لە هەوڵی بەردەوامیش دەبین بۆ زیاترکردنی موچەی مامۆستایانی ئایینیو باشتر کردنی ژیانو گوزەرانیانو کەمکردنەوەی کێشەو گرفتەکانیانو دەستەبەرکردنی مافی درێژەدان بە خوێندنو دابین کردنی زەماڵە بۆیان.

هەر لێرەشەوە داوا دەکەین، بڕوانامەی ئەو زانا ئایینیە بەڕێزانەی هەڵگری ماستەرو دکتۆرانو پیشەی پێشنوێژو وتارخوێنی دەکەن، بە خزمەتی زانکۆیی بۆیان هەژمار بکرێت، چونکە ئەوە مافی خۆیانەو پێویستە وەزارەتی ئەوقافیش ئەو حیسابە بۆ زانایانی ئایینی بکاتو خەمێك لەو مەسەلەیە بخوات.

## هەندێ جار حکومەت پێشنیارەکانمان پەراوێز دەخات

+ دوا پەیامی بەڕێزتان بەو بۆنەوە چیە؟

_ پیرۆزبای لەسەرجەم زانایان دەکەمو دەستخۆشانەش لەسەرجەم لقەکانو ستافی ناوچەو تەواوی ئەندامانی یەکێتی زانایان دەکەم، لەسەر ئەو هاوکاریو پشتیوانیەی هەیانە، هیوادارم زانایانی بەڕێزمان هاوکاری زیاترو هەماهەنکی جددیتر پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بە هێزو بازوی هەموو لایەك کاری ڕێکخراوەیی ئەو یەکێتیەو، هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ خزمەتکردنی زیاتری مامۆستایانی ئایینیو بەرز ڕاگرتنی سەروەریو تەقدیری مەلای کوردو **مێژووە پاکەکەیان وەك خۆی ڕابگرین.**

خوازیارم ئەو ساڵیادە دەروازەیەکی نوێتر لە بەردەم هەموو لایەکمان بکاتەوەو، بتوانین بەو پەڕی دڵسۆزیو بە گیانێکی لەخۆ بوردیەوە، پەرە بە زانیاری تازەو بەهێزبکردنی لایەنی زانستیو بواری ڕۆشنبیری ئایینیو ئاراستەیەکی جوانتری وتاری هەینیو بە یەکەوە بوونو گیانی هاوکاری بکەینە بەرنامەی کارمانو، بە تەرحو پێشنیاری جوانو هیممەتی هەموو لایەك هەنگاوی زیاتر بنێین.

## پێویستە حکومەت ئەوە بزانێ کە پەراوێز کردنی مامۆستایانی ئایینی پەراوێزخستنی بەشە سەرەکیەکەی کۆمەڵگەیە

* * * * *

## مامۆستایانی ئایینی خەمخۆری دینو وڵاتنو لایەنێکی هاوکارن لە دابین کردنی ئەمنو ئاسایشی وڵات

**ڕۆڵی زانایان لە پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە کردارو ڕەفتارە دزێوەکاندا ئاشکرایەو لەو ڕووەوە دۆسیەیەکی سەربەرزانەیان هەیە**

# پوختەی کارنامەی یەکێتی زانایان زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

دوای دەست بەکاربوونی دەستەی نوێی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پوختەی بەرنامەی کاری خۆیان خستە ڕوو، کە لەم خاڵانە پێکهاتووە.

ئامانجی سەرەکی ئێمە، پاراستنو هێشتنەوەی یەکێتی زانایانە لەسەر هەمان ڕێبازو بە هەمان ڕۆحیەتو ڕەسەنایەتی کە بۆی دامەزراوە، کە لەم سەردەمەدا خۆی لە بەرەوپێشبردنی دینداریو ڕەوشتی بەرزی موسڵمانانەو، قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی، هەروەها پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دایە، کە پێمان وایە خۆی لە چەند خاڵێك دەبینێتەوە، کە پەیوەندی بە ئێمە وەکو یەکێتی زانایان هەیە:

یەکەم: ئاوێتەکردنی ڕۆحی ئیسلامپەروەریو هەستی نەتەوایەتی، کە لە یەکەم ڕۆژدا ئامانجی یەکێتی زانایان بووەو، هەڵقوڵاوی ڕۆحی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە دەبێ مرۆڤی دیندار پارێزگاری لە خاكو وڵاتو نیشتیمانی خۆی بکات، لەوەشدا ئێمە شتێکی نوێ ناکەین، چونکە مامۆستایان هەروا بوونە، بەڵام ئێمە قوڵتری دەکەینەوە.

دووەم: پەرەپێدانی زیاتری گیانی پێکەوەژیانی ئایینیو نەتەوەیی لەناو سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانو، قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستیو یەکتری قەبوڵکردن لە نێویان، بۆ ئەوەی کوردستان هەمیشە بێشکەی تەباییو برایەتیو پێکەوەژیانی جۆربەجۆر بیت.

سێیەم: بەخشینی گوڕو تینی زیاتر بە مامۆستایانی ئایینی، بۆ ئەوەی وەك هەمیشە بە پێشەنگ بمیننەوە، کە شان بە شانی ئیسلامپەروەری هەمیشە هەستی کوردایەتی بەشێکی سەرەکیو دانەبڕاو بووە تیایاندا.

چوارەم: لێك نزیکترکردنەوەی زانایان ئایینی لە سەرجەم شارو گوندەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی وەك یەك لاشە بتوانن ڕۆڵەکان بە کەسایەتییەکی ئارامو غەمخۆر پەروەردە بکەن.

پێنجەم: لێك نزیککردنەوەی یەکێتی زانایان بەتایبەتیو زانایانی ئایینی بە گشتی لەگەڵ سەرجەم چینو توێژەکانو، دامو دەزگاکانیشدا، چونکە بە لێك نزیکبوون خزمەتی باشتر دەکرێتو، چاکتریش لێك حاڵی دەبن.

شەشەم: هەوڵ دەدەین پردێکی بەهێزی پەیوەندی بین لە نێوان زانایانی کوردستانو، جیهانی ئیسلامی، ئەویش بە سازدانی مولتەقاو بە یەکگەییشتن لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیو، هەندێك جاریش بانگهێش کردنیان بۆ کوردستان.

حەوتەم: ئێستا کاردەکەین بۆ ئەوەی بە ڕۆحیەتێکی نەرمڕۆیانە هەستی خۆشەویستیو ئیسلامپەروەریو نەتەوەیی لە نێو هاوڵاتیان بڵاوبکەینەوە، ئەویش لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکی بەهێز، کە جارێ لە بەرنامەمان دایە بە کردنەوەی (ڕادیۆو ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتی ئەنتەرنێت) هەموو ئەوانەشمان ئێستا دەست پێکردوون.

هەشتەم: تیرۆر موسیبەتێکە نابێ هیچ کاتێك پێمان وابێت، کە تازە نەماوەو، پێویست بە باس لێوەکردن ناکات، چونکە تیرۆریستان قەت واز ناهێنن، بەڵام خۆیان مەڵاس دەدەن بۆ دەرفەت وەرگرتن، بۆیە ئێمە یەك لە بابەتە سەرەکیەکانمان بەرەنگاربوونەوەی فیکری ئیرهابییە.

نۆیەم: لە بیریشمان ناچێت، کە پارێزگاریکردن لە مافەکانی زانایانی ئایینی کارێکی هەرە سەرەکی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە پارێزەرو داکۆکیکاری مافەکانی زانایانی ئایینی دەبینو، هەر مامۆستایەك هەر گرفتێکی بێتە پێشەوە، ئێمە دیفاعیان لێ دەکەینو، هەوڵ دەدەین یەکێتی زانایان وەك هەمیشەماڵی مامۆستایانی ئایینی بێت.

دەیەم: زۆر جار باری ئازادی ڕەخساوی کوردستان لەلایەن خەڵکێکەوە دەقۆزرێتەوە بۆ شتگەلێکی نەخوازراو بەرامبەر خواو پێغەمبەرو قورئانو تەواوی موقەدەساتی موسڵمانان، بۆیە ئێمە کارێکی دیکەی سەرەکیمان دیفاعکردنە لە موقەدەساتی موسڵمانان بۆ ئەوەی هەم ئەرکمانە، هەمیش بۆ ئەوەی دوژمنان نەیکەنە کونێكو لێیەوە تیرەکانی خۆیان تێمان بگرن، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە سەقافەتی ئەوە لە نێو وتاربێژە بەڕێزەکانمان بڵاودەکەینەوە، کە نابێت بەهیچ شێوەیەك تەشهیر بە هیچ کەسو لایەنێك بکەنو، کاری مینبەری موسڵمانان زۆر لە تەشهیر گەورەترە، بەڵام دەبێ دیفاعیش بکەن تا لە سنووری ئاقڵمەندانەیە.

یانزەم: زۆر جاران لە ئەنجامی کێشمەکێشو ململانێی سیاسی، ئیسلام بەشێوەیەك تەفسیر کراوەتەوە، کە لە ئەسڵی ئیسلامەوە نییە، بۆیە کارێکی دیکەی ئێمە هێشتنەوەی ئیسلامە بە پیرۆزیی خۆی، کە بۆ هیچ مەرامێکی نادروست ئیستیغلال نەکرێت.

دوانزەم: پردێکی بەهێزیش دەبین لە نێوان دامو دەزگاکانی حکومەتو مامۆستایانی ئایینی، بۆ ئەوەی دەنگی مامۆستایانی ئایینی بگەیەنینە ئەو شوێنانەی کە دەیانەوێت.

سیانزەم: هەموو کار ئاسانییەکیش بۆ زانایانی ئایینی دەکەین بۆ هەر گرفتێك، کە بێتە پێشیانەوە، جا نەخۆشی بێت یان خۆشی بێت، یان بە پەیوەندی بەلایەنی ڕۆشنبیرییەوە هەبێت لە چاپکردنی کتێبو، کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری.

# لەڕووی ئاینیەوە زانایان کار لە پێناو گەیاندن و پاراستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن

# زانایان و نەخشە ڕێی ژیان

**مەلا ئاراس ڕواندوزی** www.Facebook.com/m-aras rwanduzi

شاراوە نییە، کە بە گوێرەی بەڵگە شەرعیی و عەقڵییەکان، ئەوە سەلمێنراوە، کە زانایان بژاردەی خودای پەروەردگارن، وە بە نایابترین نیعمەت، کە نیعمەتی زانستە، بەرزێتی پلەو پایەکەیانی لە سەر ئاستی دین و دونیادا دیاریکردووە، دیارە مەبەست لە زانست، زانستی قورئان و فەرموودەیە، وە ئەوەشی هەڵقوڵاو یان پەیوەندیدار بە ڕاڤەکاری ئەو دوو سەرچاوەیەوەیە، کە زانایان پسپۆڕی ڕاستەقینەی ئەو بوار و کایە هەستیارەن و، تەندروستانەترو هۆشیارانەتر، لێی تێدەگەن و، بە لێهاتووانەترو ووردبینانەتر، لە سایەیدا پێدەگەن، بۆیە لەو گۆشەنیگایەوە، ناسنامەی ڕاستەقینەی زانایان ئاشکرا دەبێت، وە گەورەیی پێگەکەیان لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەردەکەوێت، هەر لەو سۆنگەیەشەوە، ڕادەی بەرپرسیارێتیشیان لە هەموو ڕووێکی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ ڕووندەبێتەوە، کە پێویستە، بە تێگەیشتن لە ڕەهەندە دوورمەوداکانی ئەو بەرپرسیارێتییەوە، مامەڵەو مومارەسەی ئەرك و ئامانجەکانییان، تەواو یەکانگیر بێت لە گەڵ ئەو ئاراستەکردنانەی، کە لەو دوو سەرچاوە سەرەکییەوە وێنا کراون، بەڵکە لەوەش پێویستترو گرینگتر، دەبێت زانایان ئەوە بزانن، کە ڕاستە ئەولەوییەتی ئەوان ووردبوونەوەو قووڵبوونەوەیە لە چەمك و دەلالەتی لایەنە ئایینیەکە و بەرجەستەکردن و پێشکەشکردنی لە جوانترین بەرگ وشاکارەکاندا، لێ گرینگتر لەوەش، شیاوترو گونجاوترە، کە لە لایەنی دونیاییشەوە، بۆ ئاسانکاری لە ڕاپەڕاندن و ڕاییکردنی کاروبارەکانی خەڵك و موسڵمانان، کە پەیوەست بن بە شوێنگەکەیان، گورجوگۆڵتر ببینرێن، بەوەی درك بەوە بکەن، کە داڕشتنی نەخشەڕێی ژیان، لە سەر بنچینەیەکی بەهێزو تۆکمە، لەو ئاراستە ستراتیژییانەیە، کە دەبێت زانایان بە دیقەتەوە بۆی بچن، وە لە هەنگاونانیان لە سەر ڕێی بانگەوازی و بانگەشەی ئیسڵاحخوازانە، لە ڕووبەرە سروشتییەکەی کاری ئایینی تێپەڕ ببن و، بە شێوەیەکی ئەکتیڤتر و چڕوپڕتر، لە هەموو گۆشە و ئاراستەکانی ژیانی موسڵمانان دەربکەون، ئا ئەمەیە بەشێکی بنەڕەتی لە کرۆکی کارنامەی



زانایان، کە کارایی و کارامەیی ئەوان دەربخات، بە تەرزێك، کە ڕۆڵگێڕانی گشتگیرانەتریان لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بۆ دەستەبەر بکات و، بەرچاوترو کاریگەرترو سوودبەخشتر، نوێنەرایەتی هەموو تاکێکی موسڵمان بکەن.

بە سەرنجدانێکی ووردتر بۆ ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، هەست بە هەقیقەتی ئەوە دەکەین، کە گرانایێکی زۆر لەوە گەورەتر دەکەوێتە سەرشانی زانایان، بە بەراورد لە گەڵ ئەو پلەبەرزیی و پێگە گەورەیەی هەیانە، کە ئەو گرانایییەش لەو وەختانەدا دەزانرێت، کە زانایان بیانەوێت پراکتیکییانە ئەرکەکانیان ڕووەو بەدیهێنانی ئامانجەکانییان ڕابپەڕێنن، بەوەی زانایان بەرپرسیارێتی بەرپاکردنی پرۆسەی ڕیفۆرمێکی گشتگیریان لە ئەستۆدایە، کە شێلگیرانە تێبکۆشن لە پێناو چەسپاندنی سەقامگیریی هەمەلایەنە لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، وەکو دیاریشە، بەدیهێنانی ئەو خواستە ستراتیژییە، کە داهاتووی پڕشنگداری هەموو تاکێکی کۆمەڵگای لە سەر دەوەستێت، پێویستی بە بەهێزیی ئامادەگی توێژی زانایانە لە گۆڕەپانەکە و، دەخوازێت ڕۆڵگێڕانی ئەوان لە هاوسەنگکردنی هاوکێشە هەمەلایەنەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکان و موسڵمانان، ڕۆڵگێرانێکی پێشڕەوانە بێت، بەوەی بیسەلمێنن، کە لە هەموو هەلومەرجەکاندا، چەشنی ڕابردووی درەوشاوەیان، ڕێبەری ڕاستەقینەی ڕابوونەکانن، کە نەخشەڕێی ڕیفۆرمی ڕاستەقینە لە زەمینی واقیعدا بەدیبێنن، بۆیە هەستیاری بەرپرسیاریەتەکەیان دەچێتە قۆناغێکی سەختتر، کە هەرگیز ئەوە ڕێپێدراو نییە، کە سازش لە سەر ڕێبەرێتیکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکەن، بەڵکە دەبێت درێژەپێدەری ڕەوتەکە بن و، بە گیرسانەوە لە لووتکە، تۆمارێکی درەوشاوەتر بنووسنەوە و، دیرۆکی ئێستایان بکەن بە خاڵێکی زێڕین بۆ ئەوانەی لە داهاتوو، لە نوێوە، مەشخەڵی نەخشەڕێی ژیان هەڵدەگرن.

بەبۆنەی ئەوەی لەو ماوەیەدا، ڕۆژژمێری مێژووی میللەتەکەمان، سەربووردەی



# لەڕووی پیشەیش خزمەتی زانایان دەکاتو ڕۆڵی مامۆستایان بەرز دەنرخێنێ

ساتەوەختی هاتنەکایەی یەکێتی زانایان دەگێڕێتەوە، بە گرینگی دەزانم، بە چەند سەرەقەڵەمێك، کۆمەڵە پێشنیارێکی پێویست بخەمە بەردیدەی زانایانی ئایینی کوردستان، بەو ئومێدەی ببێتە هاندەرێك بۆ هەمووان، بۆ ئەوەی بتوانن نەخشەڕێی ژیان، کە داهاتووی ڕووناکی خۆیان و موسڵمانان و تێکڕای خەڵکەکەی لە سەر دەوەستێت، بە سەرکەوتوویی و سەربەرزییەوە دابڕێژن و درێژەپێبدەن.

١_ هەوڵبدرێت بایەخدانو برەودان بە ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوەو ڕێزگرتن لە یەکتری، بکرێتە بنچینەو ئەولەوییەت لە مامەڵەو پەیوەندیو کاروچالاکی زانایان، چونکە ئەمانە، بە بنەبڕکردنی هەموو دووبەرەکیو ناکۆکی و ناحاڵیبوونێك لە یەکتر تەواو دەبێت، بە تەئکید هەر هەنگاوو کارێکیش، ئەو دەستکەوتە مەزنەی بەدواوە بێت، پێویستە لە لایەن سەرجەم زانایانەوە، پەنای بۆ ببردرێت و، بکرێتە ئامرازی سازاندنی زەمینەسازییەکی بەهێز، بۆ زامنکردنی ڕۆحییەتی تەبایی و، تۆخکردنەوەی یەکدەستیی و یەکریزیی و یەکدەنگیی و، تەکاندان بە پێشکەوتن و پێشەنگێتی زانایان.

٢_ زانایانی کوردستان خاوەنی بوێرییەکی بەرزی زانستی بن، بەوەی لە کایە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا، ئامادەگی بەهێزیان هەبێت و، لەو گۆشەگیرییە بترازێن، کە سنووری دابڕان لە نێوان ئەوان و پێشهات و پێشکەوتنە زانستییەکان بکێشێت، ئەمەش بۆ ئەوەی، کە پێگەی بەهێزی زانایانی کوردستان، لە ڕووی زانستییەوە، ڕوو لە بەرفراوانبوونی زیاتر بێت و، لە پرسە زانستییەکاندا، چەشنی ڕابردووی زێڕینیان، پێشەنگ بگرن، هەمدیس، لاوازی لە ئاستی زانستییاندا ڕەنگنەداتەوە، کە ببێتە هۆی کاڵبوونەی ناو و ناوبانگی زانستییان، بێگومان بەدیهێنانی ئەو خواستەش، لە سەر گرنگیدانی زیاتر دەوەستێت بە تەدریس و دیراساتو خۆخەریکردن بە خوێندنەوەو نووسین.

٣_ هەمیشە زانایان دەستپێشخەر بن بۆ هەر پرۆژە و بیرۆکە و ئامانجێکی ستراتیژی و چارەنووسساز، کە ببێتە مایەی خێرو خۆشیو کرانەوەی ئاسۆ ڕووناکەکان بۆ موسڵمانانو میللەتەکەمان، هاوکات، زانایان ببنە فاکتەرو دۆزەرەوەی کلیلی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کۆتاییهێنان بەو کێشەو گیروگرفتانەی، کە هەڕەشە لە تەباییو پێکەوەبوونو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان لایەنو پێکهاتەو ئاراستە جیاوازەکانی قەوارەکەمان بکات.

٤_ لە سەر ئاستی پرسە نەتەوەییو نیشتیمانییەکانیشدا، زانایان ببنە بنیاتنەری پردی پەیوەندی لە گەڵ هەموو هێز و لایەنەکان و، هەوڵبدەن لەو سۆنگەیەوە، داهاتووی پرشنگداری چاوەڕوانکراو بۆ گەلەکەمان نزیکتر بکەنەوە، لە تەك ئەوەشدا، بەرپرسیارانە مامەڵە لە گەڵ پێشهاتە پەیوەندیدارەکان بکەن و، بە پراکتیکیانە، مکوڕبوونی خۆیان لە سەر بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دووپات بکەنەوە.

٥_ زانایان سوودوەربگرن لە داهێنانەکانی سەردەم، بەوەی لە ڕێی کەناڵە پێشکەوتووە ئەلیکترۆنییەکانەوە، داخوازیی ئەوە پێشکەشی تاکەکانی گەلی کورد بکەن، کە بە یەکریزیی و یەکدەنگییەوە، داکۆکیکاری نەریتە جوانەکانی کوردەواری و پارێزگاریکاری سەروەرییەکانی خاك و نەتەوە و نیشتیمان بن، بەم هەنگاوانەش، زانایان دەبنە زامنی پاراستنی ئینتیمای ئایینی و دابونەریت و دەستکەوتە نەتەوەییەکان.

٦_ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتییدا، زانایان هەوێنی هێمنی و بەرقەرابوونی ئاشتی و تەبایی و سەقامگیریی بن ، چونکە ڕۆڵو پێگەی زانایان لە ناو کۆمەڵگەدا زۆر بەهێزە، تەنانەت هیچ چین و توێژێکی تر، هێندەی زانایانی ئایینی خاوەن کاریگەری نین لە ناو خەڵکدا، بۆیە زۆر زەرورە، ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی زانایان، کە لە ناو کۆمەڵگەدا هەیانە، بیخەنە خزمەت دروستکردنی هەماهەنگیی و هاودەنگیو هاوچارەنووسی لە نێوان تاکەکانییداو، لەو گۆشەنیگایەشەوە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە سوودوەرگرتن لە پشتیوانی جەماوەر بخولقێنن، نەوەك خوانەخواستە، بیکەنە هۆکارو ڕێگەیەك بۆ خولقاندنی تەفرەقەی کۆمەڵایەتی.



# ڕۆلێ مەلا د شورەشا ئەیلونا مەزندا

## هەڤدیتنەکا ڤەکری د گەل ڕێزدار ( نجم الدين يوسفى )

**بەرهەڤکرن : شڤان توڤی**

خوش بەختانە وەك ڕێزگرتن و بهەلکەفتا یوبێلا زێرین یا شورەشا ئـەیلونا مەزن یا مێژووی. کو بوویە پەیاما نەتەواتی یا مللەتێ مە یێ کورد دئاسمانێ بزاڤا رزگاریخوازا جیهانی دا و کوردی و عەرەبی دا ل گورەی ژێدەرێن زێـرین بژار خوش بەختانە مە وەك گوڤـارا – پـەیاما زانـا – خـو گەهانـدە رێـزدار و بـەرێز – پێـشمەرگە وسـەرکردە – نجم الـدين يوسـفى – بەرپرسـێ کومـەلا ئاکنجی کرنا خێزانێت شەهیدا ل دهوکێ، ب کورتی دهەڤدیتنەکا ڤەکری دا.. دەربـارەی (ڕۆلێ مـەلا د شورەشـا ئـەیلونا مەزنـدا) پـەیڤا زانـا ئـانکو (مـەلا) دگوتنێ دوەختێ خودا... کو ئەڤ شورەشا هەرە مەزن و ئەلندا شەڤ تاری یا دبزاڤا رزگاریخوازا کوردی دا ب سـەروکاتی یا سـەرکردێ مـە کـوردا – مـەلا مستەفا بارزانی – خودێ ژێ رازی بیتن د شورەشا ئەیلونا مەزندا بـەهرا پـتر – مەلا – سەرکێش بوون... لێ ئەم وهـوین بـەرێزان دگـەل نـاڤبری رێـزدار – يوسفى – خودانێ پەرتووکا پر بها – ثورة ايلول المجيدة.

رێزدار – نجم الدين يوسفى – دکورتە هەڤدیتنەکا ڤەکری دا

بەرسڤا پرسیارێن هەوە یێن بەرێز بەپێ زانینا خو ئێك ئیکە لخوارێ دێ شلوفەکەین.

**+ بوچی دگوتنە سەرکردێ مەیێ نەتەوەی مەلا مستەفا بارزانی خودی ژی رازی بیت ( ملا )؟.**

– بنەمالا بارزان لە کەفندا بە دیانەت بوینەو تەریقا شیخێت نەقـشەبەندی وەرگرتیەو کارپێ کریەو لسەر وێ ریکێ جوینە لەبەر ئەفێ جەنـدێ بـارزانیێ نەمر هەر لە بجیکاتییێ دەست بە خواندنا دەرسێت دیانـەتێ کریـە و خاندیـە لەلایێ مەلاییێت گونـدی و دەوروبـەرا تـا مـەزن بويـە پاشـی جویـە ئـاکری و هەولێرێ خاندیەو پاشی شکەستنا شورەشا ١٩٣١ و هاتینە نەفی کرن بو بـو میسل و باشوری عیراقـی و بـو سـلیمانییێ رەحمـەتی ئەفـە بخو وەختـەکێ گونجای دیت کو بەردەوامیی بدەتە خاندنێ لەلایێ زانایێت دینی لە میسل و سلیمانییێ و شیایە پەلەیکا باش لە زانین و شـارەزاییێ لـە قورئـان و حـديس وەربگریـت: (والامـر بـالمعروف والنهي عـن المكنـر) (الـذين ان مكنـاهم فـى الأرض...) و بەدروستی ئەفە جێ بەجێ کر لەبەر هندێ لە دریژاهیا شورەشا ئیلونا مەزن دهاتە گوتن کو زەمانی محمد مهدى یە لەبەر ئارامیی و تـەناهیێ و عەدالەتێو کەس نەدشیا زولمێ و زورداریێ لە کەسەکێ بکەت.



**+ بوجی سەرکردێ مەیێ نەتەوەی یـێ کـورد مـەلا مـستەفا بـارزانی گوتیە مستەحیلە ئەس وی بکەم ببیتە کیماسی بـو کـوردان و هنـدەك بیژن هاریکاریا لایەنی دی دکر دژی عەرەبا . ئـەم و عـەرەب برایيـت ئێکین و بیکەفە دژیان و خودان دیروك و دینەکی هەف پشکین ؟**

– هەروەکو ل خالا ئیکی مە دیار کری قوتـابییێ قوتابخانـا دیانـەتێ بـو و ئەوا خاندی و شریعەتی گوتی وەسا کارپێ دکر (وتعاونوا على البر و التقوى و لا تعاونوا علـى الإثـم و العـدوان) و دیـار دکر کو شورەش شـەرێ نەتـەوەی ناکـەت لەگـەل هـیج لایەنـەکێ تـەنها شـەرێ سـتەم کـار و زالمـێن دەسـت هەلاتداریت حکمێ عیراقی بریفە دبەن لسەر غـەدرێ و تەعـدایێ و جیاوزاییا نەتەوەی و ئایینی و بو فی مەبەستا کـو شـەری نەتەوایـەتی ناکـەت هـەر لـە دەست پیکا شورەشێ دروشمـێ ئارمانجـا شورەشـێ دیـار کـر ((الديمقراطيـة للعراق و الحكم الذاتي للكردستان )) جونکـە مللـەتێ عیراقـی ژی وەك کـوردا زولم لێ کری بو و ج دەست هەلات نەبون .

**+ شورەشـا ئیلونـا مـەزن پیکهـاتییێن خوڤـە (( لەشـکەری. دارای. ریکخستن. بەرگری مللی. زانین. جفـاکی. روەشـەنبیری و راگەهانـدن. پشتەفانیا شورەشـێ. دیـن. دادوەری. سیاسـی. ئـابوری. سـاخلەمی. هتد )) دشورەشی دا چەوابو هەر ئیك ژڤان خالیـت دیـار کـری بهیتـە بەحس کرن ئیك ئیکە بێ زەحمەت؟.**

– پێکهاتییێن شورەشا ئیلولا مەزن:

لەشکەری: هێزا چەکدارێن بەرەڤانییێ بو دژی حکومەتێن ستەم کار و شیا رولـەکێ بـاش ببینیت و جەنـد رژیمیـت هاتینـە سـەر حکمـی نەچار بکـەن دانوستاندنێ لەگەل شورەشێ بکەن (( عن يد و هم صاغرون)) .

دارایی، ئابوری: عەدالەتەکا کێم وێنە هەبویە ل دارایێ دا یارمـەتیا هـەمیا وەك ئێك بون کەس نەدشیا مافێ کەسی یان یارمـەتیا کەسـی بەرزەبکـەت و بخوت و بێـدەر ((جـوخین)) یـێ هـەمو دەرامـەتێ دەهیکـێ زەکـات دهاتـە وەرگرتن لە هەمی کەسـا بـێ جیـاوازی و دهاتـە دابـەش کـرن بـو بارەگـاییێن لەشکەری وحزبی و خێزانیت شەهێدا و پێشمەرگێ زەعیف حال و هـاوەلاتێن لێ قەومای .

ریکخستن: ل ١٩٦٢ جارەکادی دەست بە ریکخستنا پارتییێ هاتـە کـرن و ب رێك و پێکی وب هەلبژارتنا برێڤە دجو و دەورێت کـادرا هاتنـە ڤـەکرن بـوێ تێگەهاندن و پێگەهاندنا کادرێن رێك و پێك وزانا بو خزمەتا مللەتی. لەشـکەر هاتە ریکخستن هەر لە دەست پێکا شورەشێ بناڤێ قـولا پاشـی ١٩٦٤ هاتـە ریکخستن لە سەردەست و سەرپـەل و تا ئامر هێزییێ بەپێ شیان و زیرەکـی و مێرچاکییێ.

بەرگری مللی: هاتبونە رێکخستن لە هەر دەڤەرەکی هاتبونە تـێ گەهانـدن بو هەر تەنگاڤیەکێ ئامادەبن بـو هاریکاریـا پێـشمەرگەهی و گەهانـدنا نـان و ئافاو تەقەمەنییێ بو بـەروکێت شـەری وەختـێ هێرشـاو گوهاسـتنا شـەهید و بریندارا شورەش ل قوناغەك و وارەکی زور زەحمەت و سەخت نەخوش دابـو لە هەمی رویەکێ ((هێرشێن توپ و تەیارا و هێزێن حکومەتێ لسەر دەڤەرێ و گونداو کێماتیا زورا چەکێ سڤك و تەقەمەنییێ و نـەبونا هـەمی جـورێ جـەکێ گران بە ئێك جاری تا ١٩٦٦)) هەروەسا دورپێچیا رێژیما عیراقـێ و رێـژیمێت دەورو بەر لسەر ئازوقەی و دەرمانا ...

زانین: کەسین رەوشەنبیر زور دکیم بون لناف شورەشێ و هنـدەك قوتـابی و مەلا و فەقە هاتبونە ناف شورەشێ یـان لـە دەفـەرا شورەشـێ بـون ئـەوان

# شان بە شانی ئیسلامپەروەری هەمیشە هەستی کوردایەتی بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو بووە لە هزری زانایاندا

رولەکێ گەلەك یێ باش دیت لە ناف مللەتی دا بو دەرسا گوتنی دەمێ قوتابخانە هاتینە فەکرن و رولێ مەلا رولەکێ زور گرنگ بو ل شورەشێ دا .

جفاکی، دادوەری: کاری جفاکی زور باش برێفە دچو جونکە ریکخستن و کادرێ پارتی رولەکێ زور باش هەبو ناف مللەتی و سەرەدانا گوندا و سمینارا خاندنێ و هەر کیشەکا هەبا زوییێ دهاتە جارەسەرکرن بە باشی و جاکی و رازیبونا هەمی لایەنا و لیژنە هاتبونە دانان بو جارەسەرکرنا گرفتاریا (لجان لحل المشاكل) پاشی لە سالا ١٩٦٥ لە هەمی قەزا محاکم هاتنە فەکرن و دانان هەر لە دادوەری و دەزگایین لێ کولینی و دادگەها بلند لە هەر پاریزگەهەکێ بو بریارین دادگەه کرنا مجرما و کوژەکا.

رەوشەنبیری و راگەهاندن: یا راوستیایی بو لسەر رادیویا دەنگی کوردستانێ کو شەف و روژا جەند سەعەتەکا کار دکر ونوچێت (دەنگوباس) شەراو و سەرکەفتنا و زولم و زورداریا رژێمێ دیار و بەلاف دکر و هەیفی جریدەیەك و هندەك بەلافوك دەردکەتن لە سەرکردایەتیێ و لە لقین پارتی و کادر وناوچاو و ریکخراوا هەروەکو مە دیار کری رولی باش هەبو بو گیرانا سمینارا لە هەمی گوندا هەر هەیف.

پشتەفانیا شورەشێ: هەروەکو رەحمەتی بارزانیێ نەمر دیار کری پشتەفانی شورەشێ تەنها و تەنها مللەتی کوردستانێ یێ دلسوژو جیاێت کوردستانێ بون. ج پشتەفانین راستەقینە نەبون هەکە لایەنەکێ سلافەك کربایە هەربو بەرژەوەندیا خوبو یامەژی ژبیەکەسی و نەجاری بو.

دین: مللەتی کورد لە کەفندا مللەتەکی دین پەروەر و خودێ ناسە وبە رازیبونا خو جوینە سەر دینی اسلامی و بخو قەبیل کریە چونکە دینی عەدالەتی و جاکی و باشییێ بو و ئەوژی مللەتەکی زولم لی کری بون ئیدی بە فیان و شانازی ئەف دینە بخو قەبیل کر و لە هەمی مملەتین دەوروبەر باشتر دیانەتا خو بەبێ ریا و زورداری بریفەبریە تا نوکە .

سیاسی: سیاسەتا شورەشی و یا حزبێ و ئارمانج و رەفتار هەمو دیار کری بون و شەفاف بو و رون و ئاشکرا بەپێ وەخت و کاودانیت دەفەری و ئەو رژێمین دهاتنە سەر حوکمی .

ساخلەمی: جهێ داخی یە دکتور نەبون لەناف دەفەرا مە یا بادیناە لە دەفەرێن دیژی زەر کێم بون. شورەش ناجار ببو قازانجی لە برینبیجین کوردەوارییێ و عەسکەری لیوی وەربگریت و معاون گبیا وەك شەهێد دکتور موشی گوند کوسە وبەریز دکتور حنا وراستی ئەوان خزمەتەکا زور جاك و باش و دلسوژانە دگەل پیشمەرگەهی و جەماوەری ئەنجامدا و دەستی وان یێ پیروز بو لەبەر دلسوژیا وان و خودایێ یەکتاو میهربان هندی شیانا مللەتی ئێشاددەتی ((لایكلف الله نفسا الا وسعها))و دوعا (( ربنا و لا تحملنا مالا طاقة لنا به)) ژمللەتی قبیل کر.

**+ پیشمەرگە و سەرکردە دشورەشا ئیلولا مەزن دا بەریز نجم الدین یوسفی وەك دهاتە نیاسین و دهیتە نیاسین ملا نجم الدین یوسفی بوجی بەریزی بفی پەیفا ملا هاتیە نیاسین؟**

– بنەمالا مە رەحمەتیا هەر لە شیخ یوسفی و باپیرین مە و بابین مە شیخ و مەلا بون و زانابیت دینی بون لبەر هندێ کو بابی من وەختەکی مەلاتی دکر هندەك دبیژنەمنژی ملا ئەگەر دەرسا مەلاتییێ من نەخواندیە تەنها قورئان و لە قوتابخانا من خاندیە .

**+ رولی مەلا دشورەشا ئیلولا مەزندا وەك بەریزیا هەوە پەیفا مەلا زانا دشورەشێ دا بکار دئینا و هەر لیژنەیەکی (مەلا) لێ هەبو بوجی ؟ وەك هەوە دکتیبا خودا دیار کریە؟.**

– رولی مەلا دشورەشا ئیلولا مەزندا زور گرنگ بو جونکە ئەوبون خاندەفا و زانا و رەوشەنبیر تایبەت لەدەفەرا پاریزگەها دهوکی. وهاتبونە دامەزراندن ئەو و قوتابی لەقوتابخانا وەك ماموستا دەرسا بێژین و قازانجەکا باش لە مەلایێن بەریز هاتە وەرگرتن بو تیگەهاندنا خەلکێ کو زوربەیا خەلکێ دەفەری سفیل و نەخاندەفا بون ئەو پروپاکندین دژمنی بنافێ هندەك مەلایین کرێ گرتی بە درەو دەردئیخستن کو ئەفە سەرداجوینەو دژی ئایەتا قورئانا بیروز کاردکەن ((اطیعوا الله وأطیعوا الرسول وأولي الأمر منكم)) کو شورەش یاشەری اولی الامر دکەت و کوشتنا وان یا حەلالە و مەلایین شورەشێ دیار کر بو خەلکێ کو اولی الامر پیویستە بەپێ حەزا مللەتی بیت و عادل و باش بیت ناجیبیت گوهداریا دکتاتور و زالم و زوردارا بیتە کرن پیروز وهەمی لق و ناوجە و تا ریکخراوا مەلا دنافدابون و هندەك ئەو سەرپەرشت و ریفەبەر بون.

**+ بوجی و ژبەر جی هەوە کتیبا پورە ایلول المجیدە یا پر بها بەرهەف کریە و جاپ کریە لە سالا ١٩٩٥ ج١ لە جاپخانا زانکویا دهوك و ج٢ سالا ٢..٣ هاتیە جاپ کرن لە جابخانا کولیژا شەریعەتی مەرەم جیە لە جاپ کرنا فی کتیبا پر بها و ئەگەر و سەدەمین بەرهەف کرن و جاپ کرنا فی کتیبا پر بها.**

– سەرهلدانا مللەتی ئیرانی لسەر شاهی گور بەگور رێکا ئازادیێ هاتە خوش کرن بو هەمی لایەناو هەر لایەنەك وەك خو بەپی بیرو بوجونیت خو و مەرەمین خو کاربکەت و بنفیسیت. هەر لە پارتین ئوپوزسیون و پارت و لایەنێن دوژمن دەست بە نفێسینەکا خراب و ژەهراوی لسەر شورەشا ئیلولا مەزن و سەرکردی شورەشێ بازانیی نەمر و شکەستنا ١٩٧٥ هاتە نفیسین بەبێ وژدانی و بە خراب کاری و هندەك لایەنا لەبەر مەرەمین گەنی و دوژمن کاریی زور بە درو و دیر لە راستی.

من دیت زور زەروریە تشتەکی بنفیسم بەپی زانینا خو و بە زمانی عربی تا هەمو مللەتین دەوروبەر (دویر و نیزیك) بشێن بخوینن و بزانن راستی و دروستیا دەست پێ کرنا شورەشا ئیلولا مەزن و خو راگری و خو گوری کرنا پێشمەرگەهی و ملەتێ کوردستانێ و شورەش گیری و خەبات و میرجاکی و میرخاسیا راستە قینە.

پاشی ١٤ سالین خو راگرتنێ هەمی رژیمینن دەوروبەریت شورەشێ و کوردستانێ و ئەویت بەرژەوەندیت وان گریدای بە ئەوان رژیمافە زانی رژیما عیراقی ج هێزا بەرهەنگارییێ و شەری نەمایە هەروەکو (سەدامی دیار کری کو شکەسنتا شورەشی سیاسێ بو نەك عەسکەری) ناکیشیت دوو هەیفێت دی رژیم ناجارە هیزیت خو لە کوردستانی فەکیشیت و کوردستان تەسلیمی شورەشێ ببیت و بدەستی بارزانیێ نەمر ئالایێ پیروزی یێ دەولەتا کوردی لسەری هەمی شاخا بیتە بلند کرن وەك ئاگری نەوروزی. ئیدی هەمی لیك بینە شریك و سەدام کو لەگەل حلفا وارشو بو و شاه لگەل حلفا ناتو بو برنە دەستی ئیك و چافێ ئێك دوو ماجی کر و پەیمانا خیانەت کاریا جەزائیری ئیمزا کر کو شورەش لناف بجیت .

بەلێ لە سالا ١٩٨٢ پاشی من هەمی نفیسی جەند دانەیەك مە جاب کرن بە تابعی و رونیویی لە بارەگایێ سەرکردایەتیی و مە بەلاف کرن بو جەنابێ سەروکی و بارەگایی سەرکردایەتیێ و دەوروبەرا جونکە شیانیت جابکرنێ نەبون .

لە ناجاری چاپا وی ما تاکو پشتی سەرهلدانێ هاتینە عیراقی و شیایین لەچابخانا زانکویا دهوك ١٩٩٥ ج١ جاپ بکەین پاشی چاپخانا کولیژا شەریعەتی هاتە دانان و هەروەکو دیار دکرن یا نویترە و باشترە و مەفیا جەندەکی لەسەر شورەشا گولانا پیروز و لە سەرهلدانی و پاشی سەرهلدنی ژی زیدە بکەین مە ج٢ لە ٢..٣چاپ کر.

واعتصموا بحبل الله جميعاً ولاتفرقوا – ئایەتا – ١,٣ – ل سوەرەتا – ئالیعمران – ژ قورئانا پیرۆز – ئەڤ ئایەتا زێرین بژار ژ قورئانا پیرۆز ژ سەروکانی یا ژینێ ... سەرکردێ مە یێ نەتەوەیێ کورد – مەلا مستەفا بارزانی – خودێ ژێ رازی بیتن – گوتارا خو بڤێ ئایەتا هەژی دەستپێکر ل کونگری مەلا ل مزگەفتا گلالە – الكلمة التي القاها الزعيم الخالد – ملا مصطفى البارزانى في مؤتمر لاتحاد علماء الدين الاسلامي في طلالة عام ١٩٧.

وفيما يلي نصها:

**بسم الرحمن الرحيم**

**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته:**

بنێرە/ صوت العالم/ مجلة شهرية يصدرها اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان/ صفر – ربيع الاول/ ١٤٢٢ هـ ايار وحزيران/ (٢,١١)م – بەرگێ

# لێك نزیكبوونەوەی زانایان بۆ ئەوە بووە بتوانن رۆڵەكان لەسەر بنەمای كەسایەتییەكی ئارامو غەمخۆر پەروەردە بكەن

دووێ گوڤارا ژناڤدا... بەرێزان – عەزیزێن پر بها گران– خوێندەڤانێن گوڤارا پەیاما زانا – یا خوراگر – ئها دڤان خالێن هەرە زێرین دا دڤان خالێن مێژوی دا .. ب دیتنا من ب هەمی وێرەكا خو – بكل جرأة– دبێژم سەركردێ مە یێ نەتەوەیێ كورد –مەلا مصطفى بارزانی– خودێ ژێ رازی بیتن بوویە خودانێ پەیاما نەتەوا مە یا كورد ل جیهانێ ... (شۆڕشی ئەیلولی پیرۆز لاپەرەی دێرینی مێژوو مانی رەنگین كرد) پەیڤا زێرین – مەلا مصطفى بارزانی– گوتی یە من مفا ژ ڤێ پەیڤا مێژووی كری یە بۆ بابەتێ خو ل بەروەخت لـژێر ناڤێ (دەست وداریێ بزاڤا رەوشەنبیری یا كوردی ل شورەشا ئیلونا مەزن) هەڤدیتن/ دگەل رێزدار نجم الدین یوسفی – پەیامنێرێ گوڤارا – دەنگێ پێشمەرگە/ ل سوپای/ -١- تێكوشەر – بابێ مەتینی – بۆ پتر پێزانین بنێرە/ گوڤارا دەنگێ پێشمەرگە – ژمارە – ٤٦ – چریا ئێكێ/ ١٠٠٢ – زاینی/ بپ٣٢ هەروەسا ئەڤ ئەلندێ شەڤ تاری یا دبزاڤا رزگاریخوازا كوردی دا – مەلا مصطفى بارزانی – سەركردێ مە یێ نەتەوەیێ كورد خودێ ژێ رازی بیتن بویە خودانێ مالا كوردی نەمازە – تایبەت – ئەو گوتارا خواندی ل گونگری مەلا ل مزگەفتا گەلالە/ ٢١-٩-١٩٧. ئەڤجا سالیادا – ٣١ – سالرۆژا دامەرزاندنا ئێكەتی یا زانایێن ئیسلاما پیرۆز هەروەسا بێ ی سوزداری ب هەمی وێری یەكا خو دبێژم دامەزراندنا ئێكەتی یا ناڤبری ب سەركێشیا سەركردێ مە كوردا – مەلا مستەفا بارزانی – خودێ ژێ رازی بیتن بوویە پێتڤی یەكا مێژووی هەتا هەتا هندی دونیا ئاڤایە دمێژوویا بزاڤا رزگاریخوازا كوردی دا لاپەرەكێ هەرەزێرین بژار نەخشاندی یە بۆ پاقژكرنا مالا كوردی ژ دەستێن چەپ رەو پیس وگەمار وقرێژ گرتی مێژوو دیدەڤانی یا مە دكەتن ... نەك ئەم ل دەڤ خو دبێژین لەو رێزدار وپر قەدر گران سەروكێ مە یێ خوشتڤی – مەسعود بارزانی – سەروكێ كوردستانێ ... دەربارەی هەلسەنگاندنا شورەشا ئەیلونێ – گوتی یە – شورەشا ئەخلاقی بوو – بنێرە خەبات/ ه/ -٣٨٦٩-/ ١١-٩-٢,١١- زاینی بپ ٢/ سەروك بارزانی ل زاخو – ب راستی بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان ب سەروكاتی یا بارزانی كو ئەڤ مێژوویە دروستكر وهەر تشتەكێ ژ نوكە پێڤە بهێتە دروستكرن بناغێ وێ یێ شورەشا ئیلونێ یە ول سەر وێ بناغێ دهێتە دروستكرن/ ئەڤ پەیڤا بزێری هاتی یە نڤیسین یا سەروك بارزانی ڤە رێژا رێبازا خودایی یا سەركردێ مە یێ كوردە بابێ كورد وكوردایەتیێ – مەلا مستەفا بارزانی – خودێ ژێ رازی بیتن بەری ئەم پەیڤا خو ب دویماهی بینینن فەرە وبفەر دزانێن هەروەسا بێ سوزداری بەرێز ورێزدار – مەلا ئەنەس محمد شریف دوسكی – نەكو/ ئەنەس محمد سەلیم – ە ب دروستی – مەلا ئەنەس محمد شریف – ە بەرپرسێ لقێ دوهوكێ یێ ئێكەتی یا زانایێن ئیسلاما پیرۆز ل كوردستانێ بهەلكەفتا یوبێلا زێرین یا شورەشا ئەیلونا مەزن پیرۆزباهیێن خو – ئاراستەی لقا/ ١ – پ. د. ك تێكوشەر كر بنێرە/ ئەڤرو/ ه/ ٧٨٥- ١٥-٩-٢,١١ بپ٤ ... ئها لڤێرە جارەكا دی رۆلی مەلا دیار دبیتەڤە ژ سەخمەراتی پێتەپێكرنا وان بۆ شورەشا ئەیلونا ئەخلاقی كو دبێژم ب هەمی وێرەكی یا خو ڤەرێژا رێبازا خودایی یا سەركردێ مە كوردا – مەلا مصطفى بارزانی – یە خودێ ژی رازی بیتن كو هەردەم زانا ومەلا وئەم رەوشەنبیرێن ئیسلام پەروەر وكورد پەروەر ب دوو چاڤێن رۆهن ب شادین خزمەتا رێبازا خودایی یا سەركردێ خو كوردا – مەلا مصطفى بارزانی– خودێ ژێ رازی بیت بكەین وهەردەم ئەم خو قوتابیێن ڤێ فێرگەها كورد وكوردایەتیێ دزانێن ب سەر كێشی یا سەركردێ مە كوردا – مەلا مستەفا بارزانی یە خودێ ژێ رازی بیتن – كو خوێندگەها پاقژ ویاپری گران بها بوو دئاسمانێ بزاڤا كورد وكوردایەتی یێ دا ل جیهانێ وەك ژێدەرێن زێرین بژار خو یا دكەن ل سەر شورەشا ئەیلونا مەزن یا ئەخلاقی ل گورەی پەیڤا زیرین بژار یاسەروك بارزانی (شورەشا ئەخلاقی بوو) بنێرە خەبات/ ه/ ٣٨٦٩٩ / ١١-٩-٢,١١ زاینی بپ٢ یەكشەمبی (بو زانین) یاسای بەرێزم بنێرە پشتا كاغەزێ بۆ زانین، خوێندەڤانێن پر قەدرگران بها وعەزیزێن خوشتڤی

سلاڤ ورێز:

خویندەڤانێن گوڤارا – پەیاما زانا – یاخوراگر

١) هەژی یە بیژین سوپاسیەكا بێ توخیب بو ئێكەتی یا زانایێن ئیسلاما پیرۆز تایێ دهوكێ ل كوردستانێ تایبەت بۆ بەرێز ورێزدار/ ماموستا (مەلا ئەنەس مەلا محمد شەریف دوسكی) سەروكێ لقا دهوك یا ئێكەتی یا ناڤبری كو دەلیڤە دایە من بۆ ڤێ هەڤدیتنێ.

٢) ئەڤ پەیڤا دویماهیێ من ئینایە ب چەند خالان دایە خویا كرن ل گورەی ناڤەروكا هەڤدیتنا رێزدار وبەرێز (پێشمەرگە وسەركردە – نەجم الدین یوسفی) كو هاتی یە پەروەردەكرن ژ بنەمالەكا ئیسلام پەروەر كوردپەروەر ... قوتابیێ خواندنگەها رێبازا مەلا (مستەفا بارزانی) خودێ ژێ رازێ بیتن سەركردێ مە كوردا كو هاتی پەیرەوكرن ژ بنەمالەكا ئیسلام پەروەر وكوردپەروەر.



# بۆ سەربەرزانی مێزەر سپی

هەلاڵە محمد ئەڵماس



هەر گەلو نەتەوەیەك کەسانی دڵسۆزو خزمەتگوزار بە ڕێژەیەکی بەرچاو تیایاندا بەدی دەکرێت، کە دەکرێت بووبنە هەوێنو هەتوانی گرفتو ئاریشەکانو خۆیان شەمع ئاسا سوتاندبێت بۆ ڕوناکی بەخشین بە دەورووبەریان.

لەناو گەلی کوردی مسوڵمانیشدا زۆرن ئەوانەی کە چرا هەڵکەری شەوە زەنگی تاریکی ژیانی دەیان کەس بوونو بەکاتو ژیانو پشووەکانی خۆیان زۆر دڵسۆزانەو خۆنەویستانە لە خزمەتکاریدا بوون، یەکێك لەو توێژانەی، کەسمبولی ڕێنوینیو ڕوناکی ڕێگەی هاوڵاتیو خەڵك بوون زانایانی سەربەرزی مێزەر سپی بوون لە ڕابردووو ئێستاو داهاتوو.

مێزەر سپی ڕاستەقینەی کورد هەمیشە ئەو فەرموودەی پراکتیك کردووە کە دەفەرموێت (سید القوم خادمهم) رواه ابن ماجة. چوون کارەکانیو کاتو ساتەکان هی خۆیو ماڵو خێزانیش سەرجەم لە خزمەت کردندا بووە. هەروەها ئەوان لەگەڵ بوونی دەیان ئاریشەو سادەیی ژیانیان، بەڵام خۆنەویستانەو خودا دۆستانە بەبێ چاوەڕێکردنی (بارك اللە)ی هیچ کەس درێژەیان بە خزمەتەکانی خۆیان وەك ئەرکێکی ئیلاهیو جێنشینی خوا لە زەویو جێنشینی دواین پێغەمبەری خوا (حەزرەتی محمد) (درودی خوای لەسەر بێت) هەستاون. دەکرێت کەسێك بڵێ لەوە دەچێ هەموانیان وانە بوونو زۆرجار بەشێوازێکی تر مامەڵەیان کردووە، گرنگ ئەوەیە زۆربەی مێزەر سپیەکان هەمیشە لە هەوڵی ڕاگرتنو جوان دەرکەوتنو پاکیزەی مێزەرەکانیان بوون، هەر بۆیە گەر خاکێکی بچووکی ڕەش کەوتبێتە سەر مێزەکەیان دەوروبەر پێ زانیوون، چونکە کەسی سپیو جێنشینی پێغەمبەری پێشەوامان ناتوانێو ناکرێتو ناگونجێ کە خاڵی ڕەش بوونی هەبێت بێ سرینەوەی. بۆیە گەر ئەمە لەڕابردوودا کۆمەڵگاکەمان پێویستی بە بوونی زانای مێزەر سپیو سەربەرز هەبووبێت بۆ بەدەمەوە بوونی پێداویستیەکانیان، ئەوا ئەمڕۆ لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو بڵاوبوونەوەی دەیان گرفتو پەتای کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاینی زیاتر پێویستمان بەزانایانی بە تواناو ڕادەی خەمخۆرو خۆنەویستی خوداویست هەیە، چونکە تاکی کوردی گرفتارە بە دەیان بابەتی تازەو هێنراو وچەپێنراو تازەکراو لە کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگەی کوردستانی جارێکی تر پێویستی بەدارشتنەوەی بیرو قسە کردن لەسەر چەمکی بەها باڵاکانو بە کرداریکردنی چەمکە بەرزو جوانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەیە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە تەنهانوسینی ناو کتێبەکان، بەڵکو گەڕانو بەدوادا چوون بۆ چارەسەرێکی خۆماڵیانەو کوردستانیانە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەوهێنراو دروستکراو تازەکراوانە لە خەمو سەرگەردانیو بە هیلاکدا چوونی تاکی کوردی کە تائێستا هەنو کەمنین ئەوانەی کە پێوەی دەناڵێنن.

پێویستە زانایانی ئێمە بەکەم ڕازی نەبن، گەرەکە هەوڵبدەن لە شێوازە تەقلیدیەکانی ساڵانی ڕابردوو دەربچن، واقعیانە لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیاو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی فیس بوكو سایتو پەیجەکان سودمەند بن. خاڵێکی تریش ئەوکارەی بە ئێوە دەکرێت لە چاکسازیو هۆشیاریو پەروەردەکرنو ڕێنمای وا نازانم بە هیچ کەس بکرێت، ئەویش نیشانەی زیندوویەتی تاکی کوردیو ڕادەی دین داریو دین خوازی تاکی کوردە. بۆیە مامۆستایانی گەورەو پێشەوایانی خەڵك، ئێوە مادەم هەڵقوڵاوی ناو خەڵکنو لەدایك بوونی ژیانە سادەو ساکارەکەی کۆمەڵگەن، دەبێت خەمی هەموو چینو توێژەکان هەڵ گرن بە تایبەتی ژنانو ئافرەتان، خەڵکی چاوی لێیاتە، چاوەڕێی زیاترو زۆرتر دەکات. ئێوەن لە دێر زەمانەوە چراتان هەڵکردووەو پەیمانی سپی کردنی ژیانی خەڵكو دینناسیتان بە خوداو بە خەڵکی خودا داوە.

لەکۆتاییدا وەك ژنێکی کورد لەم بۆنەیەداو، لەیادی ٤٢ ساڵەی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزبای خۆم پێشکەش بەسەرجەم مامۆستایانی مێزەر سپیو سەربەرزو سەربڵند دەکەم، ئومێد دەکەمو لە خوا داواکارم سەرجەم کاتو ساتەکانتان لای پەروەردگار بە پەرستش وەربگیرێتو لەساڵی تازەی کارتاندا زۆرترو کاریگەرتر بتوانن خزمەت بەگەلو کوردستان بکەن.





# پەیامو ڕۆڵی زانایانی کورد لە ڕابردوو و ئێستادا

م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی*



قسە کردن لەسەر ئەم ناونیشانەی سەرەوە هەروا سادەو سەرپێیی نییە، بەڵکو دەبێت لە گۆشەنیگای مێژوویەکی دێرینەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین، تاوەکو بەو ڕۆڵە پرشنگدارە مەزنەی زانایان و مامۆستایانی ئاینی کورد ئاشنا ببین.

بێگومان کاتێك سەیری مێژوو و ڕابردووی نەتەوەییمان دەکەین دنیایەکی هێندە بەرفراوان لە گەورەیی و شکۆداری زانایانمان بەدی دەکەین، کە هیچ کەسێکی خاوەن هەست وژیری توانای نکولی لێکردنی نییە. چونکە هەروەك چۆن لە ئێستادا نکولی لەم ڕاستییە ناکرێت، بێگومان زانایان لە ڕابردووشدا زیاتر ڕۆڵی ئیجابی و مەزنتریان بینیوە لە پێناو خزمەتکردنی ئیسلامی ڕەسەن، وهاوشانی ئەمەش خەباتکردن لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

مامۆستایانی ئایینی کورد و مەلا (بەزمانی عامی) لە گشت بوارێکدا پێشەنگ بوون، و ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، هەرکەسیش دان بەم ڕاستییەدا نەنێت و خۆی لەم حەقیقەتە گێل و گەوج بکات ئەوە دیارە یان کەسێکی سپڵەو بێ ئەمەك و بێ ویژدانە، یان کەسێکی بێ ئاگا وناشارەزایە، چونکە مامۆستایانی ئایینی لە هەلو مەرجە دژوار بارودۆخە نالەبارەکانی ژیاندا درێژەپێدەری پەیامی خۆیان بوونو، کۆڵنەدەر بوون ولە پێشەوەی ڕیزی خەبات بوون، وهیچ کات لە کێشە وگرفتە نەتەوەییەکاندا خۆیان نەبواردووە وکەمتەرخەم وبێ بایەخ نەبوون، بەڵکو نیشتمان پەروەری وبەرگریکردن لە خاك وخەڵکی مسوڵمانی کورد بەشێکی جیانەبووەو دانەبڕاوی ژیار وژیانی زانایان بووە. هیچ کاتێکیش منەتیان نەکردووە و چاویان لە هیچ ئیمتیاز وپۆست وپلە، یان پایە وپارەیەك نەبووە، بەڵکو تەنها وەك واجبێکی شەرعی بەم کارە هەستاوون، وبەرگریکردنیان لە ئایین وکەلتور و ژیانی کورد بە جیهاد داناوە، و وەك ئەرکێکی پیرۆزی ئایینی لە گشت مەسەلە نەتەوەییەکانیان ڕوانیوە، کە بێگومان ئەمەش تێگەیشتنێکی تەواو تەبایە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامدا.

هەر بۆیە دەبینین چەندین زانا ومەلا و شێخ هەڵگری ئاڵای شۆڕشی کوردی بوونو، خەباتگێڕ و

# زانایانی ئایینی هەمیشە بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی کاریان کردووە

خەمخۆری ئاییندەی کورد و کوردستان بوون، هەر لە (شێخ سەعیدی پیران و قازی محمد و شێخ محمودی حەفید و مەلا مستەفای بارزان و هاوشێوەکانیان ...) کە هەموویان زانا و مەلای کورد بوون، لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ ومەردی مەیدان بوون. کە سەرەڕای خۆیشیان جەماوەری مسولّمان وموريد و فەقێ و ژن و پیاوی کوردیان وا پەروەردە کردبوو کە لە پێناو



کوردایەتی و بەدەستهێنانی مافی زەوتکراوی سروشتی ورەوای خۆیان جەنگ وجیهاد بکەن و بەرگری لە ڕەسەنایەتی خۆیان بکەن، ئەمەش بە پەروەردەکردنێکی ئایینیانە و بەڕۆحێکی ئیمانییەوە.

وە ئەگەر بیێنەوە سەر بواری داهێنان و ڕۆشنگەری وفەرهەنگی شارستانی ئەم میلەتە ـ هەر لە بواری ئایینی، مێژوو، ئەدەب، فەلسەفە، کیمیا، ...هتد ـ، دیسانەوە هەر زانایانی ئایینی پێشەنگی کاروان بوون، نمونەی زیندووی ئەمانەش (نالی مەحوی و مەولەوی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و مەولانا خالید و کاك ئەحمەدی شێخ و مامۆستای مودەڕیس و ...هتد) کە زانا و مەلا و پەروەردەی ناو حوجرە و مزگەوت بوون، و هەریەکەیان لە بواری خۆیدا و لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کورددا ئەسپی خۆیان تاوداوە.

بیێنەوە سەر گەورە زانا و موجاهید (صلاح الدینی ئەیوبی) کە جێگەی شانازی نەك تەنها ئێمەی کورد، بەڵکو بۆ هەموو مسوڵمانانی سەر ڕووی زەویە وجێگەی فەخرە و نمونەی بەرز و باڵایە و سونبولی نەتەوەکەمانە.

ئەگەر بێت وئەم کەسایەتیی و کلتورە ئیسلامییانە لە مێژووی کوردی دابڕنین ئەوە بێگومان شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نامێنێتەوە، کەواتە هەر هەوڵێك بۆ سڕینەوە و جیاکردنەوەی کلتوری ئیسلامی و شوێنەواری کەسایەتییە ئیسلامییەکانی کورد، و دابڕینی سەقافەتی ئیسلامی لە ڕەسەنایەتی میلەتی کورد، سڕینەوەی شارستانییەت و مێژوو و خەباتی گەلی کوردە، کە ئەمەش ستەمێکی گەورەیە و تاوانێکی ئێجگار قەبیحە.

بۆیە ئەمڕۆش دەبینین مامۆستایانی ئایینی درێژەپێدەری هەمان پەیڕەو و بەرنامەی پێشینە مەزنەکانیانن و لە هەر هەڕەشە و مەترسییەك کە ڕووبەڕووی میلەتەکەمان دەبێتەوە پێشەنگن تێیداو بە هەموو هێزو ووزەیەکیانەوە لە بەرگریدان و، بە ئاوێتەکردنی هەردوو باڵی (ئیسلامی بوون) و (نەتەوەیی بوون) میلەت ووشیار دەکەنەوە.

هەروەها لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی کردنی ئەزمونی حکومەتی هەرێمدا دیسانەوە هەر مامۆستایانی ئایینین کار بۆ پاراستنی دەستکەوت و داهاتەکانی دەکەن، ئەمیش لە ڕێگەی وتار و فەتوا و ڕێنمونیەکانیانەوە.

بۆیە ئێستەش بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە هەر لادان ولێکترازان و دووبەرەکییەك مامۆستایانی ئایینی پردی پەیوەندی وبنیاتنەرن.

ئەمەش ڕاستییەکەو بۆ زۆرێک تەنانەت نەیارانی زانایانیش ـ ڕوون بووەتەوە کە تاکە هێڵی دڵسۆزانە و ڕاستەقینەی پەیوەندی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە مامۆستایانی ئایینین، بۆیە دەبینین بۆ سەرکەوتنی کارو پرۆژە حکومییەکانیش پەنا دەبرێتە بەر مامۆستایانی ئایینی و مینبەری مزگەوتەکان، نمونەی ئەمەش وەك وەزارەتەکانی (شارەوانی وئاوەدانکردنەوە، بەرگری، تەندروستی، پەروەردە، مافی مرۆڤ، ژینگە، ...) هەروەها بۆ پرسەکانی (ژنان و گەنجان و بەرەنگار بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان وهتد...) دیسانەوە پەنا دەبرێتە بەر مامۆستاو مەلای کورد، کە بێگومان کاریگەریشیان لەسەر کۆمەڵگە شتێکی بەدیهییە وجێگە دەستیان دیارە و ئەنجامی باشیشی لێ بەدیهاتووە.

بۆیە بوونی زانایان و پێدانی ڕۆڵی زیاتر پێیان نەك تەنها خزمەت کردنە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە ئایینی هەڵبژێرراوی ئارەزوومەندانەی گەلی کوردە، بەڵکو بە پاك هێشتنەوەی کۆمەڵگەیەو زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحی نیشتیمان پەروەری و بەرگری و ڕاوەستانە لەبەرامبەر هەر مەترسییەك کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، سەرەڕای ئەمەش زانایانی ئایینی کورد مایەی بارسوکی وکەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی دەوڵەتن، چونکە هەر مامۆستایانن دەتوانن لە ڕێگەی ئایینەوە ڕق بۆ خۆشەویستی و دووبەرەکی بۆ یەکبوون و ناکۆکی بۆ ئاشتەوایی و خەم بۆ خۆشی بگۆڕن و داکۆکی لە ئارامی و ئۆقرەیی نیشتمان بکەن.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە حکومەتی کوردی ـ بە تەواوی جومگە جیاوازەکانییەوە وسەرجەم پارتەکان ـ بە ئیسلامی وعەلمانی و ئۆپۆزسیۆن ودەسەڵاتەوە قەرزداری دڵسۆزی و خەباتی پڕ لە مەینەتی وناسۆری زانایانی ئایینی و مزگەوتەکانن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا وەك پێویست ئاووڕیان لێ نەداونەتەوە، و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان پێ نەداوون.

بەڵام ئەوەی جێی داخی زیاترە کەسانێك بێ ئاگا لە مێژووی ڕەسەنی کوردی وخەباتی پەسەندی زانا و مەلا وشێخ و مزگەوت و حوجرە، دەیانەوێت ئەم حەقائیقە سەلمێنراوانە بشارنەوە و بیگۆڕن، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەندێك جاریش مەلاو مزگەوت و ئایینەکەشمان بە لەمپەری بەردەم پێشکەوتن و گەییشتن بە ئاوات دادەنێن، کە ئەمەش هەوڵێکی بێ هودەو هەڵمەتێکی نامەردانەیە، بۆیە لێرەوە پێیان دەڵێین ئەوەی زانا و مەلای کورد نەیکرد فەرموون ئێوە بیکەن، ئەوەی مامۆستای ئایینی هەڵەی تێدا کرد فەرموون ئێوە ڕاستی بکەنەوە، ئەو مافەی بە شێخ و مەلا ودینە ڕەسەنەکەمان ڕەوا نەبینرا با بە ئێوەی مۆدێرنخواز و ئازادیخواز و دیموکرات ڕەواببینرێت، بەڵام شتەکە ڕوونە و خۆیشیان هەست بەم ڕاستییانە دەکەن، بەڵام هەوا وئارەزووی دەرون و حیقد و بێ ویژدانی زاڵ بووە بەسەریاندا و گەورەیی و مەزنی مامۆستایانی ئایینی لەمڕۆدا زۆرێك چاوی پێدا هەڵنایە، زۆرجار ئەوەی مامۆستایانی ئایینی زیاتر نیگەران کردووە کەسانێك ئەم قسانە دەکەن فەریکە خوێندەوارن و خۆیان ناوناوە ڕۆشنبیر و دەمڕاستی نوسەران.

بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە هەتا مامۆستایانی ئایینی قازی و دەمڕاستی گەل بوون، کەلتور و کەلەپور و زمان وبەرگ و پۆشاك و دەنگ و ڕەنگی میلەت پاك وپوخت وپارێزراو بوو، بەڵام ئێستا بەناوی جیاواز و جۆراوجۆرەوە ڕەسەنایەتی نەتەوەکەمان بەرەو کاڵبوونەوە وپوکانەوە دەچێت، کە ئەمەش مەترسییەکی گەورەیەو، هەستی نیشتماندۆستی نەوەکانی داهاتوومان کرچ و کاڵ دەکاتەوە.

بۆیە لە ناو ئەم هەمووە تەم ومژو تەنگژەیەی کە بۆ زانایان دروستکراوە ئەرکی سەرشانی هەموانە زیاتر لە ڕابردوو توند و تۆڵ و دامەزراوتربن و بە حیکمەتە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە بەرەنگاری هەموو ناهەموارییەکان ببنەوە وتەمی تۆمەتی نەیاران بڕەوێننەوە و بەربادی بکەن.

* وتاربێژی مزگەوتی ئیمامی شافیعی/ هەڵەبجەی تازە

## لەڕووی ئاییینیەوە زانایان کار لە پێناو گەیاندنو پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن

# یەکێتی زانایان
# لەنێوان ئامانجو کاری ڕێکخراوەییدا

مەلا ئەمیر گەردی
amergardi@gmail.com



د. حەمید باقی:

### بو خورتکرنا چالاکیێن (ئێکەتیێ) پێتڤیە پتر گرنگیێ بێتەدان ب ڕێکخستنو کومبونو کورو سمیناران



سیروان گەردی

### پێویستە تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان یەکێتی زانایانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ڕۆژنامەنوسان هەبێت

یەکێتی زانایان وەك ڕێکخراوێکی دێرینی تایبەت بە زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو، خاوەنی رابردووێکی جوانو تەمەنێکی درێژی ٤٢ ساڵە، بە ئومێدەوە لە داهاتوێکی پڕشنگدارو گەش دەڕوانێتو، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی داوە ماڵێك بێتو، تێکڕای مامۆستایانی ئایینی کوردستان لەخۆ بگرێتو، دەرگایەك بێت بۆ خزمەتکردنی ئایینو نەتەوەو، رووە پڕ بەرەکەتو نوورینیەکەی ئیسلام وەك خۆی بەرجەستە بکات.

بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێکخراوەو، لە میانەی

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە گۆڕەپانی کوردستاندا ڕوویانداوەو هاتوونەتە پێش، یەکێتی زانایان چالاکانەو لە خۆبردووانە لە سەرجەمی باسو خواسەکان ئامادەیی گەرمو گوڕو ڕاستەوخۆی هەبووەو، هەوڵیداوە پشتیوانو دەنگی ڕاستیو بوێری زانایان بگەیەنێو ڕوون بکاتەوە.

بە مەبەستی چالاکتربوونی جموجۆڵو کاری ئایینی تایبەت بە زانایانو، بۆ زیاتر چالاك بوونی کاری ڕێکخراوەیی یەکێتی زانایانو، بە بۆنەی هاتنەوەی ڕۆژی ٩/٢١ کە ساڵیادی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە، بە پێوستمانزانی بۆ ژمارەی تایبەتی ئەمجارەی گۆڤاری پەیامی زانایان، چەند کەسایەتیو ڕۆشنبیرێکی کورستان بدوێنینو، ڕاو سەرنجو پێشنیارو تێبینیەکانیان بخەینە ڕوو:

سەرەتا بەرێز د. حەمید باقی ئەندامی ئەنجومەنی نوێرانی عیراق بە بۆنەی ئەو یادەو ڕۆڵی زانایان گوتی: بێگومان (ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ) د چەند قوناغان دا بوری یە، وەك هەمی بزاڤا ڕێزگارێخوازا مللەتی ل کوردستانێ، دهندەك قوناغان دا دەرفەتا کاری وچالاکیان کێم بوو، ود هندەك جاران دا ژی باشبوو، بەلێ بگشتێ کار وچالاکیێن (ئێکەتیێ) د باشن، دەستخوشیێ ل هەمێ هەڤالێن خوشتڤی دکەم بو زەحمەت وماندی بوونا وان، بەلێ دڤێت ئەم هەمی پشکداریێ بکەین وکار وبزاڤێن (ئێکەتیێ) باشتر ومفادارتر بکەین بو مللەتی و وەلاتی.

(ئێکەتی) ب زور ئەرکان ڕابویە هەتا نوکە، لێ پێتڤیە ئەم وەك (ئێکەتیا زانایان) پتر گرنگیێ بدینە: پێوەندیێن ژ دەرڤە ل ناڤ جیهانا ئیسلامێ ودوزا مللەتێ کوردستانێ بدروستایێ بگەهینینە هەمیان، وئو زولم وزورداریا ل سەر مللەتێ مە بو موسلمانا هەمیان دیار وئاشکرا بکەین، هەروەسا پتر خوە ل کێشە وئاریشێن جڤاکی بکینە خودان وچارەسەریێن برێك وپێك بو ببینین، وپتر پەیاما مینبەرێ ومزگەفتێ ڕێکبێخین کو باشتر خزمەتا ئایینی وجڤاکی و وەلاتی بکەت، وخوە ل زانایان بکەتە خودان وبەرەڤانیەکا باش ژ وان ومافێن وان بکەت.

بو خورتکرنا چالاکیێن (ئێکەتیێ) پێتڤیە پتر گرنگیێ بێتەدان ب ڕێکخستن وکومبون وکور وسمیناران، ولایەنێن ڕاگەهاندنێ بگشتی، وخولێن زانستی وپەیڤخواندنێ، ونویکرنا شێواز وزمانێ (ختابا) ئایینی کو پەیاما ئیسلامێ ب دروستایی بگەهینیت ویا گونجای ژی بیت د گەل نوییاتیا د ژیانێ دا پەیدا دبیت .

بدیتنا من نوکە ژینگەها کوردستانێ زور یا گونجایە بو زێدەکرنا چالاکیێن (ئێکەتیا زانایان)، تەنها ئەگەر کوسپەیەك هەبیت هەر ئەم بخوینە، دڤێت ئەم پتر ڕێزێ ل ئێك ودوو بگرین وخوە پتر ڕێکبێخین وهەڤکاریەکا زور باشتر دگەل ئێك ودوو

بکەین، دەمێ زانایێن ئایینی ئێکبن وڕێزێ ل (ئێکەیتیا زانایان) بگرن، دێ جڤاك وحکومەت ژی هزرەکا باشتر بو (ئێکەتیێ) کەن وپتر پویتەی پێ دەن، ودەرفەتا کاری وچالاکیان دێ یا باشتربیت.

بێگومان (ئێکەتیا زانایان) شیایە هەتا ڕادەیەکێ خزمەتا زانایان وموسلمانێن کوردستانێ بکەت لێ ئەڤرو پێتڤیە پتر خزمەتا زانایێن ئایینی بێتەکرن وبەرەڤانیەکا باشتر ژ ماف وبەرژەوەندیێن زانا ومزگەفتی بێتەکرن، وپتر خوە ل کێشە وگرفتاریێن جڤاکی بکەنە خودان، وپتر گرنگیێ بدەنە (فەتوایێ) و(پەیاما مزگەفتی) و(خواندنا ئایینی ل قوتابخانە وپەیمانگەهـ وزانکویان) و(نویکرنا شێوازێ گازیا ئیسلامێ) ونەهێلانا داب ونەریتێن خراب د ناڤ کومەلێ دا...

زور یا گرنگە پشکەك بو ژنان د ناڤ (ئیکەتیا زانایان) دا هەبیت دا برەنگەکی باشتر وچێتر و گرنگتر بچنە د ناڤ بابەت وکێشە وئارێشە وداخوازیێن ژنان دا..

ئەز حەزدکەم ئەم پتر خزمەتا (ئێکەتیا زانایان) بکەین ب ڕێکا بەلاڤکرنا برایەتیێ وڤیانێ وئێکسانیێ د ناڤبەرا ئەندامێن (ئێکەتیێ) دا، ئەو زانایێن بو دەمەکی درێژ خزمەتا ئایینی وزانستی ومزگەفتی کری — ل دویف هندەك بیڤەران— د ئاهەنگێن هەژی دا ڕێز لێ بیتەگرتن، ودەمێ وەغەردکەن پویتە ب فاتحا وان بێتەدان ژ لایێ (ئێکەتیێ) و(زانایان)، وبیروەریێن زانایێن بناڤ ودەنگ بێنە ساخکرن.. وگرنگی ب خواندنێن ئیسلامی وئایینی بێتەدان د ناڤ قوتابخانە وزانکویان دا، وپێوەندیێن (ئێکەتیێ) خورتبن دگەل دام ودەزگەهێن ئیسلامی وئایینی ل جیهانا ئیسلامی ول سەرانسەری جیهانێ.

دواتر بەڕێز سیروان گەردی بەرپرسی سەنتەری ئاسودە بۆ ڕاپرسیو پەرەپێدانی سیاسیو، وتەبیژی فیدراسۆنی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان، سەبارەت بە ڕۆڵی یەکێتی زانایانو کارو چالاکیەکانی بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتنو گوتی: دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کاریکی زۆر پیرۆزە کاری زۆر باشیشی کردوە، کە دەکرێ بڵێین: گرنگترینیان کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئایینیە لە یەك وێستگە، بۆ ئەوەی گەر ناکۆکی لەسەر جیاوازی بیکردنەوەکانیش هەبێت نەگاتە ئاستی جیاوازی سونەتو فەرزەکان، بێگومان لە دوای دوا کۆنگرەی یەکێتی زانایان، گۆڕانێکی گرنگ لە کارو چالاکیو هەڵوێستی یەکێتی زانایان هاتوەو، بە شێوەیەکی بەرچاو بە ئەرکەکانی خۆی هەڵساوە، بە تایبەت لە دەرکردنی بەیاننامە و بینینی ڕۆڵی بەچاو لەسەرجەم ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکەو، ڕای من وایە: دەبێت لە

# ماموستایانی ئایینی هۆکارێکی گرنگن لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بارەی مافەکانی مرۆڤو مافەکانی ئافرەت

ئایندەدا یەکێتی زانایان رۆڵی زیاتر ببینن لەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری زیاتری ماموستایانی ئاینی، بەتایبەت کە گرنگە یەکێتی زانایان لە هەوڵی ئەوە دابێت خولی زیاتر بۆ ماموستایانی ئایینی بکاتەوەو، کۆبونەوەو لەیەکتر تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان یەکێتی زانایانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو رۆژنامەنوسان ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی سپێیس نەکەوێتە نێوانیان، گەر سپێسی فکریش کەوتە نێوانیان بەڵام نەبێتە هۆی ناشیرینکردنی یەکتر لە تی ڤیەکان.

لەلایەن خۆیشیەوە بەڕێز سەلام کەریم سیدان، راوێژکارو بەرپرسی راگەیاندنی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوتی: یەکێتی زانایان توانیویەتی کار و چالاکیەکی بێوێنە ئەنجام بدات، بەڵکو من پێموایە موعجیزەی ئەنجامداوە، چونکە لە ماوەیەکی کەمداو، بەتایبەت لە دوای کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٩ بۆتە دەزگاییێکی چالاکی پڕ وزە، رادیۆی تایبەتی خۆی هەیە، سایتێکی تایبەت بەکارایی لێهاتووییەوە کارپێدەکاتو، جگە لە دەرکردنی گۆڤارو، حزوری ئامادەبوونیان لە خول و سیمینار و سەردانەکان، کە ئەمانە هەموویان کاری باشن و دەستخۆشیان لێ دەکەینو، لە تموحی هەموو لایەکمان دا هەیە کە یەکێتی زانایان بتوانێ کارا تربێت، بە تایبەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان، بێگومانیش هەتا زیاتر خاوەن بروانامەکان بێنە نێو ریزی یەکێتی زانایانو، بە ئارەزووی خۆیان بخزێننە ناو کاری شەرعی و ئیختصاص وەرگرتن لە جۆرەها کاری پێویست گرفتەکان کەمتر دەبن، بۆ نمونە کاتی هاتوە هەندێك لە زانایان لە بواری توندوتیژیو پێکەوەژیان و ژینگەو کاربکەن.

بەگشتی هەنگاوی باش هەن بەڵام ماویەتی، بۆ نمونە: یەکێتی زانایانی خاوەنی داهاتێکی سەربەخۆ دەبوو، تا هەیبەتێکی ترو زیاتری هەبوایە.

پاشان بەڕێز حەسیب ئەدیب عەبدی نوسەر و رۆشنبیرو، ئەندامی سەندیکای روژنامەنووسانی کوردستان، لە ئەڵمانیا گوتی: یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو، کارو چالاکیەکانی وا پیرۆزو سەرکەوتووانەیە کە گەورەترە لەوەی من بتوانم بەرامبەری بیرو رای خۆم دەربڕم، بەڕاستی ئێستا وجودی هەیەو دەست و پەنجەی دیارە، رۆڵی لەبەر چاوە، کە گرنگترینیان کۆکردنەوەو یەك دەنگردنی زانایانی ئایینیو وتاربێژانی کوردستانە، بۆیە پێموایە کە دەبێ ئیهتیمامێکی تایبەت بە یەکێتی زانایان بدرێتو، هاوبەش بێت لە هەموو کارو چالاکیە حکومیو شارەستانیەکانو، بەشداریو ئامادەییان هەبێ، لە بەرامبەریشدا یەکێتی زانایان بێجگە لە گەیاندنو جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینیەکان، لە گورەپانی خەبات وەك رابردوو پارێزەری سەقامگیریو ئەمن و ئاسایشو پێشکەوتنی کوردستان بن، بە تایبەت کە ماموستایانی ئایینی جێگای رێزو رەزامەندی خەڵکی موسوڵمان و بە شەرەڤی کوردستانن و جێگەی خوشەویستین، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و، هیوادارم گرنگی زیاتر بە یەکێتی زانایانی کوردستان بدرێت، لە هەر شوێنو هەر کارێك بۆ وەرگرتن و زەنگینتر کردنی کارەکان لە هەر دانیشتنێكو سمینارێك و چاوپێکەوتنێك، نوێنەرانی ئەم یەکێتیە پیرۆزە بەشدار بن.

دواتر بەڕێز مەریوان نەقشبەندی بەرێوەبەری پێشکەوتو لەوەزارەتی ئەوقافو، راگەیاندنکارو شارەزا لەبواری پێکەوەژیان، بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتنو گوتی: سەرەتا پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دەکەم، کاروچالاکی یەکێتی زانایان وابەستەی کۆمەڵێك پێشهاتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری سیاسی لەناوچەکەدا بووە، کە کوردستانی خۆشمان بەشێك لەبیرکردنەوەی ئەو گۆرانکاریانەی گەشتوەتێ، بۆیە ئەگەر لەکار و چالاکیەکاندا کەموکوڕی هەبوبێت ئەوا کاریگەریە ئیجابیەکانی یەکێتی زانایان بەدڵنیاییەوە لەکەموکوڕیەکان زیاتر بووە، یەکێتی زانایان لەو ساڵەی رابردودا ناچار بووە خۆی لەزۆر پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوریش بدات، کە رەنگە کاری ئەم رێکخراوەش نەبوبێت و هەندێ جاریش خراپ لەسەری کەوتبێت، بەڵام دەتوانم شایەتی ئەوە بدەم کە لەم ساڵەی رابردودا یەکێتی زانایان ئەرکێکی قورسی لەسەر شان بووەو، لەبەرامبەردا ئەداتی کارکردنی زۆر کەمی لەبەردەستتدا بووەو، ئەوەش پەیوەندی بەئەدای خراپی ئەو دەزگا پەرلەمانیو حکومیانەوە هەیە، کە پەیوەندی تەواوکاریان لەگەڵ یەکێتی زانایان هەیە، من نازانم توانای مادی و دارایی یەکێتی زانایان لەچ ئاستێکدایەو چەندە، بەڵام دەکرا لەپرۆسەی رۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئەدای وتارخوێنو موفتیە شەرعیەکاندا کاری زیاتری بکردایە و، ئەو بۆشاییەی پڕبکردایەتەوە کە دەبوو وەزارەتی ئەوقاف پڕی بکاتەوە، هەست دەکەم هەموو توانا شەرعی و ئیداریەکانی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەروی گەیاندنی ئامۆژگاری و وەعزی نەتەوەیی و ئاینی و نیشتمانیەوە سودی لێوەرنەگیراوە و، دەکرا ژمارەیەکی زیاتر لەزانایانی ئیسلامی کارامە و ئەکادیمی بخرانایەتە ژێر چەتری خزمەتەکانی یەکێتی زانایان، دەبێ رەخنەی ئەوەش بگرم کە وەك هاوکارێکی یەکێتی زانایان و بەتایبەتیش سەرۆکی یەکێتی زانایان و جێگرەکەی و هەموو ئەو بەرێزانەی لەبەشی راگەیاندنی یەکێتی زانایان کار دەکەن، ئەمەوێ ئەو رەخنەیەم دوبارە بکەمەوە کە کارکردنتان لەبواری ئێرشادو دەعوەی ئیسلامی هەندێ جار لەسەر حسابی کەمینە ئاینیەکانی دیکە بووەو، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لەناو هەندێ لەرۆشنبیراندا تێڕوانینی جیاجیا دروست بێت و، وابیبنن کە ماموستایانی ئاینیو یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لەبەرەیەکی کۆمەڵگایە بەرامبەر بەرەیەکی دیکە، لەکاتێکدا زانایانی ئاینی هەمیشە لەیەك بەرەدا بوون کە هەموو خەڵکی کوردستانی بەجیاوازی ئاین و رەگەزەکانەوە تێدا بووە.



سەلام کەریم سیدان

**دوای کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٩ یەکێتی زانایان بۆتە دەزگاییێکی چالاکی پڕ وزە**



حەسیب ئەدیب:

**پێویستە یەکێتی زانایان لە چالاکیە حکومیو شارستانیەکان بەژدار بێت**



مەریوان نەقشبەندی:

**دەکرا لە پرۆسەی رۆشنبیرکردنو بەرزکردنەوەی ئەدای وتارخوێنان کاری زیاتری بکردایە**

# پێویستە زانایان زیاتر ڕۆڵی ئاینپەروەری لەناو کۆمەڵگە بڵاو بکەنەوە

## لە پەراوێزی ساڵیادی دامەزراندیەوە

# پێگەی یەکێتی زانایان لە چ ئاستێکدایەو لەڕووی پیشەییەوە چۆن هەنگاو دەنێت !؟



**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی:**

## یەکێتی زانایان خزمەتی باشی پێشکەش بە کۆمەڵگەو موسڵمانان کردووە

**ئا: عەبدوڵڵا ئەحمەد**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە زانایانی ئایینی، کە لە ١٩٧٠/٩/٢١ لە سەر دەستی رابەری مەزنی کورد مەلا مستەفای بارزانی دامەزراو یەکەم کۆنگرەی خۆی لە گەلاڵەی باڵەکایەتی بەست، ئەو یەکێتیە هەر لەو کاتەوە تا ئیستاش ڕێرەوی بەردەوامەو بە ئاراستەی تێکۆشان لە پێناو هزری ئاینو نەتەوە پەروەریەوە خزمەت دەکاتو، دەیەوێ مافی زانایانی ئاینی پارێزراو بکاتو لەهەمان کاتیشدا ئامانجیەتی رۆڵەکانی ئەم میللەتە بە بیری ئاینیو نەتەوەیی گۆش بکاتو، رووبەڕی هەموو ئەو ئاکارو پێشهاتە سەلبیانەش بێت، کە مەترسی بۆ سەر بیرو باوەڕی خەڵکی کوردی موسڵمان دروست دەکەن، ئینتیمای نەتەوەییو خۆشەویستی نیشتمانو پشتگیری یاساو حکومەتو پەرلەمانیش بەشێکی گەورەی ئامانجی ئەو یەکێتیە پێك دەهێنێ، بۆ وەرگرتنی هەڵوێستو بۆچوونی زانایانی ئاینی سەبارەت بەو یادە شکۆدارەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو بۆ هەڵسەنگاندنو قسەکردن لەسەر ئەو مێژووەو خستنە رووی لایەنە ئیجابیەکانو دیار کردنی کەمو کوریەکان بە پێویستمان زانی چەند کەسایەتیەك بدوێننو بۆچوونو سەرنجو پێشنیارو خاڵە بەهێزو لاوازەکان دیاری بکەین:..**

سەرەتا بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان سەبارەت بەو یادەو رۆڵو خزمەتەکانی زانایانی ئایینی گوتی: وێڕای پیرۆزبابییم بۆ هەموو زانا بەڕێزەکانی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندەوە، وە دەستخۆشی بۆ هەموو ئەوانی لە ئێستاو رابردوو لناو خودی ئەو یەکێتیە ماندووبوونو ئەرکیان کێشاوە، بەراستی یەکێتی زانایان خزمەتێکی باشو بەرچاوی پێشکەش بە کۆمەڵگەو موسڵمانان کردووە، ئەوەش وەنەبێ وەك منەتکردن باس بکرێ بەڵکو هەمیشە بە ئەرکی خۆیان زانیوە ئەو خزمەتە بکەنو لەگەڵ خۆشیو نەخۆشیەکانی میللەتی خۆیان بن.

بۆیە من هیوادارم ئەو یادە ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی مامۆستایانی ئایینی بتوانن بە شێوەیەکی جوانتر خزمەتەکانیان قوڵتر بکەنەوەو بایەخی زیاتر بە خوێندنەوەو قوڵبوونەوە لە علومی ئیسلامی بدەن.

بۆ ئەوەی لە رێی وتارەکانیان زیاتر خەڵك هۆشیار بکەنەوە لە مەسەلە هەستیارەکاندا، هەمیش بۆ ئەوەی ئاستی زانستی وتاری هەینی بەرەو پێش چوونێك بەخۆیەوە ببینێو کاریگەری زیاتر دروست بکات.

خاڵێکی تر ئەوەیە لە مەسەلەی فەتوادانو بڕیاری شەرعەوە سەبارەت بە پرسە نوێیەکان، پێویستە مامۆستایانی ئایینی بگەڕێنەوە بۆ لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی مەسەلەی فەتوا ئاڵۆز نەبێو خەڵك نەکەوێتە ڕا ڕاییەوە.

هەروەك پێویستە یەکریزی زانایان بە شێوەیەکی باش بەرچاو بکەوێ، بۆ ئەوەی ببێتە سیمایەکی گرنگ لە دروست بوونی یەکریزی لەناو کۆمەڵی کوردەواریو لایەنە سیاسیەکانەوە، هەمیش بۆ ئەوەی بە یەك دەستو بازوو بتوانین خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەین.



**مومتاز حەیدەری:**

## دامەزراندنو دروست بوونی یەکێتی زانایان دەسکەوتێکی شارستانیو نەتەوەییە

بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری نوسەرو رۆژنامەنووسو سەرنووسەری هەردوو گوڤاری (k21)و (لەیلا قاسم) سەبارەت بە مێژووی دروست بوونی یەکێتی زانایانو رۆڵی ئەو یەکێتیە

# هەوڵدان بۆ بنەبڕ کردنی دیاردە قێزەونەکان ئامانجی یەکێتیەکەمانە



مامۆستا مەلا عبدالسلام تاوگۆزی:

## یەکێتی زانایان توانیویەتی بەشێوازێکی میانەڕەوانەو دەوری ئیسلاحخوازی ڕۆڵی خۆی ببینێ

لەناو گۆمەڵگەدا گوتی: بەر لە هەر شتێك پیرۆزبایی ئەو یادە لەسەرجەم زانایان پیرۆز دەکەم، چونکە دامەزراندنی ئەو یەکێتیە دەسکەوتێکی شارستانیو مێژوویی‌و نەتەوەیی گرنگە، کە ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا، بۆ ئەوەی هەموو زانایانی ئایینی لە کوردستان لەو ڕێکخراوەدا یەك بخرێن.

مەعلومە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەزانین کە خوێندنو خوێندەواری لە مزگەوتو لەسەر دەستی مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان سەری هەڵداوەو مزگەوت ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەو بوارەدا، بۆیەش لەماوەی چوارسەدەی رابردوو دەبینین سەدان کەڵە زانای گەورە لە کوردستان سەریان هەڵداوەو بوونە ئەستێرەیەکی دیار لە ئاسمانی کوردستان.

دامەزراندنی یەکێتی زانایان بۆ ئەو قۆناغو ئێستاش دەورێکی گرنگی هەبووەو کەلێکی گەورەشی لە مەیدانی ڕێکخستنەوەی ژیانی کوردەواری هەبووە، دیاریشە ئەو ڕێکخستنەوە کاریگەری زۆری هەیە، چونکە چەندەی ڕێکخراوەکانی ڕۆشنبیری‌و ئایینی‌و کلتووری‌و سیاسی‌و ئابووری ڕێك بخرێن‌و بە ڕێکخستنێکی باشەوە بڕۆن بەڕێوە ئەوەندە زیاتر کۆمەڵگە بەرەو پێش دەڕوات.

ئەو یەکێتیە لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی ئەوساو لەسەر دەستی مەلا مستەفای بارزانی دروست بوو، کە من ئەوە پەیامنێرێك ئەو کات بەژدار بووم تێیدا، کۆنگرەکە بە بەژداری ژمارەیەکی زۆر لە زانایان‌و کەسایەتی سیاسی‌و ڕۆشنبیری بەڕێوەچوو، کە ئەو کات زۆربەی ڕێکخراوەکان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی ئەو یەکێتیە کرد، منیش بەناوی بنەماڵەی حەیدەریان بروسکەیەکی پیرۆزبایم نووسی خودی مامۆستا مەلا عەلی بروسکەکەی خوێندەوە.

لەو کاتەوە ئەو یەکێتیە بووە دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتی‌و پیشەیی‌و کلتووری لەناو کۆمەڵگەدا، چونکە زانایان هەمیشە پێشەنگ بوونە لەناو خەڵکدا.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو ئەو هێمنیە بوو، کە لەناو مامۆستایانی ئایینی هەبوو، کەس نەبوو لە ڕێی دینەوە کەسێکی تر بریندار بکات، کە ئەمەش وای کردبوو، ئاستی هۆشیاری خەڵك لە رووی دینداری‌و جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و هەستی خزمەتکردن بە خاك‌و وڵات لە ئاستێکی بەرز دابێت.

کە من هیوادارم ئەو راستیە زیندوو بێتەوەو یەکێتی زانایان بزانێ کە لەسەر بنەماو پەیامێکی پاك‌و جوان دروست بوو، پێویستە ئێستا لەسەر هەمان پاکی‌و جوانی بڕوات‌و ئەو ڕۆحیەتە زیاتر زیندوو بکاتەوە.

پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ مزگەوتەکانمان بۆ هەڵساندنەوەی ڕۆحی هۆشیاری خەڵك بەکار بێت‌و، ببنەوە ناوەندێکی گرنگی زانستی بۆ کۆمەڵگە.

یەکێتی زانایان کە دەزگایەکی گەورەی سەرتاسەری کوردستانیە، پێویستە ڕۆڵ ببینێ لە دروستکردنی چاکسازی کۆمەڵگەو هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بە ڕۆحی ئیسلامەوە، بە تایبەت لەو قۆناغە ناسکە کە دوژمنان دەیانەوێ بە جۆرەها شێوە جوانیەکانمان لەبەین ببەن.

پێویستە یەکێتی زانایان لەگەڵ ئەو ساڵیادە بەخۆی دابچێتەوەو کار لەسەر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بکات، کە هەستیان پێ دەکات‌و بە گیانێکی راشکاوانەو راستیانە پەیڕەوی ئەو ڕێبازە بکات، کە لە دێرینەوە تا ئێستا سوودی بۆ کورد تێدا بووە.

جاری وا هەیە بەناوی مەلایەك قسەیەك دەکرێ، کە لە راستیدا لەوانەیە مەلا نەبی وەك پێویست، دواتر قسەکە بەسەر تەواوی زانایان دەشکێتەوە، ئەوەش هەڵەی گەورە بەدوای خۆی دادێنێت، کە من هیوادارام یەکێتی زانایان کار لەسەر ئەو بابەتەو تێکڕای ئەو هەنگاوانە بکات، کە بە قازانجی میللەتی کورد تەواو دەبێت.

**مامۆستا مەلا عبدالسلام محمود محمد تاوگۆزی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی شافعی لە شارەدێی گردەگۆزینە** سەبارەت بە مێژووی ئەو یەکێتیە دەڵێ: یەکێتی زانایانی ئاینی وەك



زانا ڕۆستایی:

## پێویستە زانایان کێشە هەنوکەییەکانی خەڵك بکەنە هەوێنی بابەت‌و وتارەکانیان

ڕێکخراوێکی پیشەیی کە لە بەرواری ٢٠/٩/١٩٧٠میلادی دامەزراوە، هەتاوەکو ئەمڕۆ خاوەنی مێژوویەکی دورو درێژەو، لە ساتەوە تاکو ئێستا لە تێکۆشانی بە ردەوامدا بووە بەمەبەستی خزمەت کردنی مامۆستایانی ئاینی‌و داکۆکی کردن لە مافەکانیان و لە پێناوەشدا هەوڵی زۆری داوەو ناڕەحەتی زۆریشی بینیوە.

یەکێتی زانایان لە درێژایەتی تەمەنیدا توانیویەتی بە ئەندازەیەکی باش خزمەت بکات و بەو ئەرکە هەستێ کە بۆی دامەزرا، بە تایبەتی لە ڕوی ئاینییەوە توانیویەتی کاربکات بۆ گەیاندن و پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕوو جوانەکەی ئەم دینە بۆ موسوڵمانان دەربخات لە ڕووی نەتەوەییەوە توانیویەتی وەك ڕێکخراوێکی چالاك هەوڵ بدات بۆ بەرەو پێش بردنی ئەزمونی گەلەکەمان و دەورێکی چاك ببینێ لە هەموو کایەکاندا

لە پیشەییەوە توانیویەتی زۆربەی زانایانی ئاینی لە ژێر چەتری ئەم ڕێکخراوەدا کۆ بکاتەوە و بەگوێرەی توانا داکۆکی کاربێت لە مافەکانیان.

مامۆستا مەلا عبدالسلام لەبارەی ئێستای ئەو ڕێکخراوە دەڵێ: دەوری یەکێتی زانایانی ئایینی لە ئێستادا لە ژیر چەتری ئەم ستافەدا دەورێکی چاکترو چالاکتری هەیە بە نیسبەت ستافەکانی پێش خۆی "وە توانیویەتی لە زۆربەی ڕوداوەکانی کوردستاندا ڕۆڵی خۆی بە جوانی‌و میانەڕەوانە ببینێ‌و دەوری ئیصلاح ببینێ لە ڕووداوەکاندا.

# مامۆستایانی ئاینی هەمیشە چرای روناکی کۆمەڵگەی کوردەوارین

هەروەها دەڵێ: بە دڵنیاییەوە ئەم رێکخراوە توانیویەتی تا ئەندازەیەکی زۆر باش دەوری خۆی ببینێ و قسەی خۆی هەبێ لە مەسئەلە چارەنوس سازەکاندا "وە توانیویەتی جێگای خۆی بکاتەوە لە دڵی زۆربەی مامۆستایانی ئاینیدا و کۆیان بکاتەوە لە رێکخراوەیەدا "وە داکۆکی کارێکی باش بێت بۆ مامۆستایانی ئاینی و خزمەت کردنی ئەم دینە بە شێوازە جوان و راستەکەی و ناساندنی ئەم گەلە بە گەلێکی موسوڵمانی راستەقینەو دڵسۆز بە هەموو جیهان.

لە کۆتایی قسەکانی مامۆستا چەند پێشنیارێك دەخاتە روو بۆ یەکێتی زانایانو دەڵێ: پەیام و پێشنیاری من بۆ یەکێتی زانایانی ئاینی لە خاڵانەدا کۆدەکەمەوە:

١-هەوڵی کردنەوەی کەناڵیکی فەزایی تایبەت بە زانایان بۆ خزمەت کردن بە ئاینی ئیسلام و گەیاندنی روی جوانی ئیسلام بە موسڵمانان و وە بۆ پوچەڵ کردنەوەی شوبوهاتی ئەوانەی رەخنە لەم دینە دەگرن بە شێوازێکی ئە کادیمی و جوان دوور لە توندو تیژی .

٢-زیاترو زۆرتر بەرەودان بەکردنەوەی خولی رۆشنبیری و ناردنەدەرەوەی مامۆستایان بۆ وڵاتانی هاوسێ لە پێناو بەهێزکردنی ئاستی رۆشنبیری مامۆستایانی ئاینی.

٣-دروست کردنی لیژنەیەکی بە توانا وشیاو بۆ وەڵام دانەوەو رەدکردنەوەی ئەو شوبهانەی لە رۆژنامەو کەناڵەکاندا ئەکرێتە سەر موقەدەساتی ئیسلام.

هەروەها مامۆستا زانا رۆستایی: ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە بارەی ئەرکو رۆڵو پێگەی زانایانی ئاینیی لە ئێستاو رابردوو گوتی: دیارە مەلای کورد لەو قۆناغەی کە نەتەوەوەکەمانو وڵاتەکەمانو حاڵەتی ئیسلامیی پێی تێپەڕ دەبێت، کۆمەڵێك ئەرکو بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی لەقەدەر داخوازیەکانی ئیسلامەتی بێت لەم قۆناغەدا وەکو پەرەپێدانی تواناکانیو نوێکردنەوەی زانیاریەکانیو داهێنانو نوێکاری لە شێوازی بانگەوازو خۆرێکخستنو بینینی رۆڵی کاریگەرتر لەسەر گۆرەپانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بەرجەستەکردنی پەیامی پڕ سۆزو رەحمەتی ئیسلام لە کەسایەتی خۆیداو هەڵوێست هەبوون لەبەرامبەر کەموکوڕیو رووداوەکاندا.

مەلای کورد لەگەڵ ئەو رۆڵە مێژوییەی، کە زانایانی کورد لە رابوردوودا هەیانبوە، مامۆستایانی ئەم سەردەمە پێویستە زیاتر کۆشش بکەن، تا وەکو ئەوان کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا دەسەڵاتداراندا هەبێت.

پێشنیاریشم بۆ مامۆستایانی کوردستان ئەوەیە هەوڵی جیددی بدەن سەرچاوەیەکی بژێوی سەربەخۆ و بێ منەت پەیدا بکەن بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر فشاری هیچ کەسو لایەنێكو



مامۆستا مەلا ئەحمەد محمد ئیسماعیل:

## ئێستای یەکێتی زانایان باش دەبینمو چاوەڕێی زیاتریان لێ دەکەم

باشتر بتوانن پیادەی بەرنامەکەیان بکەنو رۆڵی خۆیان ببینن.

مەسەلەیەکی تری گرنگ هۆشیاری سیاسیو نەتەوەییو واقیعیە، کە بەداخەوە مەلای کورد وەکو باقی توێژەکانی کۆمەڵگا کەمتەرخەمی پێوە دیارە، بۆیە لەو بوارەشدا پێویستە مامۆستایانی قەدر گران بزانن ئەوان لەچ سەردەمێك دەژینو قسە بۆ کێ دەکەنو کام بابەت بۆ کام شوێنو کام کات گونجاوە، هەروەها پێویستە زانایان کێشە هەنوکەییەکانی خەڵك بکەنە هەوێنی بابەتو وتارەکانیانو لەو دەروازانەوە بچنە ناو ناخی جەماوەر بۆ پێشڕەوی کردنیانو هۆشیارکردنەوەیان و دوورخستنەوەیان لە گوناحو تاوان.

**هەروەها مامۆستا مەلا ئەحمەد محمد ئیسماعیل پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی بەردەسور لەکەلار** سەبارەت بەو رێکخراوەو ساڵیادی دامەزراندیەوە دەڵێ: دیارە مێژوی زانایان مێژوییەکی پرشنگدارە "سوپاس بۆ خوا چونکە لە سەر دەستی کۆمەڵێ زانای پایە بەرزو دڵسۆز بۆ ئیسلام و زانایان دروست بووە. بۆیە مێژوەکەی وەك زانایان پاکو بێگەردە.

سوپاس بۆ خوا ئێستای یەکێتی زانایان باش ئەبینم " دیارە لە ماوەی کارکردنیدا توشی چەندان کێشەو گرفت هاتووە "بەڵام ئێستا دوای ئەم گونگرەیە بە تایبەتی زۆرباشە "بەلام هێشتا لە جێ تموح و ئاواتی مندا نیە " بۆیە هیوای زۆرم بەم ستافەی مەکتەبی تەنفیزی یە. بەتایبەت جەنابی سەرۆك بۆیە هیوام زۆر پێیانەو چاوەڕێی زیاتریان لێ ئەکەم.

مامۆستا مەلا ئەحمەد لەبارەی ئاست ئەدای کاری رێکخراوەبیانەی ئەو یەکێتیە زیاتر دەڵێ: دیارە رێکخراوەکەمان چاوەڕێی زیاتری لێئەکەین بۆیە وەك عەرزم کردن ئەمەی ئێستە باشە بەس چاوەڕێی زۆر زۆر زیاترمانە "چونکە ریکخراوی تر هەیە زۆر زیاتر پێداگری ئەکات لە مافەکانی خۆی. هەرچەندە ئەوەشمان لە یاد نەچێ ئەکرێ هەندێك هەڵوێست بۆ کەسانێك دەست بات " بەڵام بۆ زانایان نابێت " بەڵام هەر بێ هیوا نیم لە رێکخراوەکەمان. وە بۆ کۆمەڵگاکەشمان دیارە زانایان چی ئیفتیخارو شانازیە ئەگەر تۆزێك بە مێژودا بڕۆینەوە ئەبینین سەرکردەی شۆڕشەکان و ئەوانەی گیانیان بەخت کردووە زانایان بوون یان بە فەتواو رێنمای زانایان بووە، بۆیە رێکخراوی زانایان جێی شانازیمانەو وەك زانایان وە جێ شانازی کۆمەڵگاکەمانە.

لە کۆتایی قسەکانی مامۆستا چەند پێشنیارێك دەخاتە بەر چاوی ئەو یەکێتیە بۆ ئەوەی لە بەرنامەی کاری داهاتووی ئیشیان لەەر بکاتو زیاتر لەسەر ئەرزی واقیع بیان چەسپێنێ، هەر وەك دەڵێ: پێشنیارم بۆ ئەو رێکخراوە ئەو چەند خاڵەی خوارەوەیە:

١- لە خۆمەوە دەست پێئەکەم ئەبێت زیاتر لە هەوڵی باشترکردن و بەهێز کردنی رێکخراوەکەماندا بم " بەوەی خۆمان زیاتر ماندوو بکەین لە دەست خستنی زانست و زانیاری بۆ ئەوەی مایەی روو سوری بێت بۆ زانایان

٢- باش وایە مامۆستایانمان رێز تەواویان بۆ رێنمای و فەتواو بۆ چونەکانی لیژنە فەتواکان و باڵا هەبێت " چونکە پەرتەوازەیی هەرکەس بۆ خۆی زیانی زۆر زۆر گەورە لە و رێکخراوە ئەدات.

٣- هەوڵدان بۆ دروست کردنی سەنتەری رۆشنبیری لە سەرجەم لقەکاندا بۆ ئەوەی بەردەوام خول بکاتەوە بۆ زانایان تاوەکو زانایان رۆشنبیر تر بن بە تایبەت لەم رۆژگارەدا.

٤- هەوڵدان بۆ زیاتر ئاشناکردنی زانایان بە دنیای دەرەوە تا رۆشنبیری زیاتر بدات بە زانایان.

٥- هەوڵدان بۆ زیاتر ئاشنا بوونی زانایان لە ناوخۆی رێکخراودا وەك یەکتر ناسین و سەردان کردنی لقەکان لە نێوان خۆیاندا نەك بەس لق بەڵکو دابەزێت بۆ ناوچەکان.

٦- زیاتر بەهێز کردنی گۆڤارەکەمان تاوەکو ئاستی زیاتر بەرزبێت... وەبەهێزکردنی سایتی زانایان و دانانی چەندان لینك و بابەتی تر. ئەوەش زیاتر بە هێز کردنی ستافەکەی و زیاتر فکر کراوەتریان بۆ ئەوەی سایتێك بێت بۆ زیاتر سود بە خشین بە زانایان و کەسانی تر.

# مامۆستاینی ئاینیو پتەو كردنی پەیوەندی نێوان تاكەكان

## مەلا نەوزاد شەرەبۆتی



مامۆستاینی ئاینی لە هەموو سەردەمەكان لەپێشەوە بوونە لە زۆربەی كارەكان راوێژیان پێ دەكرێ لەلایەن موسڵمانانەوە، چونكە جێگای متمانەو رێزن مامۆستایانی ئاینی لە بانگخوازی هیچ كات بێ تاقەت نابن بەردەوام موسلمانان وشیار دەكەنەوە وە پەیامی خۆیان بە گەلەكەی خۆیان را دەگەێنن، مامۆستایانی ئاینی شەو نخونی زۆریان كردووە، تا گەیشتونەتە ئەم پلەیە ئەمەش یەك لە بەخششەكانی خوای گەورەیە، زۆر هەولیان داوە تا زانست و زانیاری فیر ببن بۆ خزمەت كردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئێستاش زۆربەی پێش نویژو وتار خوێنەكان لە مزگەوتەكان وتاری خۆیان دەدەن لە زۆربەی كاتەكان مامۆستایان بەرگریان كردووە لە ئاین و خاك و نیشتیمانەكەیان لە وتارەكانیاندا، زۆربەی مامۆستایانی ئاینی لە شۆرشە یەك لە دوای یەكەكانی كوردایەتی بەژداریان كردووە مامۆستای وا هەبووە پلەی هەبوە بەس بۆ خزمەت كردنی ئاین و خاك و نیشتیمانی خۆی وە بەر گری تەواوی كردووە چونكە پیغمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەكو كۆچی كرد بۆشاری مدینەی منورە لە دووری مكە ئاورێكی داوە گریا بۆ شاری مكە فەرمووی: دەبێ هەررۆژێك دابێ بگەرێمەوە باوەشت ئەی مكەی خۆشەویست..

مامۆستایانی ئاینی داوای حەقو مافی میللەتی خۆیان كردووە لە دەست ئەو رژیمانەی كە زولمیان لە میللەتی كورد دەكرد، وە هەروەها چەندان مامۆستایان دەر بەدەر كران یان شەهید یان كردن، ئێستاش مامۆستایان جێگایان دیارە لەناو كۆمەڵگاكەمان جێگای شانازیە كە میللەتی كورد زۆر رێز بۆ مامۆستایانی ئاینی دادەنێن، وە هەروەها لە هەموو كۆرو كۆ بونەوەیەكدا مامۆستایان هەر لە پێشەوەن، بەڵام دەبێ مامۆستایانی ئاینی لە وتارەكانی رۆژی هەینیدا زۆر بە نەرم و نیانی پەیامەكانیان بگەیننە موسلمانان دوور لە سیاسەت و توندوو تیژی، وتارەكانیان ئاوێتە كەن لەگەڵ كێشەو روداوەكانی ئەم سەردەمە، وە رێگاو چارەسەر بۆ روداوو پێشهاتەكان دابنێن بە پێی فەرموودەكانی (خواو پێغەمبەر) وە دوور لە خواست و ویستی لایەنە سیاسیەكان وتارەكانیان پێشكەش كەن بۆ بەرز راگرتنی میمبەرو مامۆستایانی ئاینی، چونكە سوپاس بۆ خوا میللەتی كوردی موسلمان وشیارو تێگەیشتون لە زۆربەی بوارەكان بۆیێ پێویستە مامۆستایانی ئاینی زیاتر هەول بدەن زانست و زانیاری بەدەست بێنن بۆ خزمەت كردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بۆیە دەبێ مامۆستایانی ئاینی خۆیان دوور بگرن لە شتی نەخوازراو وە هەولبدەن ئەم شتە نەخوازراوانە چارەسەر بكەن لەرێگەی وتارەكانیان نەك بەخۆیان گیرۆدەی شتیكی نا شایستە بن .

چونكە پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێ (ماموستایانی ئاینی میراتگری پێغەمبەرانن) ماموستایانی ئاینی دەبێ بەچاكی وریای خۆیان بن لەبەر ئەوەی پلەوپایەكی زێرینیان هەیە ئەگەر هاتوو تەقوایان هەبێ. با زیاتر ماموستایان لەوتارەكانیاندا هەوڵ بدەن یەك رێزی لە ناموسلمانان باس بكەن چونكە ئەم مینبەرە زۆر پیرۆزە، با زیاتر هەول بدەن ئارامیێكی تەواو بینە كایەوە دوور لە توندوو تیژ لەناو كۆمەڵگاكەمان چونكە زۆر پێویستە ماموستایانی ئاینی كە زۆربەی موسلمانانەوە لە وتاری رۆژی هەینی ئامادە دەبن بۆ ئەوەی شتێك لە ئاین شارەزا بی، بۆیی پێویستە ماموستا لە وتارەكەی رۆژی هەینیدا زۆر بە لێزانانە وتارێكی سەردەمیانە بدەن كە موسلمانان هەفتەكە چاوەریی وتاری هەینی دەكەن بۆ ئەوەی شارەزای لە دینی پیرۆزیی ئیسلام پەیا بكەن نەك مامۆستا لە وتاری هەینیدا بەس بەزوبانی توندو تیژی وتار بداو خەڵك هان بدا بۆ نائارامی ولأتەكەی. ئێستاش زۆربەی ووتارخوێنەكان زۆر شارەزانە لە خویندنەوەی وتار ی رۆژی هەینی . بۆیێ لە سەر هەموو ماموستایانی ئاینی پێویستە یەك ریزی بكەن دوور لە بیرو بۆچونێك چونكە ماموستایانی ئاینی پێشرەوی ئەم میللەتەن، چونكە موسلمانان سەیری ماموستایانی ئاینی دەكەن، وەك پێشەنگی ئەم دینە.

پێویستە حكومەتی هەریم و وەزارەتی ئەوقاف و وە یەكیتی زانایان هەولێ بدەن بۆ دابین كردنی گوزەرانێكی باش بۆ ماموستایانی ئاینی، تا بتوانن زیاتر خزمەت بە ئاین و خاك و نیشتیمانیان بكەن..



# لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆ

ئا: مەلا مسلم مەلا صالح فریزی

یەكێتی زانایان یەكێ لەبەشە هەرە گرنگو هەستیارەكانی لێژنەی باڵای فەتوایە، كە بۆ كێشەو پرسە هەنووكەییەكانو بڕیار دان هەڵوێستو بۆچوونی خۆی هەبووە، بۆ قسەكردن لەسەر ئەو لێژنەیەو بابەتی فەتوا چاوپێكەوتنێكمان لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی كارای لێژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی كوردستانمان ئەنجام داوە:

فەتوا زەرورەتێكی ژیانەو هەموو كۆمەڵگەیەك پێویستی پێیەتی پێشانیش فەتوا هەبووەو ئێستاش بەهەمان شێوە.. ئینجا لێرەدا من دەمەوێ لە بەینی لێژنەی فەتوای نێو ئەشكەوتو چیاكانی باڵەكانو شوێنە جیا جیاكانی كوردستان لە شەستو لە حەفتاو هەشتاكان هەروەها لەگەڵ لێژنەی فەتوای ناوكۆشك لە پایتەختی كوردستان لە دووهەزارەكان بكەم..

بێگومان پێشی دامەزراندنی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان لەساڵی ١٩٧٠ شوێنەكی تایبەتی نەبوو بۆ كۆبونەوەو گردبونەوەی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان بۆ شرۆڤەكردنو فەتوادان.. بەڵام چەندەها زانای بەناوبانگو شارەزاو پسپۆڕ لە بواری فیقهیو فەتوا لە ئاسۆی كوردستان دەدرەوشانەوە، كە بەردەوام پەناو (مەرجەع) بوونە بۆ چارەسەركردنی كێشە ئاڵۆزو جۆراو جۆرەكانی گەلەكەی خۆیان، ئەو زانا پایە بەرزو دڵسۆزانە بنكەو شوێنێكی تایبەتیان نەبوو بۆ پێشوازی هاولاتیان هەندێ جار خانوە قوڕو بەردەكەی خۆیان دەبوو بە دادگا بۆ چارەسەری كێشەی كۆمەڵایەتی، هەندێ جاریش حوجرەی فەقێیان، هەندێ جارانیش ناو باخچەكانو هەندێك جاریش مزگەوتەكان، دیارە ئەم شوێنانە دیاری دەكران بۆ شەرع كردنو چارەسەركركردنی كێشەكان بە گوێرەی كەمیو زۆری كێشە دارانو شاهیدەكان دیاری دەكران، جا مەلا پسپۆڕو شەرع زانەكان دوای گوێگرتن لە وتەی داواكارو هەروەها داوا لێكراوو شاهێدەكانیش لە ژێر تیشكی قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و هەروەها ڕای پێشەوایانو زانایانی فیقهی ئیسلامی. بڕیاری شەرعی بە هەردوولایەنی كێشەدار ڕادەگەیاند، ئەوانیش ڕازی دەبوون بە حوكمو بڕیاری شەرعی، جا ئەم جۆرە دادگا شەرعیانە وەك من لە یادم بێت لە شۆڕشی كوردیەوە واتە لە شەستەكانەوە تا ساڵی ١٩٧٥ كە باسمان كرد پەیڕەو دەكرا، هەرچەندە لە دوای بەیانی یازدەی ئازارەوە لە ساڵی ١٩٧٠وە بە فەرمی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان ڕاگەیەنراو ئەوكاتە گۆڕانكاریەكی ئیجابی باشتر بەسەر دادگای شەرعیو بواری فەتوا دا هات، ئینجا هەم لە ڕوی مەعنەویو هەمیش لە ڕوی ماددیەوە..

دانانو دیاری كردنی هەندێك مامۆستای زاناو شارەزا لە زانستە ئیسلامیەكان بەتایبەت لە بابەتە فیقهیەكانی پەیوەندار بە كاروبارو ژیانی هاولاتیان، هەروەها دیاری كردنی هەندێ شارو شوێن بۆ كۆبونەوەی زانایانو مەجلیسی فەتواو پێشوازیكردنیان لە هاولاتیان، هەروەها پشتگیریكردنی تەواو لەلایەن دەسەڵاتی ئەوكاتی كوردیەوە بۆ یەكێتی زانایانی ئاینیو بەهەند وەرگرتنی بڕیارەكانی لێژنەی فەتوای سەردەم..

جا من پێم خۆشە لێرەدا بەراوردێك لە نێوان لێژنەی فەتوای كارای ئەوكاتو هەروەها لێژنەی فەتوای ئێستادا بكەمو چەند جیاوازیو تێبینیەك بخەمە بەر دیدی بەڕێزتان:

١- لە رووی جێگەو شوێنەوە: لێژنەی فەتوای ئەوكات یان ئەوەتە لە حوجرەی فەقێیان یان لەناو مزگەوت یانیش لە باخچەیەك دادەنیشتن. وە هەندێك جاریش لە ئەشكەوتێك لە چیاكانی باڵەكایەتی بڕیارەكانیان دەردەچونو بە مامۆستایانی ئاینیو هاولاتیانیش ڕادەگەیەنرا.. وە هەر لەو شوێنانەش پێشوازی لە هاولاتیانی بەڕێز دەكرا، وە بڕیارەكانیان كارابوو بەهەند وەردەگیرا..

بەڵام لێژنەی فەتوای ئێستا لە كۆشكێكی جوانو فراوانو ڕازاوەو بە چەندین مواسەفاتو خزمەتگوزاریەكانی سەردەمیانە.. لە ناو پایتەختی كوردستان لە زروفی ئەمنیەتی تەواوەوە (سوپاس بۆ خوا) پێشوازی لە هاولاتیان دەكەنو چالاكیەكانو بڕیارەكانی لەم كۆشكە دەردەكات.

٢- لە رووی ترسو ئەمنو ئاسایشەوە: لێژنەی فەتوای ئەوكات لەژێر ترسو بیمەوە لە ژێر بۆمبارانو ناپاڵمی فڕۆكەكانی دوژمنەوە كارو چالاكیەكانی خۆی ئەنجام دەدا، بەڵام شوكر بۆ خوا لێژنەی فەتوای ئێستا دوور لە هەموو ترسێ لە نێو نازو نیعمەتی ئەمنو ئاسایش چالاكیەكانی خۆی ئەنجام دەدات.

٣- لە رووی ژیانو گوزەرانی ئەندامانی لێژنەی فەتوا: ئەندامانی لێژنەی فەتوای ئەوكات گوزەرانو ژیانیان یا ئەوەتە لەسەرخۆیان بوو یانیش ئەوەتە لەسەر خەڵكی ئەو گەرەكو گوندانە بوو كە مەلایەتیان بۆ دەكردن.. بەڵام ئەندامانی لێژنەی فەتوای ئێستا هەموویان موچە خۆری حكومینو تا ڕادەییێك ژیانیان باشو یان مام ناوەندیەو پێویستیان بە كۆمەكو یارمەتی خەڵك نیە.

٤- لە ڕووی ڕێزو هێزو كاریگەری بڕیارەكان: فەتواو بڕیارەكانی ئەوكات هەیبەتو ڕێزی تەواویان هەبوو، وە هیچ كەسو هیچ مەلاییێك دژی نەدەوەستانەوە.. هەرچەندە بڕیارەكەشیان بە دڵ نەبا.. بۆ نمونە: كاتێك بڕیار دەرچوو كە نابێت هیچ كەسو مەلاییێك كچی سەر بێشكە مارە بكات، یان كچی نابالغ. ئەم بڕیارە ڕێزی لێگیراو هەموویان پەیڕەویان كردو كۆتایی بەو دیاردەیە هات كە كۆمەڵگەكەمانی تەنیبوو.. هەرچەندیشە رای دروستی تر هەیەو بەڵام بەو فەتوایە كۆتایی پێ هاتو هەمووان جێبەجێیان كرد، وە نمونەی تریشمان زۆرە لەسەر ئەوەی كە ریزو حورمەتی زیاتر بۆ لێژنەی فەتوای ئەوكات هەبوو، بەڵام بڕیاری لێژنەی فەتوای ئێستا بەهۆی ناڕێكیو ناكۆكی چینی مەلایانەوە ئەوەندە بێ هێزە بەجۆرێك خەڵكانێك نەك هەر پشتیوانی لێ ناكەن بەڵكو هەر دژیشی دەوەستنەوە ! بۆ نمونە: بڕیاری ریگە پێدانو دروستبوونی پێشینەی خانوو بەرە كە دەرچوو لە لێژنەی باڵای فەتواوە.. نەك هەر بە ساردی پێشوازی لێكرا بەڵكو هەندێك لە مەلایان دژی ئەم فەتواو بڕیارە وەستانەوە.. كە ئەمەش بوو



## مامۆستا محمد ئێنەیی:

**كاتی خۆی فەتوا دەدرا هەموو مامۆستایانی ئایینیو خەڵك پێوەی پابەند دەبوون**

# مەلای کورد لە شاخ پێشمەرگە بووەو لەخەباتی مەدەنیشدا پارێزەری دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان بووە

بـەهۆی دڵـە ڕاوکـێ لـە نێوان خـەڵکیو هـەروەها دووبـەرەکی لـەنێوان مـەلایان!، هەروەها بێ هێزی بڕیاری لێژنەی فەتوای ئێستا (لەگـەڵ کامـل ڕێـزو ئیحتیڕامـاتم) بەو ئەندازەیەی گەیشتووە کـە بڕیـار لەسـەر هەرشـتێك دەردەچـی ئـەوە هەنـدێ مەلا دژی دەوەستنەوە.. تاوەکو لە ئەندازەی زەکاتو سەرفیترەش.. بەداخەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ روون بۆوە کە لێژنەی فەتوای ئێستا بـە شـێوەیەکی رونو بەرچاو لە هەموو خاڵە جیاوازییەکان بەرەو پێش کەوتوتر چووە..

بەلاٚم ئەوەی جێگـای داخـە هەیبـەتو هێـزی بڕیارەکـانی لێژنـەی فـەتوای ئێـستا بەرەو پاشو بەرەو نەمان دەڕوات کە پێویستە فریای بکەوین.

گرنگی فەتوا

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: "كَانَتْ بَنُـو إِسْـرَائِيلَ تَـسُوسُهُمْ الْأَنْبِيَـاءُ كلمَـا هَلَـكَ نَبِـيٌّ خَلَفَـهُ نَبِـيٌّ". رواه البخـاري ومـسلم، واتـە: لەنـەوەی ئیـسرائیل پێغەمبەران نەسیحەتو ئامۆژگاریکاریان بوون هەرکاتێك پێغەمبەرێك نەمابا ئـەوە پێغەمبەرێکی تر جێگەی پڕ دەکردەوە..

بەلاٚم ئەو ئومەتە پێغەمبەر نەما لەپاش پێغەمبەری ئێمە کەواتـە عولـەماو زانایـان جێ نـشینی پێغەمبـەرن صـلى الله عليـه وسـلم وەهـەرکاتێك زانایـەك نـەما ئـەوە پێویستە زانای تر جێگەی پڕکەنەوە..هەروەکو خۆشەویستمان دەفـەرموێ: ((إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةَ الأَنْبِيَاءِ، وإِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَـمْ يُورِّثُـوا دينَـارًا وَلا درْهَمًـا، إِنَّمَـا وَرَّثُـوا العِلْـمَ فَمَنْ أَخَذَ به أَخَذَ بحَظٍّ وَافرٍ)) رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه..

وە هەرکاتێك لەوشەی (اقْـرأ) زیـاتر قـوڵ بویـەوە ئـەوە ئـەرکی (فأنـذر) لەسـەری زیاترئەبێت، بیشری حافی دەیفەرموو: (أدُّوا زَكاة الْحَدِيث..)

إمام أحمد دەیفـەرموو: (النـاس مُحْتَـاجُون إلى العلْـم أكثـر مـن حَـاجَتهم إلى الطعـام والشَّرَاب " لأنَّ الطعام والشراب يُحْتَـاج إليـه فِي اليـوم مَـرَّة أو مَـرَّتين ، والعلـم يُحْتَـاج إليه بِعَدَد الأنْفَاس) خـەڵکی لـەنانو ئـاو زیـاتر پێویـستیان بـە عیلم هەیـە چونکە

وابەپەلـە بێـت کـە بـەو ڕێگایـەوە ئاسـانکاری بـۆ خـەڵك بکرێـت نـەك هەرکەسـێك راسـتبێتەوە ببێتـە موفتیـەکی سـەربەخۆ.. وە بـۆ ئەمـە پێویـستە مونتەدایـەکی تایبەت بە بواری فەتوا بکرێتەوەو وە زۆر کارا بکرێت، وە بۆ ئەم مەبەسـتەش مـن دەستخۆشی دەکەم لە یەکێتی زانایان کە ئـەو بەشـەیان لەسـایتی فـەرمی خۆیـان کردۆتەوە.. بەلاٚم هێشتان ئەوە بەس نیە..

پێویستە هەندێك قوتابی لـەکاتی جەلـسەکانی لێژنـەی فـەتوا لـەوێ بەدیاریانـەوە بەبێ دەنگی دابنیشنو تەنها ئەزمونو زانست وەربگرن بـۆ موسـتەقبەل.. ئامـادە بکرێن بۆ داهاتوو نەك هەر لەهیکەوە بکەونە ناو لێژنەیەکی فەتوا..

وە پێویستە هەر لەسەر مەزهەبێك نەوەستنەوە بەڵکو ئاسانترین ڕێگـە بـەکاربێنن بۆ خزمەتی دینو موسڵمانان.. چـونکە پێغەمبـەر صـلى الله عليـه وسـلم لەفـەتوای بەعزێ صەحابە سەبارەت بـە صـەحابیە زامدارەکـەی کـە جەنابـەتی لەسـەر بـوو گوتیان پێ ی تۆ نابێت تەیەمموم بکەیت مادام ئاو هەیە..برینەکـەی لێ ی ئـاوەدز بوو بەو هۆیەوە وەفـاتی کـرد.. پێغەمبـەر زۆر دڵگـران بـوو فـەرمووی: کوشـتان.. (إنما كان يكفيه أن يتيمم ويعصب على جرحه خرقة ثم يمسح عليها ويغسل سائر جسده)..

پەلە نەکردن لە بڕیاردان:

سـەحنون یەکێکـە لـە زانایـان دەڵـێ: هەنـدێك مەسـائیلم لەبـەرە هەشـت قـەولی لەسەرە ئینجا چۆن پەلە بکەم لە بڕیاردان تا دڵنیا نەبمەوە..

هەندێك مەسائیلیش هەیـە دەکرێـت دوا بخرێـت بـۆ جەلـسەی تـر.. خـوای گـەورە دەفەرموێ:

(وَلاَ تَقْـفُ مَـا لَـيْسَ لَـكَ بِـهِ عِلْـمٌ إِنَّ الـسَّمْعَ وَالْبَـصَرَ وَالْفُـؤَادَ كُـلُّ أُولـئِكَ كَـانَ عَنْـهُ مَسْؤُولاً) سورة الإسراء/٣٦.

هەندێك لەهاوەڵان دەفەرموون: (أجرؤكم على الفتوى أجرؤكم على النار)..!




نانو ئاو ڕۆژێ جارێك یان دووجار پێویستیت پـێ ی دەبێـت بـەلاٚم عـیلمو زانـست بەقەدەر هەناسـەکان. خـواردنو خواردنـەوە بـێ هێـزی لاشـە ناهێڵێـت وە عـیلمو زانست بێ هێزی روح ناهێڵێت..

فەتواش لەناو ئەو عـیلمو زانـستە زەروریـەتێکی سـەردەمە، لەپێـشدا عولـەمایانو سەلەفی صالح هەرکەسەو دەینارد بۆ لای ئەوی تر بۆ ئەوەی ئەو بارە قورسە ئـەو هەڵی نەگرێت یانیش بەتەنها هەڵی نەگرێت.. کەواتە لێرەدا بۆمـان رون دەبێتـەوە کـە فـەتوا باقیـە تـارۆژیی دوایـیو وە هـەبوونی لێژنـەی فـەتوا زەرورەتێکـە کـە لەکەسانی شارەزاو پسپۆڕ پێك بێنو وە هـەموو لایـەکیش بـە چـاوی ئیعتیبـارو ڕێزەوە تەماشایان بکەینو زۆرێك لە مەسائیلەکانی سەردەم بنێرینەلای ئەوان..

پێشەوا عومـەری کـوڕی خـەتاب خـوا لێ ی رازی بـێ ئەگـەر هـەر مەسـەلەیەکی لێ عاصێ بوبا ئەوە گـەورە هاوەڵـە بـەڕێزەکانی کـۆ دەکردنـەوەو دانیـشتنی لەگـەڵ دەکردن و گوێ ی بۆ ئەگرتنو رەئی لێ وەردەگرتن..

پێشەوا شافعی رەحمەتی خوای لێ بێ دەیفـەرموو: (وَدِدْت أن النـاس تَعَلَّمُـوا هـذه الكتـب ولم يَنْـسبُوها إلـي) .. چـونکە ئـەوان تێیگەیـشتبوونو دەیـانزانی کـە ئەرکەکەی قورسە..

هەندێك لەنازایانیش ڕایـان لەگـەڵ ئەوەدانیـە کـە پـشت لەخـەڵك بکرێـتو لێژنـەی فـەتوا نـەبێتو دەڵـێن: (مَـن للـنَّاس إذا تُركـوا؟).. کەواتـە نابێـت پـشت لەخـەڵك بکرێتو دەبێت توێنوێتی خەڵکی بە ئاوی سازگاری شەریعەت بشکێنرێت..

پاشان ئەگەر ئـەو مەیدانـە چۆل بکرێـت ئـەوە بەکەسـانی تـر پـڕ دەکرێنـەوە کـە شیاوی فەتوا نینەو خەڵکی بەرەو سەرگەردانو سەر لێشێواوی دەبەن!

کە یەکێتی زانایان دەبێ فریای ئەم بوارە کاریگەرە بکەوێت وەك فریـای کـەوتووە بەلاٚم هێشتا باشترو چـالاك تـر.. کـە دەبێـت لەهـەموو کـارو ئەرکـەکانی تـر زیـاتر ئیهتیمام بەو لایەنەوە بدات..

* فەتوا لەڕێگەی مۆبایلو هەروەها نامەی ئەلکترۆنی:

ئەو بابەتەشیان پێویستە یـەکێتی زانایـان کـار بـۆ ئەمـە بکـەنو ئاسـانکاریەك بـۆ خـەڵك دابنـێنو لەڕێگـەی لێژنـەی فـەتواوە وەلاٚمـی خـەڵکی بدرێتـەوەو ئاسـودەو موڕتاحیان بکەن.. چونکە ڕەنگ بێت هـەبێت دوورە ولاٚت بێـت وە هـەموو کـەسو هەموو کـات خـەڵکێك هەیـە ڕەنـگ بێـت نەگاتـە لێژنـەی فـەتوا.. یـانیش ئیشەکە

عبداللە کوڕی پێشەوا عومەر خوا لێیان رازی بـێ دەفـەرموێ: ("العلـم ثلاثـة كتـاب نـاطق، وسـنّة محكمـة، ولا أدري).. دیـارە وشـەی لا أدریـش جۆرێکـە لـە فـەهمو عیلم..

وە چەندین ئایەتی پیرۆزیشمان هەیە لەسەر وشەی فەتوا بۆ نمونە:

– ﴿ويستفتونك فى النساء قل الله يفتيكم فيهن..﴾ (النساء: ١٢٧).
– ﴿يستفتونك قل الله يفتيكم في الكلالة...﴾ (النساء: ١٧٦).
– ﴿وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَـذَا حَلاَلٌ وَهَـذَا حَـرَامٌ لِّتَفْتَـرُواْ عَلَـى اللّـهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ ﴾.
– ﴿وأنزلنا إليك الذكر لتبين للناس ما نزل إليهم ولعلهم يتفكرون﴾ (النحل:٤٤).

تاوەکو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ژیاندابوو خـۆی بـەم ئەرکـە هەڵدەسـتا.. پاشـان خەلیفـەی راشـدینو هاوەڵـە بـەڕێزەکان.. لەپاشـان عولـەماو زاناکـان خەلیفەی پێغەمبەرن صلى الله عليه وسلم بۆ ئەم کارە..

ئینجا خـەڵکیش بـا پرسـیار بکـات لـە کەسـانی زانـاو شـارەزا.. خـوای گـەورە دەفەرموێ: (فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لاتعلمون) یان (فاسأل به خبيرا)..

خوای گورە دەفەرموێ:{يـا أيهـا الـذين آمنـوا أطيعـوا الله وأطيعـوا الرسـول وأولـي الأمـر مـنكم فـإن تنـازعتم في شـيء فـردوه إلى الله والرسـول إن كنـتم تؤمنـون بـالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا}[3]

سەهلی کوڕی عبداللە رەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ: (لا يزال الناس بخـير مـا عظمـوا الـسلطان والعلمـاء، فـإذا عظمـوا هـذين أصـلح الله دنيـاهم وأخـراهم، وإذا اسـتخفوا بهذين أفسد دنيـاهم").. کـە ئـەوڕۆش بەداخـەوە هـەردوو ئـەو ڕێـزە لـەناومان کـز بووە..!

عەتای کوڕی سائیبی تابیعی دەیگوت کەسێکم دەبینـی لەپێـشدا کـە پرسـیارێکی شەرعی دەکرد لەشەرمانو لەترسان لێوە لەرزی ئەگرت..

ابن منكدر رەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (العالم بين الله تعالى وخلقـه فلينظـر كيـف يدخل بينهم) زانا لە نێوان خواو خەڵقەکەیەتی ئینجا بـا خـۆی سـەرنج بـدات چـۆن تەداخول دەکات لەنێوانیان.

# یەکێتی زانایان پردێکی بەهێزی پەیوەندیە لەنێوان زانایانی کوردستانو جیهانی ئیسلامی

# ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی لە نێو کۆمەڵگەدا

ئا: مەلا تەیب زیارەتی

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی مامۆستایانی ئاینی لە نیو کۆمەڵگەو پابەند بوونی تاکی کورد بە ڕێنماییو ڕاسپاردەکانی مامۆستایانی ئاینی بۆ باشتر کردنی لایەنەکانی ژیانی هەر تاکێك بە پێویستمان زانی ڕووی پر سیارەکانمان سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی تاکی کورد بکەینە مامۆستای بەڕێز مامۆستا مەلا (یوسف شافعی) پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی حاجی سەنیە لە شاری هەوولێر، لە هەمان کات ڕای چەند هاوڵاتیەکی موسڵمانی شاری هەولێریشمان وەرگرتووە:

لەسەرەتاشدا هاوڵاتیەك بەناوی (گۆران) لە شارەدێی خەلیفان پێی وابوو: مامۆستایانی ئاینی هەمیشە خەمخۆرو ڕێنیشاندەری تاکی کوردستان بوونە ئەگەر ئەوان نەبونایە ئاراستەی ژیانی هاوڵاتی کوردستان بە ناتەندروست دەڕۆیشت. ئەو هێمنیو ئاسایشەی لە کوردستان هەیە بەشێکی زۆر بۆ مامۆستایانی ئاینی دەگەڕێتەوە، هەر ئەو هاوڵاتیە پێی وابوو مامۆستایانی ئاینی جارێکی تر ڕۆڵ ببینن بۆ نەهێشتنو بنبڕکردنی ئەو زنجیرەو فیلمە نارێکانەی لەگەڵ دابو نەریتو بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ناگونجێتو خەریکە گەنجی کورد بە لارێدادەبەنو ڕەوشتی ئافرەتی کورد بە شێوەیەك دەگۆڕن کە پیشەی سەرەکیو خەمی سەرەکیان تەنها مۆدێلی جلو بەرگو ڕوخسار جوان کردنو خۆ دەرخستن بێت لەگەڵ ئەوەی لە بیر کراوە ڕوخساری ئافرەتی کورد هەمیشە درەوشاوەو جوان بووەو جوان دەمێنی، چونکە بڕوایان بە پاراستنی ڕەوشتو دابو نەریتی جوانی کوردەواریە تکایە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایینی ئاینی ئیسلامی کوردستان هیممەت بکەن بۆ ئەوەی فشارێك بۆ سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن دروست بکرێت لە پێناو دروست کردنی سانسورێك بۆ ئەوەی چیتر زنجیرە نا تەندروستەکانی بیانی هاوردەو بەسەر مێشکی تاکی کورددا نەسەپێنن.

لەلای خۆشیەوە مامۆستا شافعی پێی وابوو مامۆستایانی ئاینی لاینێکی سەرەکی و



# لەڕووی پیشەیش خزمەتی زانایان بکات و ڕۆڵی مامۆستایان بەرەو ئاستێکی باش بەرێت

پێکهاتەیەکی گرنگی نێو کۆمەڵگان لەگەڵ ئەوەی کەم وکورتی هەیە بەڵام توانیویانە پێگە گرنگەکەی خۆیان بپارێزن چونکە لە دیدی مامۆستای ئاینی ئەبێ بە میراتگرەکەی پێغەمبەران بمێننەوەو هەمیشە چاکە خوازو ڕێنیشاندەری چاكو باش بن، لە بەرامبەر ئەو ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ مامۆستایان باشترین توێژن، مامۆستا شافعی پێی وابوو، ناکرێ چین‌و توێژەکانی تریش لە بیر بکرێن بەڵام مامۆستایانی ئاینی شان بە شانی ئەوان توانیویانە پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان بپارێزن، وبۆ نموونە ئەگەر پزیشك وەك نموونە بێنینەوە لە کاتی چارەسەر ی نەخۆش یا باشتر بڵێین تاکی کورد ڕەنگە سەرەتا پشت بە نیشانەکانی ڕووخساری دەرەوە ببەستێت یاخوود چارەسەری جەستەی نەخۆشەکەبکات، بەڵام مامۆستای ئاینی هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەك کار دەکات بۆ ئەوەی چارەسەری دڵی ئەو نەخۆشە بکات‌و یەکجارەکی ئاکارو ڕەوشتەکانی ئاوەژوو ڕووەو چاکە بکاتەوە، چونکە کاتێك ئەگەر لە دڵەکانی مرۆڤ بڕووانی خوای گەورە دەفەرموێ ئەو دڵانەی بە تاڵن لە ئیمان‌و خواناسین نەخۆشن، بەڵام چ نەخۆشیەك، بێگومان نەخۆشی تاوان‌و کوشتن‌و تاریك بینی‌و ڕەش بینی و بەد ڕەوشتی‌ورق‌و کینەو..تاد، بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستایانی ئاینی چارەسەری ئەو نەخۆشیانەن بۆیە پێمان وایە مامۆستایانی ئاینی باشترینی پێکهاتەی کۆمەڵگەن.

حاجی کازم کە لە کاری چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل دەکات لە هەولێر پێی وابوو مامۆستایانی ئاینی توێژێکی مەغدووری نێو کۆمەڵگەن ئەکرێ بڵێین ١٠٪ی مامۆستایانی ئاینی ئەمڕۆ باری ئابووریان باشە بەڵام ئەو ڕۆژە نەماوە خەڵك بە نانە ڕەقەیەك ڕازی بێ کاتێك مامۆستای ئاینیش پێشەنگ‌و پێشەوای خەڵك بێ ناکرێ دابیبڕێنی لەو کۆمەڵگەیە بۆیە ئەبێ شان بە شانی پێشکەوتنی لایەنەکانی ژیان مامۆستای ئاینیش بڕوات بۆ نموونە کاتێك خەڵك پێویستی بە تێگەیشتنی لایەنی تەکنەلۆجیای‌و کۆمپیوتەرو ئینتەر نێت‌و ئەو بابەتانە بێت ئەبێ مامۆستای ئاینیش لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئەو تاکەوە بیر بکاتەوەو بتوانێ تێی بگەیەنێ بەڵام کاتێك باری ئابووری باش نەبێ چۆن پێی دەکرێ لە ئاستی خواستی خۆی‌و کۆمەڵگەدا بێت بۆیە پێویستە بە هەموو لایەك هاوکارو هەماهەنگ بین بۆ مامۆستایانی ئاینی.

مامۆستا کەنعان سیساوەی پیش نویژو وتار خوین لە مزگەوتی حاجی جەودەت لە شاری هەولیر ئەویش پێی وابوو هەموو لایەك هاوکارو هاندر بن بۆ مامۆستایانی ئاینی تەنها بریندار نەکرێن و بەس، ئەگینا ئەوەی مامۆستایانی ئاینی دەیکەن ئەرکی سەرشانمانە چونکە کاتێك ئەو ڕێگەیەمان گرتۆتە بەر ئەبێ کردەوەکانیشمان هاوتەریبی گوفتارەکانمابێت بەلام خۆشیشە کاتێك مامۆستایێکی بەریز کارێکی باش دەکات هەر چ نەبیت دەست خۆشی لی بکریت ئەگەر کەم‌و کورتیەکیشی هەبێت دەتوانی ئاراستەی ئەو مامۆستایە بکەی کە پێم وایە بە سنگێکی فراوان لیت وەر دەگریتن نایشارینەوە مامۆستا شمان هەیە باری گوزەرانی باش نیە دەبیت ئاورێك لەو مامۆستایانە بدریتەوە لەوانەیە ئەو موچەی هەیەتی بەشی خۆیی‌و مال‌و مندالی نەکات ئیدی چ کاری نیە کە مامۆستا بیکات هیوادارم هەموومان بە مامۆستایانی ئاینی‌و جەماوەر ئاکاداری یەکتر بین چونکە نە مامۆستا بیی خەلك چی بۆ دەکریت نە جەماوەریش بیی مامۆستاچی بۆ دەکریت هەردووکمان بە یەکەوە جوانیە.

لەبارەی وتاری ڕۆژانی هەینی مامۆستا مەلا یوسف شافعی پێی وابوو ئەبێ مامۆستایانی ئاینی وتارەکانیان یەك بخەن یا هەر نەبێ لە ڕێکە ڕاستە قینەکەی خۆمان لا نەدەین هەندیٚ لە مامۆستایانی ئاینی پێیان وابووە لە وتاری هەینیەوە خەمی وتاری هەینی داهاتویان بوو بۆ ئەوەی زۆر بە جوانی خۆیان بۆ وتارەکان ئامادە بکەن چونکە وتارەکانی هەینی کاریگەری زۆر باش و ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵك هەبووەو هەیە

(باران خانیش کە کچیماڵەوەیە دانیشتووی یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری شەقلاوە پێی وابوو مامۆستایانی ئاینی ئەبێ زۆر بایەخ بە وتارەکانیان بدەن چونکە مامۆستامان هەیە شێوەی دەربڕین‌و تێگەیاندنی بەرامبەمبەر ەکەی تەواو نییە لە وتاری هەیینیدا ئەو دەی گووت گوندەکان زیاتر پێویستیان بە مامۆستالی باش هەیە نەك شار چونکە لە شارەکان مامۆستای باشمان هەیە بەلام لە گندەکان بە پێچەوانەوە کە بی گومان ئەمەش دەبیتە مایەی ئەوەی خەلکی ئەم گوندە وەکو پێویست سود لەم ئاینە جوانە وەر نەگرن تەنها دین بە عادەت وەر بگرن. بۆیە داواکارم یەکێتی زانایان‌و وەزارەتی ئەوقاف ئاورێکی بە جدی لەم مەوزوعە بدەنەوەو لە داهاتوو ئیشی لەسەر بکەن.

لەبەرامبەردا مامۆستا شافعی پشتگیری ئەو خوشکە بەریزەی کردو بەڵایەوە گرنگ بوو خوولی تایبەت بۆ ئەو مامۆستتایانە بکرێتەوە کە تازە بۆ پیشەکەیان دەرچوونە بە تایبەت وتاری هەینی بۆ نموونە مامۆستا هەیە لە ئەفریقیا کاتێك لە کۆلێژ دەر دەچێت سەرەتا دەچرێتە دوور ترین گوند بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵکی دوور ترین شوێن بکات با مامۆستایانیش زیاتر خزمەتی گوندەکانی خۆیان‌و خەڵکی گوندەکان بکەن نەك خۆیان بە دوور بگرن لە گوندو خزمەتی گوندەکان.

نوورخان کە دانیشتووی هەولێرە پێی وابوو مامۆستایان کاریگەرن بەڵام گلەیی ئێمە ئەوەیە لە وتارەکانی هەندێ لە مامۆستایان زۆرتر پشتگیری پیاوان دەکەن .

مامۆستا یوسف شافعیش پێی وابوو وتاری هەینی ئەبێ وتاری عەقیدەیی بن چونکە مێشکی تاك لە دەرەوە و ماڵەوە ماندووە ئەبێ مامۆستا هێمنی بکاتەوە.



taybzyarati@gmail.com

### یەکێتی زانایان پێی وایە بە لێك نزیکبوون خزمەتی باشتر دەکرێتو چاکتریش لێك حاڵی دەبن

# با چەترەکەی زانایان هەموومان کۆ بکاتەوە

**مەلا عوبێد حاجی عوسمان***



ئاشکرایە زانایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، لەلای جەماوەری موسڵمانی کوردستان رێزێکی تایبەتو پێگەیەکی بەرزیان هەیەو، بە چینێکی پاکو خاوێنو پەرۆشو دڵسۆزیان دەزانن، وە بە کلیلی ئەمانی ئاستەنگو کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان دەزانن، سەنگو قورسایی مامۆستایانی ئایینی بووە بە واقیعێك کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، کە بێ گومان ئەمەش بەرهەمی رەنجو ماندووبوونو خزمەتی بێ وچانی خۆیانە، کە هەڵقوڵاوی کانیاوی رۆشنو پاکی ئیسلامە.

دیارە سەنگو قورسایی هەر چینو توێژێك، خزمەتو دڵسۆزی دیاری دەکات، چونکە مرۆڤ تەنهاو تەنها خزمەت گەورەی دەکاتو، چالاك بوونو کارامەکردنی زانایانو کارکردنیشیان لەسەر بنەمای خزمەتو لێهاتوویی، بایەخدان بە خەڵکی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەبێتە پتەوترکردنی سەنگەری ئیسلامو بەرەی موسڵمانان.

زانایان کە لە دێرین زەمانەوە جێگەی سیقەو متمانەی کۆمەڵگا بوون، دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو پێگەیە پارێزراو بێتو، لە ئاستی بەرزو شوێنی خۆیدا بێت، بۆیە پێویستە گشت مامۆستایانی ئایینیو هەموو بانگخوازانو هەڵگرانی پەیامی ئیسلام، هەوڵو هیممەتو توانای فکریو پێگەی کۆمەڵایەتیو تێروانینی خۆیان لەتەك یەك بێت، تاکو تەلاری ئیسلام بالآتر ببێت، بە بالأبوونی جێگەو پێگەی زانایانو، بیستراوی دەنگیانو، کاریگەری وتاریان.

ئەگەر ئێمەی مامۆستایانی ئایینی بمانەوێ هەر پێشەنگو چاوساغو رێ نیشاندەربین، پێویست دەکات کە بە روحیەتێکی بەرزو دڵێکی فراوانو گەشبینو، بیرێکی هاوچەرخو رووناکو، قەڵەمێکی رژدو پاکو، دەنگێکی زوڵاڵو، سینەیەکی سافو، هەستێکی ئایندارییو کوردپەروەرییو پارێزەری وڵاتەوە کار بکەینو خزمەت بنوێنین.

کارکردن بۆ رابردوو و ئێستاو ئایندە، بۆ دینو ژین، بۆ خوا پاشان بۆ خەڵكو خاك بۆ خۆمان.

هەموو ئەوانە بە هەڵدانەوەی لاپەرە زێرینەکانی مامۆستایانی رابردوو، بۆ زیاتر دەرکەوتنی راستگۆیی زانایانو، راستەقینەیی رێبازیان، هاورێ لەگەڵ ئاگاداربوون لە دونیای ئەمرۆی هاوچەرخ، بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنو گۆرانکاریەکان بۆ خزمەتی ئیسلام، تا ببین بە جێگەی میسداقی میراتگرو جێنشینی راستەقینەی پێغەمبەران درووودی خوایان لەسەر بێت.

*پێش نوێژو وتار خوێن لە کۆیە..

# مەلاو دڵداری؟

محمد مەلا سعد الدین گەردی



ئەوەی شارەزاییەکی کەمی لەئەدەبی کوردی هەبێتو چاوێکی خشاندبێت بەدیوانی یەك دوو شاعیری کلاسیکی کورد، ئەوا کە ژیانی شاعیران دەخوێنێتەوە دەبینێت کە ئەگەر نەشڵێ هەموویان ئەوا زۆربەی زۆریان "مەلا" بووینەو زایندەی بیرو فکرە پاکەکەی حوجرە بوون، حوجرە هەوێنی هەستە ناسکەکەیان بوو، مەلای دوازدە عیلم بوون، لەگەڵ ئەو پلە و پایە ئاینیەی کە هەشیانبوو، ئەوا لایەنی دڵداری بەشێکی زۆری دیوانەکانی گرتووەو فەرامۆشیان نەکردووە، بەڵکو شاعیری واهەیە کە زیاترینی شیعرەکانی شیعری دڵدارین ، باشە ئەو مەلایەتیەی کە هەیانبوە چۆن لەگەڵ ئەو دڵداریە دەگونجێ کە لەدیوانەکانیان بوونی هەیە؟.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێین کە مەبەستی دڵداری یەکێکە لە مەبەستە سەرەکیەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و بەهیچ شێوەیەك لێك جودا ناکرێنەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو مەبەستە ئایا تەواو بەرجەستە بووە لەژیانی شاعیراندا؟ ئایا کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوەندەی ڕێگە بەژن داوە کە بەئارەزووی خۆی بێتە دەرەوەو شاعیریش شیعری بەسەردا هەڵبلێ؟ بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیاری دووەم دەبێ نەخێر بێ‌و کۆمەڵگای کوردی قەت وانەبووە، بەڵکو دایکانمان دەگێڕنەوە کە تا ماوەیەکی زوو لەمەوبەر ئافرەتانمان بە (پێچە) هات و چۆیان دەکرد، باشە کە ئافرەتان بەپێچە بوون و داپۆشراو بوون، چۆن شاعیر توانی پەرچەمی ببینێت و دیقەتی بداتێ و بەشیعر وەسفی بکات؟ هەرچی وەڵامی پرسیاری یەکەمە کە بەرجەستە بوونی لایەنی ماددی خۆشەویستیو دڵداریە لەژیانی شاعیرانی کورددا، ئەوا ئێمە دەبێ بێ گومان دان بەوە دابنێین کە بەشێکی ئەو شیعرانە لایەنی بەرجەستەییان هەیەو دڵداری دەنوێنن بۆ (ژن) بەڵام لایەنی دیکەشی هەیە لەوانە کە زۆر جار شاعیر شیعری دڵداری بەسەر خێزانەکەی نووسیوەو بەجوانترین شێوە وەسفی کردووە، هەروەك لێکدانەوە بۆ (حەبیبە)ی نالی دەکرێ کە حەبیبە خێزانی نالی بوویێ[1]،. یان هەندێك لەو شیعرانە لایەنی تەسەووف و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر( d ) دەردەبڕن و کەسی سادە بە خوێندەنەوەیەکی سەرپێیی تێیان ناگات.

لایەنێکی گرنگی تر لەبارەی ئەوەی کە شاعیرێکی دیندارو خواناس چۆن شیعری دڵداری نووسیوەو ژنی وەسف کردووە ئەوەیە کە: دەبێ بزانرێت کە شیعری دڵداری مەبەستێکی شیعریە و مەبەستێکە باویشەو ئاستی شاعیری پێ دیاری دەکرێ، لەو ڕوانگەیەوە شاعیر بۆ خۆناساندنی وەك شاعیرێکی پایەبەرز ئەو شیعرانەی نووسیوە، خۆ دەرخستنیش وەك شاعیر کارێك بووە کە لەڕاستیدا بوونی هەبووە،و لەوانەیە ئەگەر شاعیرێك شیعری دڵداری نەبوبا بە شاعیرێکی بێ هێز لەقەڵەم درابا[2] .

لەوانەیە شاعیر لەشیعرەکانیدا مەبەستێکی سۆفیزمانەی هەبێت کە بەناوی (عیشقی حەقیقی) ناوزەند دەکرێت، کە ئەو مەبەستە لەوانەیە کە ئەوەندە تۆخ بێت کەلەلای ئەو شاعیرانە بە (موتڵەق) ناوببرێت کە باسی پەیوەندی نێوان کردگار و درووستکراوە[3].

ئەگەر ئێمە ئەو جۆر لێکدانەوانە نەکەین ئەوا دەبێت شاعیرانمان بە (ئیزدیواجی) لەقەڵەم بدەین، کە ئەمەش دوورە لە شاعیرانمان و لە ئاست پلەو پایەیان دانیە، چونکە ناکرێ مرۆڤ بەمزگەوت و حوجرەو فەقێ و خواپەرستنەوە پابەند بێت و لەهەمان کاتیشدا چاوی لە خۆشەویستی و دڵداری بێت، ئەوە دووە پێکەوە کۆبوونەوەیان زەحمەتە[4].

پەڕاوێزەکان :

١- هەروەك ماموستا عبدالکریمی مودەڕریس و ماموستا فاتح عبدالکریم مودەڕریس وادڵێن و هەر ئەو لێکدانەوەشیان لە: کوردی و مەریوانی و ئەمین زەکی بەگیش گواستۆتەوە، بڕوانە: پێشەکی دیوانی نالی، لێکدانەوەی: ماموستا عبدالکریمی مودەڕریس و فاتح عبدالکریم، لا: ٢٢، دەزگای پەخشی چوار چرا، چاپی یەکەم، ٢٧٠٨ کوردی.

٢- بڕوانە: پێشەکی دیوانی پاکی، کە پێشەکیەکە لەلایەن دکتۆر ئیبراهیم تاهیر مەعروفەوە نووسراوە، لا: ٣٥-٣٦، تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ز.

٣- بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، ١٩٦/١، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠ز.

٤- بڕوانە: پێشەکی دیوانی پاکی، لا: ٣٦.



گۆزە



# كێمان بۆ خوا كار دەكەین؟

بەبۆنـەی سـاڵیادی دامەزرانـدنی یـەكێتی زانایـان، حـەز دەكـەم پـەیامێكی تایبـەتی ئیمـامی غـەزالی ئاراسـتەی خـۆمو تـەواوی مامۆسـتایانی ئـایینیو پاشـانیش موسـڵمانان بكـەم، ئـەویش دەربـارەی ئەوەیە، داخۆ توانیومانە لەگەڵ خوای پـەروەردیگار راست بكـەینو، لە كارەكانماندا تەنها مەبەستمان خوا بێت.

ئیمامی غەزالی لە بـەرگی چوارەمی ئیحیـادا باسـی گرنگـی ئـیخلاس دەكات، تا دەگاتە ئەو شوێنەی باسـی مەترسـی لـە دەسـتدانی ئـیخلاصو دڵسۆزی دەكاتو، دەفەرموێت: (زانایان لە هەموو خەڵكی زیاتر تووشی ئـەو فیتنـەو تاقیكردنەوەیـە دەبنـەوە، ئـەوەی پـاڵ بـە زۆرینەیانـەوە دەنێـت بـۆ بڵاوكردنـەوەی عـیلمو زانیـاری، حەزكردنیانـە لـە دەسـت بەسـەرداگرتن (ی پـارەو دونیـا)و، دڵخۆشـبوون بـە زۆری خـەڵك لـە دوایانەوەو، شادومانبوون بە سوپاسو پێداهەڵگووتن، جا شـەیتان ئـەم بابەتەیان لێدەشێوێنێتو پێیان دەڵێت: ئێـوە ئامانجتـان بڵاوكردنـەوەی دینی خواو، تێكۆشانە بۆ ئەو شەرعەی پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت دایناوە. ئـا لێـرەدا دەبـینی كـابرای واعیـز ـوتاربێـژو بـانگخواز- منـەت لەسـەر خـوا دەكـات لـە بەرامبـەر ئـەوەی ئامۆژگـاری خـەڵكو دەسـەڵاتدارانی كـردووەو، ئـەو دڵـی بـەوە خـۆش دەبێـت كـە خـەڵك قسەكەی لێوەربگرنو بـەرەو رووی بـێن، كەچـی وای پیـشان دەدات ئـەو بەوە دڵخۆشە، كە بە پێی توانا توانیـەتی دیـنی خـوا سـەر بخـات، ئەگـەر یەكێكی دیكەی وەكو ئەو دەركەوت، لە رووی ئامۆژگاریكردنەوە لـە ئـەو باشتر بوو، خەڵك لە دەوروبەری كەمبوونـەوەو بـەرەو لای ئـەوەی دیكـە چوون، پێی ناخۆشەو غەمبار دەبێـت، خـۆ ئەگـەر ئـەو لەبـەر دینـداری كارەكانی بكردایـە، دەبـوو سوپاسـی خـوای بكردبایـە، چونكە خـوا كـارە گرنگەكـەی ئـەوی بـە یـەكێكی دیكـە جێبـەجێ كـردووە. پـاش ئـەوەش شەیتان وازی لێ ناهێنێتو، پێـی دەڵێـت: بەراسـتی غـەمباری تـۆ لەبـەر پـچڕانی خێـرو پاداشـتە لـە تـۆ، نـەك لەبـەر ئـەوەی خـەڵك لـەلای تـۆ رۆییشتتوە بۆ لای یەكێكی دیكە، چونكە ئەگـەر ئـەوان ئامۆژگاریـان لـە تـۆ وەربگرتایـە ئـەوە پاداشـتەكە بـۆ تـۆ دەبـوو، غـەمبارب‌وونیش بـۆ لـە دەستدانی پاداشت كارێكی باشە).

كەواتـە ئـەو كەسـە راسـت دەكـات بـۆ خـوا، لەبـەر خـاتری دونیـاو، جەماوەرو، پێداهەڵگووتن، وەعزو ئامۆژگـاری پێـشكەش نـەكات، ئەگـەر بینیـشی دەزگایـەكو تاكێـك كـارێكی خێـر دەكـات، پێویـستە دڵـی پێـی خۆش بێتو هاوكاری بێت، نەك لەبەر ئەوەی ئەو شوێنو شێوازە نییە، كە دەیەوێت، ئیدی هەوڵ بدات دارەكەی لە بن پێی ببڕێت.

سەرنووسەر



### (مەلا) لە تەفسیرەكەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتیو ئیجتیهاد

**٢٢**

**هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاوە**

ئیجتیهاد یان گەیشتن بە پلەی كۆششكردنێكی بێ سنوور، لەناو لاپەڕەكانی مێژووی مەعریفەی ئیسلامەتیدا شوێنێكی بەرزی هەیەو لەناو ئەهلی سوننەتو جەماعەتدا چوار پێشەواكەو كەسانی تریش مەلەوانی ئەو دەریا قووڵە بوونە، لەسۆنگەی ئەوەی ئایین وەك چەمكێكی جێگیر بەگوێرەی گۆڕانی كاتو شوێن وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی دەگۆڕێت شێوازو میكانیزمی پیادەكردنەكەیەتی، كە پێویستە مەبەستو ئامانجەكان وەك خۆیان بنو ڕێگاو شێوازی گەیشتن بەو مەبەستانە ئەگەر بشگۆڕدرێن كێشەیەكی ئەوتۆ دروست ناكات. لەم ڕووەوە ئەوەی تائێستا مشتومڕی گەورەی لەسەرە هەمووی لەبەر نەبوونی مەرجەعێكی فیكریو هەروەها موجتەهیدە، كە بەداناییو حیكمەتو زانستەكەی كێشەكان یەكلا بكاتەوە.

ئەگەر وەك نەتەوە حسێبی بۆ بكەین، كورد لەوانەیە لە هەموو نەتەوەكانی تری موسڵمان زیاتر خزمەتی بە مێژووی زانستە شەرعیەكانی ئیسلامی كردبێت، لە مێژووشدا مەرجەعە فیكریو موجتەهیدەكان بەشێكیان لە كورد بوونەو بەڵام كەمتر لە كوردستان بوونە. ئەگەر چاوێك بەو مێژووە بخشێنینەوە، بۆمان دەردەكەوێت كە مامۆستاو زانایانی كوردستان كەمتر توانیویانە لەناو خاكی خۆیان ببنە مەرجەعو بگەنە پلەی ئیجتیهاد، ئەگەر بەزانستەكەیان گەیشتبنە ئەو پایەیەش، بەڵام نەیانتوانیوەو یان زاتی ئەوەیان نەكردووە ئیعلانی خۆیان بكەن، كە خودی ئەم دیاردەیە پێویستی بەهەڵوەستە لەسەركردنو لێكۆڵینەوەی سەربەخۆیە.

دیاردەی خۆ بەكەم زانینێكی نازانستانەو نالۆجیكانە، كە دەتوانین بڵێین تەنیا بڕوا بەخۆنەبوونێكەو بەس، لەلای تاكی كوردو بەشێك لەزاناكانی كوردستان دەبینرێت، كە ئەمە سەری كێشاوە بۆ تەقلیدو لاسایكردنەوەیەكی بێ بنەما، وەك ئەوەی بە لۆجیكی بشفڕی هەر بزنە تیۆرو بیروڕاو فتواكانی زانایانی كوردستانیان لا هیچەو گوێی پێ نادەن. ئەمە لەكن خودی خەڵكی عەوامی دیندارو لەكن مامۆستایانیش دەبینرێ، لەبەرئەوە زۆر جێگای داخە كە لە كوردستاندا زانای هەڵكەوتووی وا هەبێت شان لەشانی زانایانی سەرانسەری جیهان بدات، بەڵام گوێی لێ نەگیرێو بیروڕاكانی بە هەند هەڵنەگیرێو دواجاریش بە كەموكوڕی بەسەر پێشكەوتنو پەرەسەندنی تێگەیشتن لەئایین بشكێتەوە.

بەداخەوە ئەگەر زانایەكی وەك (مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی موددەریس) لە كوردستان بژیایە ئەو زاناو موفتیەی لێ دەرنەدەچوو، چونكە ئەوە خودی ئێمەین كە زاتی ئەوە ناكەین كەسەكانی خۆمان بە ئەندازەی خۆیان پێناسە بكەین، ئەو لەبەغداو لەناو عەرەبەكاندا بە شافیعی دووەم دەناسراو هەڵكەوتەی ئەوێ وایكرد كە گوێ لە بیروڕاكانی بگیرێ و وەك موجتەهیدێكی سەردەم حیسابی بۆ بكرێت، كە دڵنیام دەیان زانای تر هەبوونەو لە گوندو شارەكانی كوردستان بە تەدریسو نووسین خەریك بوونەو ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە كە زانستەكەیان وەها پەرش بێتەوە.

ئەمڕۆ زۆر پێویستە لەناو زانایانی كورددا بیرمەند ئەگەر هەبن، نیشان بدرێنو گوێیان بۆ رابگیرێت، بەتایبەتی لەمەسەلە هەستیارەكاندا دەرگای بواری ئیجتیهاد بكرێتەوە، چونكە وەك جەنابی (مەلای گەورە) دەفەرموێ **(قەوم بەڵەد ئەبن ئەهلی نەزەرو فكریان نابێ ئەگەر ئیجتیهاد نەبا، ئەو هەموو مەلا گەورانە لەئیسلامەتیدا پەیا نەئەبوون، هەر كەس چاوی هەر لە رشكەو سپیلكە بێ، مێشكی ئەبێتە ناوكە كودو، ناتوانێ بەگوێرەی موقتەزای حاڵ بە فكری خۆی ئیقتراعی بكا، ئەگەر قسەی مەلایەكی لابوو زەریفە، وە ئیللا موعەتتەڵ ئەبێ، بۆیە من گەلێ جار ئەڵێم كورد مەلای كتێبیان زۆر بووە، ئەمما مەلای موفەككیر كە بتوانێ لەزیهنی خۆی بەگوێرەی مەقام قسە بكا دوو مەلایان بووە، یەكێ موفتی زەهاوی، ئەوی تر بابم رەحمەتی خوایان لێ بێ، حەققەن ئەو دوو زاتە لە نەوادیراتی دەهر بوون)**. تەفسیری كوردی، بەرگی دووەم، لا٢٤١.

لەناو مێژووی زانستە ئیسلامییەكان لە كوردستاندا كتێبو حاشیە زۆر نووسران، بەڵام كەمیان قسەیان لە شتی تازەو هەستیار كردووە، چونكە پێویستی بە زات كردنو بڕوا بەخۆبوونێكی پتەوە، هەموو ئەو هەوڵانەیش ئەو كاتە سەركەوتن بەدەست دێنێت كە رای گشتی ئەو رۆشنبیرییەی لا پەیدا بێت دان بە زاناییو لێهاتوویی زاناكانی خۆی بنێتو خودی زاناكانیش بە میهرەبانییەوە دەستی قایل بوونو گوێڕایەڵیو قبول كردن بۆ ئەو زانایانە رابخەن كە هیوای ئەوەیان لێ دەكرێت سبەی ئیجتیهادی فكری خۆیان لەكاروانی ئەو زانستانەدا بخەنە ڕوو.. بە ئومێدی ئەوەی ئەو رۆژەیش بێتو بەچاوی خۆمان ببینین!!!!

Hem992003@yahoo.com
Facebook:Hemn Omar Khoshnaw

# پردێکی بەهێز دەبێ لە نێوان دامو دەزگاکانی حکومەتو مامۆستایانی ئایینی

# رۆڵی ئەنجومەنی زانستی وەزارەتی ئەوقاف لە خزمەت کردنی زانستو زانایان

وەزارەتـی ئـەوقافو کاروبـاری ئـایینی، کـە دامـەزراوەیی حکومیـەو چـەندین بەشـی جۆراوجۆر لـەخۆ دەگرێـت، بـەڵام سـەرەکترین ئـەرکی وزارەتـی ئـەوقاف خزمـەت کردنـە بـە مزگـەوتو زانـستی شـەرعیو زانایـانی ئـایینیو کاروبارە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان.

یـەکێ لـەو دەسـتەو بەشـانەی لـەو وەزارەتـە بوونی هەیە (ئەنجومەنی زانست)یە، ك کە لە ژمارەیەك ماموستایانی ئایینیو شارەزاو پسپۆر پێـك هـاتووە، لـەپێناو ئامانجگـەلێكو بـە مەبەسـتی گەیانـدنی خزمـەتی بـە بـواری زانستیو شەرعی هاتۆتە کایەوە.

تا ئێستا ئەم ئەنجومەنە زۆر کاری جیددیو پـر سـودی ئـەنجام داوە بـۆ خزمـەت کردنـی مامۆستایانی ئـایینیو بەردەوامـە لـەم خزمـەت کردنە، جا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شارەزای ئـەم ئەنجومەنـە بـینو ئاشـنای کـارو چـاڵاکیەکانیان بـین ئـەوا ئـەم دیمانەیـەمان لـە گـەل بـەرێز ( دکتـۆر مـەلا مـادح مـەلا محمـد بـەرزێوەیی) ئەنجام دا، کە یەکێکە لـە ئەنـدامانی کـارای ئـەم ئەنجومەنە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە تیشك بخەینە سـەر رۆڵو ئـەرکو هەوڵـەکانی ئـەوان لـەم خزمەت کردنە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام:..

## ئا : بەڕێوەبەری نووسین

**+ دەکـرێ بـزانین پێناسـەی ئـەم ئە نجومەنـە چیەو بۆچی پێی دەگوترێ ئە نجومەنی زانستی؟**

_ بە ناوی خودای بەخشندەو ومیهرەبـان، درودو سـڵوی بـێ هـەژمار بـۆ روحـی پـاکی سـەروەر خۆشەویـستمان حـەزرەتی محمـد المـصگفی وبـۆ روحـی یـارانی بـە وەفـا وئەوانـەی لەسـەر رێگـای ئەوانن تا رۆژی پەسن و جەزا.

ئەنجومـەنی زاسـتی لیژنەیـەکی زانـستی یـە لـە کۆمەلێك زانای بە تواناو لێهـاتوو و خـاوەن ئـەزموون پێـك هـاتووە، کـە سـەر بـە وەزارەتـی ئەوقافـەو نۆینەرایەتی گشت پارێزگاکانی کوردستان دەکەن.

**+ چۆن ئەم ئە نجومەنە هەڵدەبژێردرێت؟**

_ ئـەم هەڵبژاردنـە بـە فـەرمانی جـەنابی وەزیـرو دەست نیشان کردنی راستـەوخۆی بـەرێزیان دەبیـت پـاش راوێـژکاری لایەنـە پەیوەنـدی دارەکـان وە بـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەو مەرجانـەی کـە پێویـستە لـە کەسانی ناو ئەنجومەن بێنە دی.

**+ ژمارەی ئەندامانی ئـەم ئە نجومەنـە چـەندە وچۆن کارەکانیان بەرێوە دەبەن؟**

_ ژمارەی ئەندامانی ئـەم ئەنجومـە پێـنج زانایـە، وە لـە رووی هونـەری و کـارگێری وەکیلـی وەزارەت سەرپەرشـتیان دەکـات، کاروبـاری لـە رێگـای سـکرتێری ئەنجومەنـەوە رێـك دەخـسترێت کـە پلەکەی لە (مدیر ئەقدەم) دەست پیێ دەکات.

**+ ئامانج لە پێکهینانی ئەم ئە نجومەنە چیە؟**

_ ئامـانجی زۆر بـە بـەهاو گـرنگ هەیـە لـە پێکهینانی ئەم ئەنجومەنە، وەك:

١_ هەڵبـژاردنی خـاوەن زانـست و شـارەزا بـۆ بـەرێوەبردنی کـارە زانـستی یـەکان، بـە تایبـەت پیشەی پێش نوێژ و وتـار دانو دڵنیـا بـوون لـەوەی کە ئەوبەرێزانەی دەیانەوێ ئەم کـارە ئـەنجام بـدەن مەرجـەکانی ئـەم کـارە پیرۆزەیـان تێدایـە و توانـای تـەواوی ئـەم کارەیـان هەیـە پـاش دڵنیـابوون لـە بروانامەکانیان.

٢_ رێگـرتن لـەوەی کـە ناشـارەزا بـەکاری پێش نوێـژ وتـاردان هەڵبـستن، چـونکە ئەمـە کـارێکی ترسناکەو، ئەم بابەتە پەیوەنـدی بـە واجبی ئـایینی موسـڵمانەوە هەیـە لـە گـرنگترین خواپەرسـتی کـە نوێژە، بۆیە دەبێ ئەوەی بـەم کـارە هەڵدەسـتێ لـە تاقیکردنەوەی ئەنجومەن دەربچێ، بۆ دڵنیـابوون لـە توانای تەواوی بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە.

٣_ دڵنیا بوون لە مەرجە شـەرعیەکان بۆ دانـانی وتاری هەینی لە مزگەوتە نووێیەکان.

٤_ ئـەنجام دانـی تاقیکردنـەوەی سـاڵانە بـۆ هەڵگرانی (الآجـازە العلميـە)، بۆ یەکسانیکردنەوەی بە بروانامەی شەشی ئامـادەیی خوێنـدنی ئیـسلامی. وە لـەم بابەتـەدا کـاری زۆر چـاکمان کـردووەو زۆر لـەو مامۆسـتا بەرێزانـەی بەشـداریان کـردوە لـە تاقیکردنەوەکانو سەرکەوتوو بونە ئـەوا بروانامـەیان وەرگرتووەو پلەی وەزیفیان گۆراوە.

وە ئـەم سـاڵ تاقیکردنەوەیـەکی تایبـەتیمان بـۆ ئـەو مامۆسـتا بەرێزانـە کـرد کـە تەمـەنیان هەیـە و نزیکی خانەنشینن وە دەرفەتیان نەبووە لـە سـاڵانی پێشوو ئەم تاقیکردنـەوە ئـەنجام بـدەن، وە زۆریـان سودیان لەم دەرفەتە وەرگرت.

**+ زۆر جـار گلـەیی دەکـرێ لـەوەی کـە گوایـە پرسـیارەکانتان قورسـن، ئەمـە تـا چ رادەیـەك راستە؟**

_ لـە راسـتیا ئەمـە بۆچـونێکی تایبەتـە، نـەك گـشتی، چـونکە هـەروەك ئاشـکرایە کـە ئـەم تاقیکردنەوەیـە بـۆ بەرامبـەر کردنـی ئیجازەیـە بـە



# هەوڵ دەدەین دەنگی مامۆستایانی ئایینی بگەیەنینە ئەو شوێنانەی کە دەیانەوێت

بروانامەی شەشی ئامادەیی، جا بۆیە دەبێ پرسیارەکان لەم ئاستە بن کە یەکسانی شەشی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی بن‌و، پرسیارەکان لەم چوارچێوە ناچنە دەر، وە ئەو بابەت و پەرتوکانەی کە تاقیکرنەوەیان لێ دەکری دیارن، وئێمە لە کاتی دانانی پرسیار زۆر شت لەبەر چاو دەگرین وەك ئەمانەتی زانستی و رەچاوکردنی ئاستی زانستی تاقیکراوەکان، بۆیە پرسیارەکان ئاساپین.

**+ ئەرکەکانی تری ئەنجومەنی زانستی چین؟**

– ئەرکەکانی زۆرن بۆ نمونە:

راژەکانیان دەگوازنەوە بۆ وەزارەتەکەمان‌و پلەی نوێ وەر دەگرن بۆ ئەوەی لە مەرجە یاسایی و تواناى ئەوان بۆ ئەم پلە نوێیانە رون بکەینەوە.

٧_ ناولێنانی مزگەوتەکان ورەزامەندی لە سەر ناوە نوێیەکان کە گونجاو بن لە گەڵ دینی ئیسلامی پیرۆز. ئەوانەو زۆر ئەرکی تر هەیە کە ئەنجومەنی زانستی پێیان هەڵدەستی.

**+ ئایا ئامانجەکانی ئەم ئەنجومەنە چییە لە داهاتودا؟**

_ ئەم ئەنجومەنە زۆر ئامانجی پیرۆزی هەن، بۆ نمونە:

+ ئەی مافەکانتان چین لەناو ئەو ئەنجومەنە؟

_ مافەکان زیاتر مەعنەوین‌و هیوا دارین کە خودای گەورە لێمان قەبول بکات.

+ حەز دەکەین ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەی ئەم خولە بە خوێنەران بناسێنن.

_ خولی ئەم جارەی ئەنجومەنی زانستی وەزارەتی ئەوقاف پیك هاتووە لە:

١_ ماموستا جەمال خدر إبراهیم بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت کە لە روی کارگیری وهونەری سەرپەرشتی ئەنجومەن دەکات.

٢_ ماموستا مەلا رسول محمد نادر راوێژکاری



١_ ئەنجام دانی تاقی کردنەوە و چاوپێکەوتن بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پلە وەزیفیەکانن بگۆرن، بۆ نمونە بەردەست ببێتە بانگبێژ، یان قورئان خوێن، یان پێش نوێژ ببێتە وتارخوێن، ئەمانە تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی لە شایستەیی و لێهاتوییان تێ بگەین.

٢_ ئەنجام دانی تاقیکردنەوە هەر سێ مانگ جارێك بۆ دەرچوانی پەیمانگای وتار بێژان و دەرچوانی کۆلیژی شەریعە کە تازە دادەمەزرێن بۆ ئەوەی لە توانای ئەوان حاڵی ببین.

٣_ تاقیکرنەوەی ئەو بەرێزانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی ئەوقاف دەیانەوێ خزمەت بە مزگەوتەکان بکەن بێ بەرامبەر، بۆ ئەوەی کەسی شیاو رێ پێ بدەین.

٤_ رەزامەندی لە سەر دانانی وتار لە مزگەوتە نووێیەکان پاش دڵنیابوون لە مەرجە شەرعی یەکان.

٥_ رەزامەندی لە سەر ئەوەی کە ئە کەسانەی مزگەوت دروست دەکەن لە سەر ئەرکی خۆیان هەر بە خۆیان سەرپەرشتی مزگەوتەکانیان بکەن ئەگەر داوا بکەن وتوانایان هەبێ، ومەرجەکانی سەرپەرشتیان تێدا هەبێ.

٦_ تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی ئەوقاف

١_ هەوڵ دان بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەنجومەنەکانی تری وڵاتانی ئیسلامی پەیوەندی و هەماهەنگی بکەین بۆ ئەوەی لەکارو چالاکییەکانی ئەوان کەلك وەربگرین و سودمەند بین.

٢_ کردنەوەی خولی زانستی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن لەدەرەوەی وڵات بۆ زیاتر شارەزابوون لەبەرێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەن.

٣_ کەڵك وەرگرتن لەم ئەنجومەنە بۆ راوێژکاری حەج و هەستان بە تاقیکردنەوەو بە هێز کردنی مورشیدەکانی حەج‌و بوون بە موفتی حاجیەکان.

٤_ هەماهەنگی لە گەڵ یەکێتی زانایان بۆ دەستنیشان کردنی ئەو مامۆستایە بەرێزانەی کە بروانامەی زانستی دەبەخشن، بۆ ریگەگرتن لە هەر کەسێکی ناشیاو کە بیەوێ دەست لەم کارە پیرۆزە وەربدات بە ناشارەزایی، و ئەم پیشە پاکە هەر بە پاکی رابگیرێت بۆ ئەوانەی کە ئەهلن بۆ ئەم کارە.

٥_ هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی تواناکانمان یەك بخەین بۆ خزمەتی دین وزانستی ئیسلامی بە سوود.

٦_ هەولدان بۆ کردنەوەی خولی بە هێزکردنی ئەوانەی کە نیازی تاقیکردنەوەی ساڵانەیان هەیە بۆ بە دەست هینانی بروانامەی شەشی خوێندنی ئیسلامی، بۆ ئەوەی شارەزا بن و لە کارەکانیان سەر کەوتوو بن..

ئایینی لە دیوانی وەزارەت.

٣_ د. مەلا مادح ملا محمد بەرزێوەیی، دکتورا لە زمانی قورئانی پیرۆز، لە زانکۆی صلاح الدین/ هەولێرو یاریدەدەری راگر لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی بەیانیان لە هەولێرو پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی گەورەی بەرزێوە.

٤_ مامۆستا مەلا ناصح ملا فتاح نصرالله، ماستەر لە فکری ئیسلامی لە زانکۆی بەغداو قوتابی دکتورا لە کۆلیژی ئیمام ئەعزەم‌و مامۆستا لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی سلێمانی‌و پێش نوێژو وتار خوین لە مزگەوتی بەرکێو لە سلێمانی.

٥_ ماموستا مەلا نامق عبدالعزیز عبید ماستەر لە تەفسیر لە کۆلیژی دەعوە لە لوبنان، وپێش نوێژ و تارخوێن لە مزگەوتی ملا أمین لە دهۆك.

٦_ مامۆستا مەلا عمادالدین مەلا فائز عبدالله، بکالۆریۆس لە شەریعە لە زانکۆی بەغدا، ویاریدەدەری بەرێوەبەر لەقوتابخانەی ئایینی مەلا فائز لە هەولێر، وپێش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی شێخی چۆلی هەولێر.

٧_ ماموستا مەلا عمر مصطفی رشید هەڵگری بروانامەی زانستی (الاجازە العلمیە) لە زانستە ئیسلامیەکان‌و بەرێوەبەری قوتابخانەی ئاینی ئەوقاف لە چەمچەماڵ‌و، پێش نۆێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی فردوس لە تەکیە.

# یەکێتی زانایان پێی وایە بە لێك نزیکبوون خزمەتی باشتر دەکرێت و چاکتریش لێك حاڵی دەبن



# گوتار شەکرە کردەوە شیرین ترە

دانا مەلا حەمەئەمین کەلاری
dkalary@gmail.com

لەگەڵ پێشکەوتنی دنیاو هاتنە گۆڕی گۆڕانکاریەکان، شتەکان بەئاسایی و سروشتی تێ ناپەڕن و زۆر جاران ڕێچکەو ئامانجی خۆیان لەدەست دەدەن و ناتوانن مرۆڤ بگەیەننە ئەو شوێن و پلەیەی کە مەبەستێتی.

یەکێك لە دیارترین بەکارهێنراوەکانی ئەمڕۆی دنیای پێشکەوتن بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و لەسەرو هەموشەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووکە، کە لەو نێوەندەشدا میللەتی ئێمەش بەکارهێنەرێکی سەرسەخت و بێ بەرنامەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیەیەو ئەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە بەشدارن لەبکارهێنانیدا، لەهەموشی باشتر ئەوەیە کە دەبینین هەریەکەو چ لە ئەکاونت و پەیجی تایبەتی خۆی چ لە هی هاوڕێیانی بوە بەماندێلایەك لە شۆڕش و جیڤارایەك لە ڕابەرایەتیو پەیامبەرێك لە ئامۆژگاری و فەیلەسوفێك لە داهێنان و پرۆفیسۆرێك لە پەروەردەکردن و ئەندازیارێك لە بنیاتنانو پێشەنگێك لە ئاراستەکردندا.

ڕەنگە هەتا وەکو ئێرە هەموومان موتەفیق بینو سوپاسو دەستخۆشانەشمان هەبێت بۆ خاوەنی ئەو هەموو ووتەو بلاوکراوە جوانانەی بواری ئاینیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و کلتوری و پەروەردەیی.. بەلام ئەوەی مایەی نیگەرانی یە لە پێش کۆمەڵگاوە بۆ ئێمەی بەکارهێنەران و بلاوەپێکەرانی ئەو جۆرە بابەتانە کە نەتوانین ئەو وتانە بکەینە کردارو لە ئاکاری ڕۆژانەماندا ڕەنگی پێ بدەینەوە، کە بەڕاستی نەنگی یەکە لەوێدا ئەبینین کە: پرۆفایلەکانمان پڕن لە بابەتی ئاینیو بەلام لە واقیعدا موسوڵمانێکی تەقلیدیو ویراسین، پرۆفایلەکانمان پڕن لەبابەتی سیاسی و بەلام نمونەی خراپترین سیاسەت لە وولاتماندا پەیڕەو دەکرێت، پرۆفایلەکانمان پڕن لە بابەتی پەروەردەیی بەلام جیلێکی بێ پەروەردەمان لێ بەرهەم هاتووە، پرۆفایلەکانمان پڕن لەبابەتی کۆمەڵایەتیو بەلام شیرازەی کۆمەڵگاو پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانمان تێك داوە، پرۆفایلەکانمان پڕن لەبابەتی مرۆڤ دۆستی و بەلام خوێنی مرۆڤمان لاهەرزانترە لە ئاو، پرۆفایلەکانمان پڕن لە بابەتی خۆشەویستیو بەلام ڕقو کینەو دوبەرەکی و یەکتری ناشیرین کردن لە کۆمەڵگاکەماندا باوە، پرۆفایلەکانمان پڕن لەبابەتی ڕێز گرتن بەلام لەم وولاتەی ئێمەدا گەورەو بچوك نەماوەو شتەکان بەهایان لە جێگەی خۆیدا نەماوە، پرۆفایلەکانمان پڕن لە باسی زۆری ڕێزگرتنی دایكو باوك بەلام ئەوەی لە نێو خێزانەکاندا نەمابێ ڕێزگرتنی دایك و باوك و گوێڕایەڵی کردنیانە، ئەگەر بەحیبری قەڵەم بنوسرایە بەقەدەر ڕوباری سیروانمان دەربارەی زیادەڕۆیی و بەفیڕۆنەدانی ئاو و سامانە نەتەوەییەکان نوسیوە، بەلام ڕۆژانە لەکوچەو کۆلانەکانی شاردا ڕوباری سیروان بەناسروشتی بەکارئەهێنرێت و کەسمان هەستی ئەوەمان لادروست نەبووە گڵۆپێکی زیادەی ماڵەکانمان بکوژێنینەوە، پرۆفایلەکانمان پڕن لەباس و پێویستی پاك و خاوێنی بەلام هەمووماان چاوەڕێین شەقام و کوچەو جێگاکانمان لەلایەن کەسانی ترەوە بۆ پاك بکرێتەوەو هێشتاش مەبدەئی پاك ڕاگرتنی شارو شوێنە گشتی یەکان لامان نەچەسپیوە.

بۆیە پێویستە بیرێك لەخۆمان و کۆمەڵگاو نیشتمانمان بکەینەوەو ووتەو گوفتارو ئاخاوتنە جوانەکانمان بکەینە کردارو ڕەنگدانەوەی ڕەفتارمان بێت بۆ ئەوەی ڕۆژانە لە ژیانماندا مەرگی چەند بارەی خۆمان نەبینین لە کاتێکدا زیندوین، چونکە بەڕاستی مرۆڤی تێگەیشتوو شارەزاو خاوەن بڕیار ئەو کەسەیە کە پەلە بکات و بڕیار بدات و گوتەکانی بکاتە کردار، چیدی لەوە بەئاگا بێینەوە کە قسە بەتەنها دادمان نادات چونکە شارستانیەت و پێشکەوتن و بەختەوەری هەنگاوی عەمەلی ئەوێت و سروشتی دروستکردنی مرۆڤ لە لایەن خواوە سوشتێکی ئاراستە کراوە بەکارو کردەوەو بەرجەستەکردنی واقیع...

پێویستە لەم ڕۆدا هەموومان پێکەوە هەوڵی خۆمان بەگەڕ بخەین و ووتەکانمان لە ئەرزی واقیعدا جێ بەجێ بکەینو لەو بوارەدا ڕۆڵی پێشمەرگە ئاسا ببینینو کۆڵنەدەر بین بۆ ئەوەی مێژوویەکی پرشنگدار بۆ خۆمان تۆمار بکەین و ڕۆژ ژمێری تەمەنمان تەنها بریقەی لێوە نەیەت و هیچی تر، لە داهاتوشدا چ خۆمان یاخود خەڵکانی تر نەفرەت لەو ژیانە نەکەین کە تیایدا بوین هەروەکو سەلمێنراوە هەرچینو کۆمەڵگایەك نەیتوانی گوفتاری خۆی بکاتە کردار ئەوکات دوچاری خۆ گێل و گەوج کردن ئەبێتو لۆجیکی خۆ گەوج کردنش هیچ سودێکی نیە...

بێگومان ئەوەی کە وتمان بۆ ئەوە نیە کە ئەو کەسانە نائومێدو ڕەشبین کەین و ساردیان کەینەوە لە بلاوکردنەوەی بابەتو وتەی جوان بەڵکو تەنهاو تەنها مەبەستمان دروستکردنی ئومێدە چونکە ئومێد بەکارکردن دروست ئەبێت سەرکەوتنش لەکارکردنەوەیە.



# ئافرەتی موسڵمان...

# خواناس‌و شارەزاو خاوەن بڕیارە

**بەشی پێنجەم** — **ئا: جەعفەر گوانی**

## مارەکردنی کچی بچووك

بە پێویستی دەزانم تیشكێك بخەینە سەر مارەكردنی كچی منداڵ‌و بچووك، واتە كچێك، كە هێشتا نەگەییشتبێتە تەمەنی بالقبوون‌و خۆناسین، دیارە لەوەدا زانایانی فیقهی ئیسلامی ڕێگەیانداوە، لەوەشدا چەند شتێكیان كردووە، یەكەمین پێیان وایە ئەگەر مەرجەكانی سەرەوەی تێدا بوون، كە لە كەسێكی هاوكوف مارە بكرێت، دوژمنداری لەنێوان خانەوادەكان نەبیت، بە مارەیی هاووێنەی بێت، ئەوا دروستە، پاشان بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر ئەوە بەم بەڵگانەی خوارەوە:

یەكەم: خوای گەورە لە ئایەتی ژمارە (٤)ی سوڕەتی تەڵاق دەفەرموێت: ﴿واللائي يَئِسْنَ مِنَ المحيض منْ نسائكُمْ إن ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهر وَاللائِى لَمْ يَحِضْنَ﴾.

واتە: ئەو ئافرەتانەی ماوەی كەوتنە حەیزیان تێپەڕیوە، ماوەی عادەكەیان (٣) سێ مانگە، ئەوانەش كە هێشتا نەكەوتوونەتە حەیز هەروایە.

پێیان وایە ئەم ئایەتە ڕێگەدانە بە مارەكردنی كچی منداڵ‌و نابالق، چونكە باسی عادەیان دەكات، خۆ ئەگەر بەمێر نەدرا بیت عادەی ناوێت، كەواتە قورئان ڕێگەی پێداوەو، ماوەی عادەبوونیشی بۆ دیاری كردووە.

دووەم: دەڵێن: ئیمامی ئەبوبەكر عائیشەی بە منداڵی لە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت مارە كردووە، كەواتە دیارە دروستە.

بە پشت بەستن بەم دوو بەڵگەیە ئیجماعێك دروست بووە، لەسەر ئەوەی، كە دروستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو شتیان باس كردوونە.

**یەكەم:** پێیان وایە ئەگەر بە بچووكی مارە كرا، ئەوا ڕێگەی گوستنەوەی پێنادرێت، تا لە ڕووی جەستەیی‌و دەروونیەوە ئامادە نەبێت، چونكە عائیشە ڕاستەوخۆ نەگوازرایەوە.

**دووەم:** هەروەها پێیان وایە ئەم ڕێگەپێدانە لەبەر بەرژەوەندی كچەكەو سۆزی باوكەكەدایە، هەروەك لە كتێبی (مغنى المحتاج ١٤٣/٣) هاتووە، كە باوك بۆی هەیە كچی خۆی مارە بكات، بەو مەرجەی دوژمنداری لە نێوانیان نەبێت، ئەوەش وا دەخوازێت: (أن لا يزوجها إلا ممن يحصل لها منه حظ ومصلحة لشفقته عليها أو مجرد كراهتها له من غير ضرر فلا تؤثر لكن يكره لوليها أن يزوجها منه كما نص عليه في الأم). ئەو دەقە بۆ ئەو باوكەیە، كە كچەكەی بەبێ ئیزن مارە بكات، بەوەی ئەم مافە بۆیە پێدراوە، چونكە بۆ بەرژەوەندی كچەكەیە، واتە: تەنها مەسەلەكە باوكایەتی نییە، بەڵكو بابەتەكە لە بەرژەوەندی كچەكە دروست بووە، بۆیە دەبێ مارەی بكات لە یەكێك، كە قازانج‌و بەرژەوەندی كچەكەی تێدا بێت، چونكە باوك بە سۆزە بەرامبەر كچەكەی، بەڵام ئەگەر —لەگەڵ بوونی قازانج‌و بەرژەوەندی كچەكە— تەنها پێی ناخۆش بوو بەبێ بوونی هیچ زیانێك بۆ كچەكە، ئەوە كاریگەری نابێت، وەلێ لەو كاتەش بۆ باوكەكە ناپەسەندە مارەی بكات.

## گفتوگۆی بەڵگەكان

### ئێستا با گفتوگۆ لەسەر هەر چوار بڕگەكە بكەین.

ئەو ئایەتەی سەرەوە، كە عادەی ئافرەتی بێ حەیزی بە سێ مانگ داناوە، هەرچەندە ئیمامی بوخاری كردوویەتییە ناونیشانی دروستی ماركردنی كچی بچووك، بەڵام قسەی زۆر جوانی هەندێك زانای كۆن‌و نوێی لەسەر كراوە.

لەوانە ئیبن حەزمی ئەندەلووسی لەگەڵ ئەوەی مەزەبی زاهیری بووە، كەچی لە ئیبن شبرمە فەقیهی عێراقی (ت١٤٤هـ) دەگێڕێتەوە: بە هیچ شێوەیەك دروست نییە كچ مارە بكرێت، تا بلۆغی نەبێت‌و پرسی پێنەكرێت، چونكە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، لەو فەرموودانەی لە پێشەوە باسمان كردن، بە ڕوونی دەڵێن: كچ دەبێ ئیزنی وەربگیرێت، ئەوانەی هێشتا بچووكیشن هیچ ئیزنیان نییە، چونكە منداڵن‌و چاكەو خراپەی خۆیان نازانن، ئیدی ئیزنیان لێوەرناگیرێت، پێغەمبەری درودی خوای لەسەر بێت لەم باسەدا تەنها باسی كچی گەورەی نەكردووە، باسی كچی بەشێوەیەكی گشتی كردووە، كە كچی بچووكیش دەگرێتەوە، كەواتە دەبێ ئیزنی ئەویش وەربگیرێت، تا گەورەش نەبێت ئیزنی نییە، كەواتە دروست نییە، مارە بكرێت تا گەورە نەبێت‌و ئیزنی لێوەرنەگیرێت.

بۆیە پێیان وایە ئەم ئایەتە زاهیر نییە لە باسی مارەكردنی كچی منداڵ، چونكە ئایەتەكە دەفەرمووێت: (ئەوانەی هێشتا نەكەوتوونەتە حەین)، بەبێ ئەوەی باسی كچ یان بێوەژن بێت، بۆیە دەشێ مەبەست ئەو ئافرەتانە بێت، كە تا تەمەنی گەورە هێشتا نەكەوتوونەتە حەیزو، بالغیشیان بووە، چونكە هەندێك جار حەیزەكە دوادەكەوێت‌و، كچەكەش بلۆغی بووە، بۆیە ئاساییە شوو بكات‌و، ئەگەر تەلاقیش درا، لەبەر ئەوەی هێشتا نەكەوتۆتە حەیز عادەكەی بۆ بە (٣) سێ مانگ دانراوە، بەڵگەشیان ئەوەیە، كە لە شەرعدا نیشانەی بالغبوونی ئافرەت تەنها حەیز نییە، بەڵكو تەمەن‌و موولێهاتن‌و چەند شتێكە، دیارە دەكرێ ئافرەت بلۆغی بووبێت‌و گەورەش بووبێت، هێشتاش نەكەوتبێتە حەیز، شەریعەتیش بۆ هەموو كەس‌و حاڵەتێكە بۆیە لێرەی باسكردوونە.

سەبارەت بە بەڵگەی مارەكردنی عائیشەش، ئەوە دەكرێ یەكێك بێت لە شتە تایبەتیەكانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، خۆ زۆر شتمان هەیە، لەسەر پێغەمبەر ئەرك بووە، یان بۆی دروست بووە، كەچی بۆ ئوممەتەكەی نەبووە، چونكە ئەوە باشترە بۆ ئەوەی مانای هەردوو فەرموودەكە لێك بدرێت، بەوەی فەرمانی ئیزن وەرگرتن بۆ هەموو كچێكە، مەسەلەی عائیشەش تایبەتمەندی پێغەمبەر بووە درودی خوای لەسەر بێت، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی لە بابی نیكاح پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت زۆر تایبەتمەندی هەبوونە، بۆیە ئەگەر ئەسڵ ئەوە بێت شتەكان تایبەتمەند نەبن، بەڵام لێرە ئەم بەڵگەیە هەیە، چونكە زەواج حاڵەتێكە خەسائیسی زۆری تێدایە بۆ پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت. پاشان ئەم حاڵەتە دەرگا دەكاتەوە، بە ڕووی كەسانی پیس‌و تەماعكار، كە (من دەزانم كچی



# زانایانی ئاینی توێژێکی گرنگن و خاوەن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریشن لە دارشتنی هەست و هۆش و سلوکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا

سێزدە ساڵی لە پیاوێکی سەرووی هەفتا ساڵی مارە کراوە، تەنها لە پێناوی بڕە پارەیەك)، کەواتە نە هەموو پیاوێك پێغەمبەرەو نە هەموو باوکێکیش ئەبوبەکرە، ئەوە سەرباری ئەوەی لێکۆڵینەوەی نوێ کراون، کە تەمەنی عائیشە ئەوەندە بچووك نەبووبێت، چونکە پێشتریش دوو کەسی دیکە بۆ خوازبێنی هاتوونە، هەروەها یەك لەسەر سێی عیلم لە عائیشەوە وەرگیراوە، کەواتە عائیشە کچێکی ئەوەندە بچووك و منداڵ نەبووە، بەڵکو ئەوە بۆ ژینگەو تەمەن و تایبەتمەندیەکانی دەگەڕێتەوەو، ناکرێ بۆ کچێکی منداڵی ئەم سەردەمە بکرێتە بەڵگە.

بۆیە دوای ئەم قسانە شێخ ئیبن عوسەیمین دەڵێت: (ئەوەی لێرەدا بۆمن دەرکەوت لەم سەردەمەدا بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانەوە، باوك بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بکرێت لە مارەکردنی کچەکەی تا بلۆغی دەبێت و ئیزنی لێ وەردەگیرێت، چەند ئافرەتمان هەیە باوکەکەی بەبێ ڕەزامەندی مارەی کردووە، کاتێك زاندراو، پیاوەکەی



چەوساندییەوە، بە خزمەکانی خۆی گووتووە: یان لە کۆڵ ئەم پیاوەم بکەنەوە، یان خۆم دەسووتێنم، ئەو حاڵەتانە زۆرن، چونکە گوێ بە بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی کچەکە نادەن، بەڵکو تەنها حسێبی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی خۆیان دەکەن، بۆیە لەم سەردەمەی ئێستادا پێم وایە دەبێ قەدەغە بکرێن، لەوانەیە سەردەمێکی دیکەش حوکمێکی دیکەی بووێت، بەتایبەتی کە هەندێك کەس کڕین و فرۆشتنیان پێدەکەن.

ئەوەش ئاساییە، کە خەڵك قەدەغە بکەین لەوەی کچانی نابلۆغ مارە بکەن، ئەها ئیمامی عومەر خوای لێ ڕازی بێت ئەگەر کەسێك ژنەکەی لە یەك مەجلیس سێ بەسێ تەلاق بدابایە نەیدەهێشت بۆی بچێتەوە. (بڕوانە: (الموسوعة الشّاملة أرشيف ملتقى أهل الحديث ٢٥٩/٢).

هەروەها ئەو زانایانەی یاسای دەوڵەتی عوسمانیان داناوە، بەناوی (قرار حقوق العائلة في النكاح المدني والطلاق)، لە (٨ی موحەرەمی ساڵی ١٣٣٦کۆچی) دەرچووەو، لە بەرگی (٦٣/٢٥)ی گۆڤاری (المنار) بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش ڕای ئەوەیان هەبووە، کە ڕێگیری بکرێت، بۆیە دوای ئەوەی گلەیی لە باوکان دەکات، کە هیچ گرنگی بە پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان نادەن و، هەر زوو دەیان بەنە ناو ژیانی هاوسەرییەوە، کە ئەم ژیانە لە خۆیدا پڕە لەموسیبەت بۆیان، ئینجا ڕای هەردوو ئیمامان ئیبن شبرمەو ئەبوبەکری ئەسەم دێنێتەوە، ئینجا دەڵێت: (پشتیوانی –لە دەوڵەتی عوسمانیدا– لەم ڕایەی ئەوان کراوە لەو مەسەلەیەدا). ئەمە دەقی وتەکەیە: (تزويج الصغير والصغيرة إن الأئمة الأربعة رضوان الله عليهم أجازوا للولي تزويج الصغير والصغيرة، ولذلك كانت المعاملة حتى الآن جارية على هذا الوجه، لكن تبدل الأحوال في زماننا، قد اقتضى العمل بأصول أخرى في هذا الباب.

إن أول وظيفة تترتب على الأبوين في كل زمان، وخاصة هذا الزمان الذي اشتد فيه التنازع في شؤون الحياة هي: تعليمهم، وتربيتهم، وإيصالهم إلى حالة تكفل لهم الظفر في معترك الحياة، وتمكنهم من تأليف أسرة منتظمة، ولكن الآباء عندنا في الغالب يهملون أمر تعليم أولادهم وتربيتهم، ويخطبون لهم الزوجات وهم في المهد، بقصد أن يسروا بهم أو يكسبوهم ميراثًا، وفي النتيجة يزوج أولئك التعساء قبل أن يروا شيئًا من الدنيا، وتكون أعراسهم أساس مصائبهم الآتية.

إن أكثر البيوت التي يؤلفها أمثال هؤلاء الأولاد، الذين لم يدرسوا فٍي مدرسة ولا تعلموا كلمة واحدة من أمور دينهم، فضلًا عن عدم تعلمهم قراءة لغتهم وكتابتها يحكم عليها بالتفرق من أول شهور الزفاف كالجنين الذي يولد ميتًا . وهذا أحد الأسباب في وهن أساس البيوت عندنا، ولا يعرف مقدار الدعاوى المتولدة من مثل هذه الأنكحة إلا بالنظر في سجلات المحاكم الشرعية والرجوع إلى أبواب الكتب الفقهية، وفصولها المتعلقة بتزويج الأب والجد صغيرهما، وتزويج غير الأب والجد من الأولياء الصغير، وما أعطي للصغير والصغيرة من حق الخيار عند البلوغ إذا كان المزوج غير الأب والجد.

على أن ابن شبرمة و أبا بكر الأصم رحمهما الله يقولان بأن الولاية على الصغار مبنية على منافعهم، وفي الأحوالٍ التي لا يحتاج فيها إليها: كقبول التبرعات مثلًا لا يكون لأحد فيها حق الولاية عليهم، وتزويجهم ليس فيه من فائدة لا طبعًا ولا شرعًا نظرًا لعدم احتياجهم إليه، لذلك لا يجوز تزويجهم قبل البلوغ من قبل أحد ألبتة . وقالا: إن النكاح ليس بشيء مؤقت، بل هو عقد يدوم ما دامت الحياة، فإذا جعل النكاح الذي يعقده أولياء الصغار نافذًا عليهم، فإن آثاره وأحكامه تستمر بعد بلوغهم أيضًا، في حين أنه لا يجوز لأحد أن يقوم بعمل يسلب منهم حرية التصرف بعد البلوغ، وحيث إن التجارب المؤلمة المستمرة منذ عصور قد أيدت قول الإمامين المشار إليهما، فقد قبل رأيهما في هذه المسألة).

جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی خاوەنی کتێبی (مغنی المحتاج)ی مەزەب شافیعی، کە دەڵێت: باوك بۆیە ڕێگەی مارەکردنی کچی پێدراوە بەبێ ئیزنیش، چونکە بە قازانج و بەرژەوەندی کچەکەی تێدایە، دەکرێ نموونەی پێ بێنینەوە، وەك ئەوەی حاڵەتێك هەبوو، کەسەکە زۆر هەژار بوو، کچێکی هەبوو، لەوانەیە لە برسان فڕەی بدابایە، یان بمردبا، یان نەخۆشیەکی قورسی هەبوو پێی چارەسەر نەدەکرا، یان دوژمندار بوو دەکوژرا، یان هەر حاڵەتێکی وا، کە هیچ ڕێگەی پاراستنی ژیانی کچەکەی نەبوو، بۆیە دەکرێ کچەکەی لە کوڕێکی هاوشانی خۆی مارە بکات بەو مەرجانەی پێشەوە.

جا ئەگەر بە وردی دیقەت بدەینە عیبارەتەکانی (مغنی المحتاج) بۆ مارەکردنی کچی منداڵ ئەگەر بەرژوەندیشی تێدا بێت، دەڵێت: (ويسن استفهام المراهقة وأن لا يزوج الصغيرة حتى تبلغ). واتە: سوننەتە ڕای کچی موراهیقە وەربگیرێت، هەروەها کچی بچووکیش مارە نەکرێت تا بلۆغی دەبێت، واتە: ئەگەر لەم حاڵەتانەی بەرژەوەندیش بێت، هەر باشترە مارەی نەکات تا گەورە دەبێت.

پاشان لە باسی ئەوەی، کە ئیزن لە کچ وەربگیرێت، شتێکی جوان باس دەکات، بۆ ئەوەی ئیزن وەرگرتن تەنها شتێکی ڕەمزی نەبێت، دەڵێت: (والمستحب في الاستئذان أن يرسل إليها نسوة ثقات ينظرن ما في نفسها والأم بذلك أولى لأنها تطلع على ما لا يطلع عليه غيرها).

واتە: وا خێرترە بۆ وەرگرتنی ڕای کچ، چەند ئافرەتێکی جێ متمانە بنێرێتە لایان، تا ڕای ناخی کچەکە بزانن، دایکیش بۆ ئەم کارە لە هەمووان باشترە، چونکە ئەوەی ئەو دەزانێت، کەسانی دیکە نایزانن. ئا ئەوە ڕای زانایانی ئیسلامە، نەك ئەوەی ئێستا دەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کچەکە، بە بچووکی مارە دەکرێت، یان بە خورتی مارە دەکرێت یان لە بەدەل خوێن دەدرێت.

کەواتە: ئەگەر بە پێچەوانەوە هەمووی زیان بوو بۆ ئافرەتەکە، ئەو کاتی دەبێ ڕێگەی لێ بگیرێت، ئا لێرەدا با بپرسین: لەو سەدەمەی ئێمەدا چ بەروەژەوەندی لەوەدا هەیە، کچێك، کە هێشتا نازانێت ژیان مانای چییە، لە کوڕێك مارە دەکرێت، کە زۆربەی جار کوڕەکەش بە هەمان شێوە منداڵەو هیچ لە ژیان نازانێت، هەر بۆیە کە گەورەش بوون جۆرە شەرمێك هەیەو، بە زۆریش کێشەو گرفتی گەورەی دروست کردووە.

بۆیە ڕای بەهێز بۆ ئەو سەردەمە ئەوەیە ئەم حاڵەتە قەدەغە بکرێت، کە خۆشبەختانە لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانیش بە بوێرییەوە لە (١٩٩٩/٥/٢٠) ئەم فەتوایەی دەرکرد، چونکە نەك بەرژەوەندی کچەکەی تێدا نییە، وە نەك سۆزی باوکی تێدا نییە، بەڵکو هەمووی زیانە بۆ کچەکەو، باوکەکەش جگە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیو، هیچ مەبەستی دیکەی نییە.

دەقی فەتوایەکە لە ژمارە (٣١٣٢)ی ساڵی (١٩٩٩)ی گۆڤاری (دەنگی زانا) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لەبەر دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی کچە منداڵەکە مارەکردنانەداو، بۆ ئەوەی دەرفەت نەدرێتە مارەکردنی کچی منداڵ تا ئەگەر وەلیەکە باوك و باپیریش بێت، کۆکبوون لەسەر تەرککردنی ئەم عادەتە.

بەڵگەکانیش دەکرێ قسەی زیاتریان لەسەر بکرێت، بۆیە وا باشترە ئەم فەتوایە لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان گرنگی زیاتری پێبدرێت و، ئەم دیاردەیە بە تەواوی بنەبڕ بکرێت.

# زانستگا

## شێخ موحەمەدی خاڵ



زانستگا.. وەك من بزانم دوو پیشەی زۆر گرنگی هەیە: یەکێکیان پیشەی زانستو ئەوی تریان پیشەی ڕەوشتو خووی بەرز، ئەم دوو پیشەیە بەیەکەوە بەستراون، هەر کامێکیان کز بوو ئەویتریان کز، وە هەر کامێکیان بەهێز بوو ئەویتریان بەهێز ئەبێ.

مامۆستای زانستگا بەلای منەوە وەك خواپەرست (عابد) وایە، چۆن خواپەرست بۆ خوا لێی ئەبڕێ، وە لە خەڵوەتخانەکەیا هەر بە خواپەرستی خەریك ئەبێ وە دەخڵی بەسەر هیچی ترەوە نابێ، مامۆستای زانستگاش ئەبێ وا لێ ببڕێ، وە هەر بە زانینەوە خەریك بێ.

یاخۆ بڵێین: خواپەرست هەر نوێژو ڕۆژیو خواپەرستی ئەکات، خواپەرست ئەگەر لەخشتە برا، وە کەوتە خولیای ناوو شۆرەتو دارایی کۆکردنەوە، چۆن ئەبێ بە خواپەرستی قەڵب، مامۆستای زانستگاش کە چاوی لە ناوو شۆرەتو دەوڵەمەندیو سەرکەوتنی مانگانەکەی بوو، ئەبێ بە مامۆستایەکی قەڵب.

ئینجا بۆئەوەی مامۆستای زانستگا نەکەوێتە ئەم خولیایانەوە، پێویستە لەسەر کۆمەڵەو دەوڵەت کە مایەی خۆشیو خۆشبەختیان بۆ جێ بەجێ بکەن، تا هەرچی کاتیان هەیە بەختی بکەن لەڕێی زانینو زانیاریدا.

مامۆستای زانستگا کە ئاوابوو ئەو حەلە خۆی تەرخان ئەکات بۆ خزمەتی زانینو خزمەتی گەل لەڕێی زانینەوە، وە هیچ ئاواتێکی لەژیانا نابێ خزمەتی زانین نەبێ، زانین سەر مەشقی ژیانو خۆراکی جەستەو گیانو ئامانجی هەردوو جیهانی ئەبێ، بەڵکو زۆر جار لە خەویشا هەر بە مەسەلەیەکی زانینی (علمی) یەوە خەریك ئەبێ، کە بیدۆزێتەوە یا بەدەرس بیڵێتەوە.

جا لەبەر ئەمانە مامۆستای زانستگا لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە ژیانێکی سەربەخۆی سەربەست، بەڵکو سەربەخۆیی مامۆستای زانستگا لە سەربەخۆیی سیاسی بۆ ئەو پێویسترە.

چونکە زانست بەر نادات تا سەربەخۆییو سەربەستی لەگەڵ نەبێ ئینجا کەیفی خۆیەتی ئەوی ئەم بەڕاستی بزانێ مەردووم پەسندی بکەن یا نەیکەن.

دووانو دووان لە ژمارەدا ئەکاتە چوار مامۆستای زانستگا لەبەر خاتری ئەمو ئەو بڵێ ئەکاتە سێ، ئەمە ئەگەر لە هەر شتێکی ترا دروست بێ لە زانینا دروست نیە، مامۆستای زانستگا ئەبێ وەك ئەستێرەی ئاسمان ڕێگا نیشان بدات بە هەموو کەسێك، بەبێ جیاوازی لە ناوەندی دۆستو دوژمنو بڕوادارو بێ بڕواو چاكو خراپا.

مامۆستای زانستگا بیرو باوەڕی زانینی خۆی نابێ بفرۆشێ بە پارەو دارایی، یا بە پیشەو پایە، با هەموو جیهان بەڵکو بەژیانی خۆشی، زۆر لە زانایان ژیانی خۆیان داناوە لەڕێی زانینا، وە لە پێناوی ئەو بیرو باوەڕەی کە بوویانە.

مامۆستای زانستگا ئەبێ خۆی سەرمەشقی زانینو زانیاریو ڕاستیو ڕاست پەرستی بێ، ئینجا ئەو حەلە هەموو لایەك بە چاوی ڕێز تەماشای ئەکەن، وە هەموو گێژەڵووکەیەکی ڕۆژگار لەو دوور ئەبێ.

مامۆستای زانستگا کە وا بوو، ئەو حەلە ڕۆژ بە ڕۆژ زانستگاکەشی گەورە ئەبێو باڵا ئەکات لەبەر چاوی هەموو لایەك، وەك منداڵێك کە بەهۆی خواردنی پاكو هەوای پاکەوە گەورە ببێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەو حەلە وەك منداڵێك وا ئەبێ کە زل بنوێنێ بەهۆی کالای زۆرەوە کە تێوەی بپێچرێ.

ئەمە ڕێی مامۆستای زانستگایە، ئەگەر لەم ڕێیە لای دا ئەو حەلە مامۆستای زانستگا نییە، بەڵکو مامۆستایەکی بازرگان (تاجر)ە، ئەیەوێ بە زانینەکەی بازرگانی (تجارەت) بکات، بەڵام ئەوەندە هەیە هەرچێکو مامۆستاکەیە بازرگانی ئەکات بە زانینەکەی، وە هەرچێکو بازرگانەکەیە بازرگانی ئەکات بە کوتاڵەکەی.

ئینجا ئەگەر مامۆستای وابوو لە زانستگادا ئەوا ئەو زانستگایە سەر ئەکەوێو پێش ئەکەوێ، چونکە ئەو مامۆستایە ئەبێ بەسەر مەشقی هەموو مامۆستاو قوتابیەکان، وە ئەبێ بە نمونەی خۆبەختکردنو ڕەوشتو خووی بەرز.

مامۆستای زانستگا نابێ سەر بە هیچ لایەك بێ، بەڵکو ئەبی هەر سەر بە زانینو ڕاستگۆییو ڕاست پەرستی بێ.

مامۆستای زانسگا ئەبێ لە هەموو شت کلابێ، ئەو حەلە قوتابیەکانیش کلا ئەبن، وەئەگەر شتێك رووی دا هەموو لەگەڵ مامۆستاکانیان ئەبن، چونکە گوێیان لە دەنگی دڵی مامۆستاکانیانە، وەك گوێیان لە دەنگی سەعاتەکەی دەستیانە، ڕەوشتو خووی خۆیان ڕاست ئەکەنەوە لەبەر ڕەوشتو خووی مامۆستاکانیان، هەر وەك سەعاتەکانیان ڕاست ئەکەنەوە لەسەر سەعاتی زانستگاکەیان، بەڵام ئەگەر وانەبوو، وە بە پەنجەی ئەمو ئەو هەڵسوڕان ئەو حەلە ئەو زانستگایە وەك مرۆڤێك ئەبێ، کە سەری لە زەویو قاچی لە ئاسمان بێ، یا وەك ئەوە وا ئەبێ کە سەعاتەکەی زانستگا لەسەر سەعاتی کابرایەکی لاکۆڵان بەراورد بکرێ.

زانستگا بەرزترین خویندنگایە لە جیهانا، لەبەر ئەوە لەهەر شارێکا بوو ئەبی بە مایەی شانازی دانیشتووەکانی، وە ئەبێ پڕ بە دڵ شەرمی لێ بکەن، من بەش بە حاڵی خۆم زانستگام ئەوەندە بەلاوە بەرزو بەڕێزە بە پێویستی ئەزانم، کە دانیشتووی شارەکەمان لەمەولا گەلێ لە جاران مەردترو پیاوترو نازکترو نەرم ترو شلتر بن، وە ڕەوشتو خوومان گەلێ لە جاران جوانترو بەرزترو شیرینتر بێ، وە هەرچی زبریو درشتیو قەبەیی بێ لەناومانا نەمێنێ.



# پرۆسەی خوێندن لە کوردستان

ئاوات نەقشبەندی

گومانی تێدا نییە کە ئیسلامو گشت لایەك کۆکین لەسەر گەورەیی‌و زەروری‌و چاکی خوێندن، وەچ مەزنیەکی هەیە لە بنیادی شارستانیەتی جیهانیدا، بۆیە هەر کەس دەگریت ئیتر بیرمەندە یان بانگخواز بێ یەکودوو باس لەگەورەیی زانستو پرۆسەی خوێندن دەکات. فێرخوازو زانستخوازان پێگەو پلەیان لەئیسلامدا زۆر مەزنترە لە خواناس‌و ئەو بازرگانە ئیماندارە کە پارەو سامانەکەی لە پێناوی خوادا بەخش دەکات.

خۆ ئەگەر میللەتانی تر پێویستیان بە زانستو زانیاری‌و خوێندن هەبێت، ئێمەی کورد زیاتر پێویستمانە چونکە هەم وەکو موسوڵمان وە وەکو گەلێکی ستەمدیدەو پرشوبڵاو کە دەبێت خۆمان ببینە پشتوپەنا بۆ خۆمان ئەویش تەنها بە خوێندن دەکرێت، بە خوێندن ئەتوانین بگەینە کاروانی شارستانیەتیەکان

.

ئەو بەیتە شیعرەمان زۆر بیستووە کە دەڵێت:

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی**
**تیغی دوژمنتانە**
**هەموو ئان‌و زەمانێك عەینی قەڵغان‌و**
**سوپەرتانە.**

کەواتە ئەو سوپەرو قەڵغانە کە دەمان پارێزێت لە هەر هێرش‌و پەلامارێك خوێندنە بەو دەتوانین لەسەرکەوتن بەردەوام بین.

سوفیانی سەوری کە یەکێکە لە خواناسان بە کەسێکی وت: (وَيْحَكُم! أُطْلُبُوا العلمَ فأني أخافُ أنْ يَخرُجَ العِلمَ مِنْ عِندِكم فَيَصير الى غَيرِكُم فتذلون).

واتە: ئاخ بۆ ئێوە هەوڵی زانست بدەن‌و فێربن چونکە من ئەترسم کە زانستتان لا نەمێنێت‌و زانستەکەتان لەدەست بچێتە دەر بۆ لای کەسانی تر ئەو کات ئێوە زەلیلی لای ئەو کەسانە دەب.

کەواتە پرۆسەکە بەردەوامەو لەهەرە پێویستیەکانی ژیان‌و ژیارە، بەلاَم لەکوردستان کۆمەڵێك ئاستەنگ هەیە لەبەردەم ئەم پرۆسە مەزنەدا من لێرەوە تەنها ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

ناوەندە ئەکادیمی‌و مەعریفی‌و زانستگەکان وەکو پێویست مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، لەڕووی دابینکردنی کادرو پێداویستی‌و دەرگایان بۆ والآنەکراوە بەڕووی جیهانی زانستدا.

سیستەمی فێربوون‌و زانست وەرگرتن کۆنەو پێویستی بە نوێکردنەوەو ئەبدەیت هەیە تا پرۆسەکە بە باشرین شێوە بڕوات بە ڕێوە.

پێویستە لەم کارە کە پرۆسەی خوێندن تا مەزرۆیی هەبێت‌و هەوڵ بدرێت بۆ زیادکردنی ئەو تامەزرۆییە.

گوێگرتن لە کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەوەی کە پرۆسەکە بەرەو کامڵ بوون بڕوات.

هەوڵ بدرێت ئەو کەسانەی کە لە هەر ناوەندێك کار دەکەن بە خواستی خۆیان بێت نەك بە ناچاری بچنە ئەو کارەی کە بەشدارە لە پرۆسەی خوێندن. بە ئومێدم چاو بگێڕینەوە بە پرۆسەی خوێندنداو هەوڵی جدی بۆ بدرێت.



# پرۆسەی خوێندن هەڵوێستەو سەرنج

مەلائەحمەدی قامیشی

## فەلسەفەی خوێندن

وێڕای پیرۆزبایی ساڵی تازەی خوێندن و هیوای سەرکەوتن بۆسەرجەم خوێند کاران، پێویستە فەلسەفەی خوێندن ئیمانی بێت تاکوفێری پەروەردەو زانستیێ ببن کەلە یەکتاپەرستی نزیکیان بکاتەوەو ببنە نەوەیەکی باش لەداهاتودا، ئێستا بەهۆی سیستمی پەروەردەی سیکۆلاریەوە وانەی ئاین ستەمی لێکراوە ! پەراوێز خراوە ! بۆ تاقیکردنەوەی گشتی داخل نەکراوە ! لەگەڵ عەرەبیدا (٢٠) نمرەی بۆ دانراوە !

بۆیە دەبینی خوێندن بۆمەبەستی بڕوانامەیە و بڕوانامەش بۆ مەبەستی ماددەو ژیانە ! سەرەنجام ئەوپزیشکەی لێ دەردەچێ کەلەعیادەکەی بەڕوی خۆشەوە دەیان پرسیارت لێدەکا بەڵام لەنەخۆشخانە بەپەلەیە وەڵامت ناداتەوە ! یان لەعیادەکەیدا دەتنێرێ بۆسەرجەم پشکنینەکان بۆسۆنار وتاقیگەو تیشك چونکەپشکی تێدایە، ئەو ئەندازیارەی لێدەردەچێ کە پاش ماوەیەکی کەم سەقفی بیناکەی درزی بردووە (تەقیوە) ئەو مامۆستایەی لێدەردەچێ کەلەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی ڕێدەکەوێ چۆن دەوام بکات یان نەکا، یان ناپاکی لەگەڵ قوتابیەکچەکەی دەکات ! ئەو فەرمانبەرەی لێدەردەچێ کەسەرەڕای موچەکەی بەرتیلیش وەردەگرێ ! چونکە تەنها بیر لەبەرژەوەندی مادی خۆی دەکاتەوەو دەڵێ (هی خۆم بۆخۆم هی تۆش دەخۆم) ! کە سەرەنجام لەجیاتی خزمەت وئاوەدانی وڵات پڕدەبێت لە گەندەڵی وێرانی،چون کەسێ لەگەڵ خوا ڕاست نەبێ لەگەڵ خەڵکی خوا ڕاست نابێ، هەرچەندە بڕوانامەشی بەرزبێت !، بۆیە دەبینی زۆرێك لە سەرکردەو وەزیرو مدیرو کاربە دەستان دوای مردنیان فایلی گەندەڵیەکانیان ئاشکرادەبێ، (دیارە ناڵێم کەلابران یان خانە نشین کران چونکە لەوڵاتی ئێمە ئەو بڕیارەنایان گرێتەوە) پەراوێز خستنی پەروەردەی ئیمانی کاریگەری سلبی ئەوتۆی لێکەوتۆتەوە کە خوێندکار لە زانکۆ وتویەتی: وانەی ئاین نابێ ببێ چونکە زانکۆ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریە بێئاگا لەوەکە (جامیعە) لەجامیع وەرگیراوە واتە مزگەوت کەدەبێ (جەمیعی علومی) تێدا بێت، وەبەهەمان شێوە کوردیەکەیشی کەزانکۆیە واتە: کۆی زانستەکان سەرەڕای ئەو هەموو ڕۆڵە گرنگانەی ترکەمزگەوت بینیویەتی، کە بە داخەوە بەلای هەندێکەوە کراوەتە پێشانگای جلوبەرگ ! لەگەڵ ڕێزم بۆ حەرەمی زانکۆ لەئیسلامدا فێربوونی زانست وزانیاری واجبە بۆ نیرومێ بۆبەئاگا بون لەژیان بۆ پێشکەوتن وداهێنان لەسەرڕێگای ڕاستی خۆمان بۆ ڕزگاربونی خەڵك وڕازی بونی خوا (طلب العلم فريضة على كل مسلم ) ئیسلام بە ئوممەتی (اقرا) ناسراوە کە یەکەم فەرمانی خوایە کێشەکە لەکەمتەرخەمی دایە.

## مەرجەکانی سەرکەوتنی خوێنکار

بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن دەبێ ڕەچاوی ئەم سێ خاڵە بکرێ:

یەکەم: سەرپەرشتیاری قوتابی کە دایك و باوکە دەبێ لەقۆناغی سەرەتاییدا چاودێری بکات لەخوێندنی و لە هاوڕێکانی سەردانی قوتابخانەکەی بکات، بە تایبەت دایکان کەیەکەم قوتابخانەی پێگەیاندنن ئەگەر لەخواترس بن کاریگەریان زۆرە، پێشەوا (ئەحمەد)ڕەحمەتی خوای لێبێت دایکی پەروەردەی کردبو بەیانیان هەڵی دەستاند بۆ نوێژو نەیدەهێشت بخەوێتەوەو هانی دەدا بۆ سەعی کردن و بوو بەو ئیمامە بەڕێزە کە یەك ملیۆن فەرمودەی شیرینی حەزرەتی لەبەربوو! پاشان نمونەی باوکی دڵسۆز حەزرەتی ئیبراهیمە، کاتێ خوامژدەی ئیمامەتی پێغەمبەرایەتی پێدا بۆ نەوەکانیشی داواکرد (ومن ذريتي ...)و کە لە دروستکردنی بەیت بونەوە بۆخۆی و بۆکوڕەکەیشی پاڕایەوە وداوای لە خوا کرد کەبەدوربن لەشیرك وبت پەرستی (...واجنبني وبني ان نعبد الاصنام ....).



دووەم: خودی خوێنکارەکە،کەدەبێ تەنها پەیوەندی بەخوێندنەوە هەبێت، نەك یاری وڕابواردنو مۆبایلو t.v و ...هتد، بۆ نمونە (ابن الجوزي) تائێوارە لەسەر لێواری دیجلە سەعی دەکرد بەنانو ئاو، کولێرەکەی ئەوەندە ڕەق ببووکە نەیخستایەتە نێوئاوەکە نەدەخورا !، (امام مالك) مامۆستای مەدینە بوو (٤٠٠–٥٠٠) قوتابی لە خزمەتیابوون جارێك لەکاتی دەرسا وتیان فیلێکیان هێناوە بۆمەدینە هەموویان چوون بۆسەیری فیل کەنەیان دیبوو تەنها قوتابیەکی ئەفریقی نەبێ امام فەرمووی بۆنەچوی بۆسەیری فیل؟ وتی: قوربان من بۆ خوێندن هاتووم، لەسەردەمی ڕژێمدا لە دواناوەندی بوم وتیان وەرە ببەبە بەعسی وتم: من بۆخوێندن هاتووم ونامەوێ سەرقاڵی شتی تربم، بەڵام دوای شۆڕش زۆربەی ئەوانەی بەعسی وفایلداربون ئەوانەبونەوە بە شت وچونە پێشەوە ئێمەیش هەروەك جاران ماینەوە ! بەداخەوە ئێستا لە بەر ێشبڕکێی خۆشگوزەرانی ومادده حیزبایەتی قوتابیان ناخوێنن، لەبیرمە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەحەوشە گەورەکەی مزگەوتی گولەك لە چوارقوڕنە ڕاڕەوێکی سەعی کردنم دروست کردبوو ئەوەندەبەسەریا گەڕا بووم بۆسەعی بەهاران شوێنەکەی من وەك خەتێکی دیاری کراو گژو گیای لێ شین نەدەبوو، هاوکات بەهەژاری ونەداری توانیمان بچینە کۆلێج بەڵام نەك هەر نەکەوتم بەڵکو ئیکمالیش نەبووم، هەندێ لە قوتابیە دەوڵەمەندەکان مامۆستای تایبەتیشیان بۆدەگرن بەڵام کەمتر سەرکەوتو دەبون لەچاوقوتابیە هەژارەکان، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵیان بەخۆشگوزەرانیەوە.

سێیەم: مامۆستا،ئەومژدەگەورەیەبەسەبۆمامۆستای بڕوادارکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بیت) فەرمویەتی: (انمابعثت معلما)، سەرەتای بانگەواز سەرجەم پلەوپایەکان لەوانە وتنەوەی مامۆستاوە دەستپێدەکات،کاری مامۆستا ئەمانەتەو پیرۆزە و کاری پێغەمبەرانەکە فێرکردنە تێگەیاندنە پێگەیاندنە، نەك حیزبایەتی وجیاوازی کردن لەنێوان قوتابیان و ڕێزی لەچك لەسەرنەگرێ ویان تانە لەدین بدات و کوڕو کچ تێکەڵ بکات کەئێستا بۆتە کێشەی سەرەکی ئەوروپا لەبەر زۆر بونی منالی ناشەرعی ولای خۆشمان بە پێشکەوتنی دەزانن! بەداخەوەکە پەند لەهەڵەی وڵاتان وەرناگرن و ئارەزوەکانی خۆیان دەسەپێنن لەجیاتی دڵسۆز بون بۆنەوەی داهاتوو ڕێزگرتن لەئاینی نەتەوەکەیان! مامۆستا دەبێت بەکردەوە مامۆستا بێت و پێشەنگی ڕەوشتە جوانەکان بێت، نەك بە قسەی زۆر یان بە دیکۆر، وەك امام شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی:

ان الفقيه هوالفقيه بفعلهِ..ليس الفقيهً بنطقه ومقالهِ.

# ئامارێکی حەجی ساڵی ١٩٧٨



نجاه یاسین النجار

زیارەتی ماڵی خودا فەرمان بەرداری خودایی حەج، کارێکی ئیمانکارو پیرۆزو گەورەیە، حەج وەرزێکی بروابیە کۆمەڵایەتیە ڕۆشنبیریەو ئەخلاقیە زانستیە وە هەروەها بازرگانیە ئەمەیان لەگەڵ خودای گەورە و میهرەبانە وە یان لەگەڵ بەندەکانە. موسڵمانەکان بەرەو پیلی بانگەوازی حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خودای لەسەر بێت) کۆدەبنەوە لەم شێوێنە پیرۆزە.

لەو وەرزەدا خودا پەرستی جۆراوجۆر وەك نوێژو تەواف و سەعی صەفاو مەڕواو زکرو پارانەوە بەچەندین زمانی جیاواز کە تێکەڵ نابێت لەلای خوای بەخشندەیی و میهرەبان هەموو ئەوانە بەشێوەیەی گشتی دەبێت لەڕۆژی عەرەفات وە لەڕۆژانی پێش و پاش جەژنی قوربان لەماڵی خودا کەوا گەورەترین ماڵە لەسەر ڕووی زەوی وە بەڕێزترین شوێنە کاتێ مرۆڤ شەرەف مەند دەبێت بە دیدارو سەردانی ماڵە پڕ قەدرو ڕێزو هەیبەتەکی پەروەردیگار ئەو کات چاوی بە هەموو جۆرە خەلکێك دەکەوێ ڕەگەزو ڕەنگی جیاواز ڕەش و سپی سوورو زەرد دەوڵەمەندو هەژار کاسپو سەرۆك... هتد شوێنی هەموویان دەبێتەوە بێ جیاوازی بەجلی ئیحرام لەبەر، دەرگای ئەم ماڵە هەردەم لە هەموو لایکەوە لەسەر پشت کراوەتەوە ساڵ دوازدەی مانگ شەوو ڕۆژ قەتو قەت داناخرێتو خاوەن ماڵ زۆر سەخیو دڵ فراوانو بەخشندەیە ماڵی ئەوها نییە لەسەر زەوی تەنیا ئەو ماڵە نەبێت کەوا لە چاکترینو باشترین شوێنە لەسەر زەوی دەکەوێتە چەقی ناوەڕاستی زەویو هەموو هێزەکان لەو چەقە کۆ دەبێتەوە بەپێ ی چەندین توێژینەوەو راپۆرتی زانستی دەڵێت: دەبوایە کاتژمێری هەموو دونیا لەسەر کاتژمێری ئەم ماڵەو شارەکەی تەوقیت بکرایە نەوەك لەسەر حیسابی (گرینج)ی لەندەن.

لەو ئامارەی کە لە ساڵی ١٩٧٨ز–١٣٩٨ك بەرەزامەندی وەزارەتی ناوەخۆی سعودیە ژمارە ٤٩٦/٥ لەبەرواری ١٣٩٨/١٢/٥ك، دەردەکەوێ کەوا ژمارەی حاجیانی عیراق دووەم ریزبەندی وەرگرتووە لەناو وڵاتانی عەرەبیو سێیەمین دەوڵەت بووە لەناو وڵاتانی جیهان واتە (٦٨٦٥٠) حاجی بوو، لە وەستانی حاجیان لەسەر کێوو سەرای عەرەفات رێکەوتی رۆژی پێنج شەممە ٩/زی حجە/١٣٩٨ك بەرامبەر بە ١٩٧٨/١١/٩ز:– زۆرترین ژمارە لەوڵاتی یەمەن (١٢٣٨٢٥) حاجی بووە، کەمترین لەوڵاتی رۆدیسیا (١) حاجی بووە وە ژمارەی گشتی حاجیان لەهەمان ساڵ (٨٣٠٢٣٦) حاجی بووە بەزیادەی (٩٠٩١٧) حاجی بەرامبەر بە ساڵ پێشوو واتە (١٩٧٧).

بەپێی راپۆرت ژمارەی حاجیان بۆ ماڵی خودا کە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پاسەپۆرتی سعودی دەردەکەوێ کە ژمارەیان بەرەو زیادبوونە لەساڵی (١٣٥٠–١٤٢٧)ك بەرامبەر بەساڵی (١٩٣٢–٢٠٠٦)ز وە بۆ نموونە ساڵی ١٤٠٣ك کە دەکاتە ساڵی ١٩٨٣ز ژمارەیان گەیشتە (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆنو نیو حاجی ئەوەبوو بەرپرسان بڕیاریاندا بۆ جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژەی گەورە بۆ فراوانکردنی هەردوو حەڕەمی مەککەو مەدینە وە شوێنە پیرۆزەکانی تر بۆ دابینکردنی

عـدد واجناس الحجاج الوافدين
## من خارج المملكة العربية السعودية
الذين وقفوا بعرفات يوم الخميس التاسع من ذي الحجة ١٣٩٨ هـ ـ الموافق ٩ نوفمبر ١٩٧٨ م

## PILGRIMS STATISTICS FOR 1398 A. H 1978 A. C

الحجاج القادمون من البلاد العربية
ARAB COUNTRIES

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لبنان Lebanon | ٦٦٥٨ | اليمن Yemen | ١٢٣٨٢٣ | تونس Tunisia | ٨٩٧١ |
| سوريا Syria | ٣٦١٣٨ | الجزائر Algeria | ٢٩٨٩٩ | قطر Qatar | ١١٨٩ |
| مصر Egypt | ٤١٨٩٨ | اليمن الجنوبية Southern Yemen | ٧٧٢١ | البحرين Bahrain | ٢٦١٢ |
| العراق Iraq | ٦٨٦٥٠ | الإمارات المتحدة United Arab Emirates | ٥١٨٣ | الصومال Somali Land | ٥٤٦٦ |
| السودان Sudan | ١٧٤٠٨ | | | | |
| ليبيا Lybia | ٢٢٦١٤ | المملكة المغربية Morocco | ٢٦١٦٦ | موريتانيا Maritani | ٥٧٢ |
| الأردن Jordan | ٣١٨١١ | فلسطين Palestine | ١٩٩٢ | جيبوتي | ٥١١ |
| عمان Oman | ٣٦٤٤ | الكويت Kuwait | ٥٦١٨ | | |

مجموع حجاج البلاد العربية ٤٧٨٩١٨
TOTAL OF PILGRIMS FROM ARAB COUNTRIES : 478918

الحجاج القادمون من بقية دول آسيا
FILGRIMS FROM NON — ARAB ASIAN COUNTRIES :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تركيا Turkey | ٣٩٦٦٩ | أفغانستان Afghanistan | ٨٦٤١ | بروناي Brunei | ٤٦٠ |
| إيران Iran | ٤٨٢٦٨ | ماليزيا Malaysia | ٦٦٧٦ | Singaphore سنغافورة | ١١٧٤ |
| الهند India | ٢٠٢٢٢ | باكستان Pakistan | ١١٦٦٤ | الفلبين Philippines | ٩٩٩ |
| بنجلاديش Bangladesh | ٧٩٩٠ | سيرلنكا China | ٨٧٦ | تايلند Thailand | ٤٢١ |
| أندونيسيا Indonesia | ٧٢٥٢٧ | Brunei الصين الوطنية | ٣٠ | دول آسيوية Other Asian Coun | ١٣٩ |

مجموع حجاج بقية دول آسيا ٢٦٠٠٦٦
TOTAL OF PILGRIMS FROM NON — ARAB ASIAN COUNTRIES : 260066

طبعت باذن وزارة الداخلية رقم ٥ / ٤٩٦ بتاريخ ٥ / ١٢ / ١٣٩٨ هـ

الحجاج القادمون من بقية دول افريقيا
PILGRIMS FROM NON — ARAB AFRICAN COUNTRIES :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| روديسيا | ١ | اوغندا Uganda | ٢٨٨٩ | توجو | ٤١٧ |
| نيجيريا Nigeria | ٥٩٨٤٢ | تنزانيا Tanzania | ٨٠٠ | جنوب افريقيا South Africa | ٥٩٩ |
| السنغال Senegal | ٣٩٢٩ | كينيا Kenya | ٧٤٧ | ساحل العاج Ivory Coast | ١٢٦٨ |
| النيجر Niger | ٤٥٠١ | داهومي Dahomey | ٥٥٠ | سيراليون Sierraleone | ١٩١ |
| اثيوبيا Ethiopia | ٢٤٩ | ليبيريا Liberia | ٧ | زامبيا | ٩ |
| مالي Mali | ٢٢٦٥٠ | جامبيا Gambia | ٤٦٦ | وسط افريقيا Central Africa | ٤٢٧ |
| فولتا العليا Upper Volta | ١٤٨٨ | تشاد Chad | ٢٩٥٥ | جزيرة مارشيوس Mauritius | ٤٥٦ |
| الكمرون Cameroon | ١٩٦٤ | غينيا Guina | ٢٠٩٨ | جزر القمر | ٧٦ |
| زائير | ١٦٩ | غانا Ghana | ١٢٢٨ | دول افريقية اخرى Other Countries | ١٠٨ |

مجموع حجاج بقية دول افريقيا : ٧٨١٦٦
TOTAL OF PILGRIMS FROM NON — ARAB AFRICAN COUNTRIES: 78166

الحجاج القادمون من اوربا وامريكا
PILGRIMS FROM EUROPEAN AND AMERICAN COUNTRIES :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| الدول الامريكية American Countries | ٢١٧ | اسبانيا Spain | ٢ | هولندا | ٤٩ |
| اليونان Greece | ٣١٩ | فرنسا France | ٤٩٢ | استراليا | ٢٩ |
| يوغسلافيا Yugoslavia | ٤٢٥ | بريطانيا Britain | ١٥٥٦ | دول اخرى Other Countries | ٧٨ |

مجموع حجاج دول اوروبا وامريكا : ٤٠٨٦
TOTAL OF PILGRIMS FROM EUROPEAN AND AMERICAN COUNTRIES : 4086

المجموع الكلي لعام ١٣٩٨ - ٨٣٠٢٣٦
مجموع حجاج عام ١٣٩٧ - ٧٣٩٣١٩
الزيادة عام ١٣٩٨ - ٩٠٩١٧

طبعت بمطابع دار الثقافة بمكة : ت ٢٥١٩٢

زۆرترین‌و فراوانترین شوێن بۆ حاجیان.

ولاَتی سعودیه بەردەوام بوو لەدانانی پلان‌و پرۆگرام بۆ ئاسانکاری‌و جێبەجێکردنی مەراسیمی حاجیان وە شوێنی مانەوەو حەوانەوەیان ئەوەبوو بڕیاردرا لەکۆنگرەی (١٧)ی وەزیرانی دەرەوەی ولاَتانی ئیسلامی کە لەپایتەختی ئەردەن بەسترا لەرۆژانی ٣-٧ /شەعبان/ ١٤٠٨ك بەرامبەر ٢١-٢٥/مارس/ ١٩٨٨ز بۆ ئەوەی چەندین ڕێنمایی‌و ئاسانکاری بۆ ڕێکخستن‌و کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی سەفەر دەکەن بۆ حەج، ئەوەبو لەسەر بنچینەی ژمارەی گشتی هاولاَتییانی هەر دەولەتێك دابەش لەسەر ژمارەی موسلَمانان لەجیهان بۆ ئەوەی هەلَی یەکسانی برەخسێنێت بۆ گشت حاجیانی ولاَتان وە ڕێکخستنی شوێن بۆ مەراسیمەکانیان وە دابینکردنی هەموو جۆرە ئامرازێك بۆ وەرگرتنی پشوو بۆیان، هەر لەناو ئەو پلان‌و پرۆگرامانە بۆ فراوانکردنی شوێنی زیاتر بۆ حاجیان ئەنجومەنی دەستەی گەورەی زانایانی سعوودی بڕیاری ژمارەی ١٨٧ لە ١٤١٨/٢/٢٦ك کە دەکاتە سالَی ١٩٩٧ز کەوا هەر هاولاَتییەکی سعوودی کە حەجی یەکەمی کردبێت ناتوانێت حەجی دووەمی بکات هەتا (٥) پێنج سالَ تێنەپەڕێت لەسەر حەجی یەکەمی.

هیوادارین ئەو ڕێنمایانەی کە لەسەرەوە باسی لێکرا پەیڕەو بکرێت بۆ ڕێکخستنی ژمارەی حاجیان لە کوردستان تاکو هەلی یەکسانی بۆ گشتیان برەخسێت.

لەم سالاَنەی دوایەداو بەتایبەتی دوای روخانی رژێمی عیراق لەسالَی ٢٠٠٣، گەشتی زیارەت بۆ حەج‌و عومرە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ژمارەی حاجیانی هەرێمی کوردستان سالاَنە زیاتر لە (٦٠٠٠) حاجیە، لە هەر وەرزێکی عومرەدا لەسالَەکە ژمارەی عومرەکاران زیاترە لە دوو ئەوەندەی حاجیەکان، لەم گەشتانەدا کە لەڕێگای چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێ عومرەکاران زۆر جار تووشی کێشەو گیروگرفت دەبن، ئەوەش بەهۆی دواکەوتنی وادەی فرۆکەکان یا تووشی نەخۆشی یا مردن وەیا کێشەی دزین‌و ون بوون‌و شوێنی نیشتەجێ بوون، جگە لەمانەش نەبوونی مرشدێکی ئاینی زانا کە بتوانی ڕێنمایی عومرەکاران بکات تا ئەرکەکە لەڕووی ئاینیەوە جێگای خۆی بگرێت، بۆیە بە باشمان زانی ئەم چەند پێشنیارانەی لای خوارەوە بخەینەڕوو بەمەبەستی لێکۆلَینەوەو کۆکردنەوەی رایەکی پەسەند بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقافو گواستنەوەو حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ.

١- ئەو فرۆکانەی کاری بردن‌و هێنانەوەی عومرەکاران دەکەن سەر بەدەزگای گشتی حەج‌و عومرەی عیراقییە (وەقفی شیعی)و لەژێر چاودێری وەزارەتی گواستنەوەی عیراقەو بەپێی ئەو زانیارانەی دەستمان کەوتووە ژمارەیان (٤) فرۆکەن، بەهۆی زۆری داواکاری عومرەکارانەوە لە گشت پارێزگاکانی عیراق، ئەو ژمارە فرۆکانە ناتوانن داواکاریەکانی عومرەکارانی هەرێمی کوردستان بەباشی جێبەجێ بکەن‌و بەو هۆیەوە توشی ئازار دەبن‌و زۆر جار لەفرۆکەخانەی نێودەولَەتی هەولێرو جدە ماوەی چەند ڕۆژو شەوانی دەمێننەوەو چاوەرێ دەکەن.

بەپێیّ دەستوری عیراق هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمێکی دانپێنراوە، خاوەنی حکومەتی خۆیەتی‌و دوو وەزارەتی ئەوقافو گواستنەوەی هەیە، لیژنەی حەج‌و عومرەی هەیە وەکو عیراق، خاوەنی دوو فرۆکەخانەی نێودەولَەتییە (هەولێرو سلێمانی)، داواکاری زۆرە بۆ ئەو گەشتە، هیچ پێویست ناکات فرۆکەکانی حەج‌و عومرەی عیراقی خۆیان بەسەر هەرێمدا بسەپێنن، با وەزارەتی گواستنەوەی هەرێم لەگەلَ چەند شەریکەیەکی فرۆکەوانی تر پەیماننامە واژۆ بکات، فیزەکانیش با لەڕێگای فەرمانگەی پەیوەندیدار لەهەرێمی کوردستانەوە وەرگیرێ وە هەروەها دانانی پارە بۆ تەئمینات با لەهەولێر نەك لەبەغدا.

٢- زۆر پێویستە نوێنەرایەتیەکی هەرێمی کوردستان لەولاَتی سعودییە هەبێت بەبەردەوامی، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی حاجیان‌و عومرەکاران جێبەجێ بکات، بەتایبەتی بۆ بەکرێگرتنی شوێنی نزیك‌و باش بۆ حاجیان لەکاتێکی گونجاو وە هەروەها یارمەتیدەرو هاوکار بێت لەکاتی وەفاتیان یا نەخۆشی سەخت ونبوون وەیا دزی‌و تەعدا کە تووشیان دەبێت.






یەكێتی زانایان هەوڵی داوە ئەمنو ئاسایشی هەرێمی كوردستان پارێزراو بێتو بەردەوامیش دەبێت لەسەر ئەم هەوڵە



# ئەو موژدانەی بە حاجی دراوە

م. دلێر گەرمیانی

كۆ دەنگی زانایان لە سەر ئەوەیە، كە حەج یەكێكە لە روكنو بنچینەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەربارەی ئەو ساڵەی، كە حەجی تیادا فەرز كراوە زانایان بوون بە دوو بەشەوە زۆربەی ئەهلی زانست دەڵێن ساڵی پێنجەمی كۆچییە بە بەڵگەی فەرموودەی خوای پەروەردگار: (واتموا الحج والعمرة لله) كە لەو ساڵەدا دابەزیووە، كۆمەڵی دووەم لە ئەهلی زانست پێیان وایە لەساڵی نۆیەمی كۆچیدا فەرز كراوە بەڵگەش فەرموودەی پەیامبەری خۆشەویستە (درودی خوای لەسەر بێت)، كە بە وەفدی (عبدالقیس)ی وت لەسەرتای مانگی نۆیەمی كۆچیدا فەرموودەكەش هەر دووپێشەوای فەرموودە ناس (بوخاریو موسلیم) دەیگێڕنەوە هەر وەها ئبینو قەییم (ر.خ) دەڵێت: بەڵگەی قورئانی بۆ فەرزبوونی حەج لە ساڵی نۆیەمی كۆچیدا فەرموودەی خوای گەورەیە: (ولله على الناس حج البيت).

كە لەكۆتایی مانگی نۆدا دابەزیووە، حەج پەرستشێكی تایبەتە بەمەرجی تایبەتەوە كە بریتییە لە تەوافو سەعیو وەستان لە عەرەفە لەشەوی (١٠ي ذي الحجة) بەشێوەیەكی تایبەت لە هەموو تەمەنی باوەڕداردا یەك جار فەرزە فەرموودەی زۆر هەیە لەسەر فەزڵو شەرەفی حاجی پێش ئەوەی ئاماژەیان پێ بدەین چەند حیكمەتێكی حەجو سوودەكانی دەخەینە ڕوو بە كورتی لەوانە:

یەكەم: كۆبوونەوەی بڕوادارانە دەبێت ئەوە بزانین، كە بنەماو ئەساسی ئەم ئایینە كۆبوونەوەو لێك نزیكردنەوەی دڵی بڕوادارە لەبەر ئەمەشە خوای پەروەردگار وای كردووە، كە زۆربەی پەرستشەكان فاكتەرو وەسیلەی ئەم ئامانجە پیرۆزەیە بێت، وەك بینینی براكانت لە نوێژە فەرزەكاندا لە رۆژێكدا پێنج جار لەكاتی ئەنجام دانی نوێژی بەكۆمەڵ پاشان دوو بارە بوونەوەی ئەم یەكتر بینینە لەهەفتەیەكدا یەك جار بە كردنی نوێژی هەینی بەهەمان شێوە یەكتر بینینێكی تر لەكاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا لەساڵێكدا یەك جار لە ئاستی جیهانی ئیسلامیدا.

دووەم: راكێشانی سەرجەم بڕوادارانە بۆ یەك رووگە، كە ئەویش مەككەی پیرۆزە لەبەر ئەوەی هەر لەو جێگەیەوە رۆشنایی ئیسلام بلاو بوویەوە بە هەموو جیهاندا تاوەكو ببێت بە فاكتەرێكی سەرەكی لە یەك ریزی بڕواداراندا.

سێیەم: زیندووكردنەوەی پەیامی برایەتی راستەقینەیە بەشێوەیەكی هەست پێكراو وە هیچ بەربەستێك كاریگەری لەسەر نەبێت وەك زمانو جیاوازی خاكو نیشتمان چاكترین فاكتەرە بۆ بەرز راگرتنی ئەم پەیامە بە دەووری ماڵی خوادا بە وتنی یەك نزا بەرامبەر یەك خوا لە یەك روانگەوە.

چوارەم: دەرخستنی یەكسانییە لەنێوان بڕواداراندا وە نەهێشتنی ڕووكەشیو جیاوازی جلوبەرگو خۆ جیاكردنەوە لە یەكتری ئەمەش بە چاوی خۆمان دەیبیینبن لە عەرەفەو میناو كاتی هاوێشتنی بەردەكاندا، كە جیاوازی نامێنێت لە نێوان هەژارو دەوڵەمەندو گەورەو خزمەتكاردا هەموو سەرقاڵی نزیكبوونەوەن لە پەروەردگار.

پێنجەم: حەج گەورەترین یاد خستنەوەیە واتا بڕوادار بیر لە باوكو باپیری دەكاتەوە هەر وەها لە پەیامبەرانیش لەبەر ئەوەی هەر وەستانێك یان كردنی پەرستشێك پەیوەستە بە ڕووداوێكەوە، وەك لە نزیكی ماڵی خوادا یادی حەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیل دەكەینەوە، كە چۆن ئەم ماڵەیان دروست كردووە هەروەها وێنەی پەیامبەری خۆشەویستمان دەخەینە بەرچاومان، كە چۆن ماچی بەردەكەی كردووە.

شەشەم: لەسەرووی ئەمانەی كە باسمان كرد كۆمەڵەێكی زۆر لە هەژارانی ئەو ولأتانە سوود لە رۆزی دەبینن لەكاتی ئەنجام دانی فەریزەی حەجدا.

# هەوڵی بەردەوامیان نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بنەبڕکردنی دیاردە قێزەونەکان بووە

حەوتەم: حەج پەروەردە کردنی لاشەیە لەسەر خۆراگری و ئارام گرتن لەسەر نارەحەتی و زەحمەت، کە تووشی دەبێت لە ئەنجامدانیدا هەر وەها پەوەردە کردنە لەسەر خۆ بەکەم زانین و لێبوردن و بەباشی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا لەگەڵ بەخشین و چاکەکردندا.

ئەبو هورەیرە (ر.خ) پرسیاری کرد لە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەربارەی باشترین کردەوە ئەویش فەرمووی باوەڕ بە خواو پەیامبەرەکەی پاشان فەرمووی کۆشش و جیهاد لەرێگای خوادا پاشان فەرمووی دوای ئەمانە پەیامبەر (د.خ) فەرمووی حەجی مەبرور واتا حەجێك تاوانی تێدا نەبێت ئەم فەرموودەیەش پێشەوا (بوخاری و موسلیم) دەیگێڕنەوە هەر وەها ئەبو هورەیرە (ر.خ) دەیگێڕێتەوە، کە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی (العمرة الى العمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة) وە لە فەرموودەیەکی تردا، کە جابر (ر.خ) دەفەرموێ: گوێم لە پەیامبەر بوو دەیفەرموو: (من حج فلم يرفث ولم يفسق رجع من ذنوبه كيوم ولدته امه) ئەم فەرموودەیەش هەردوو فەرموودە ناس پێشەوا (بوخاری و موسلیم) دەیگێڕنەوە واتاکەی هەر کەس حەج بکات بە مەرجی نەکردنی جووت بوون و پێشەکییەکانی و نەکردنی خراپەکاری پاك دەبێتەوە لە تاوانەکانی وەکو چۆن تازە لە دایك دەبێت، لەم چەند خاڵەشدا مژدەکان کورت دەکەینەوە:

١- حاجی بە حەجکردنی ئەوەی پێشتر کردوویەتی دەسڕێتەوەو پاك دەبێتەوە وەك لە فەرموودەی (موسلیم)دا هاتووە(وان الحج يهدم ما قبله).

٢- حاجی موجاهیدە وەك لە فەرموودەی پەیامبەر هاتووە، کە ئیمامی (نەسائیی) دەیگێڕێتەوە (جهاد الكبير والضعيف والمرأة الحج والعمرة)، لەفەرموودەیەکی تردا پیاوێك هاتە خزمەت پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی دەمەوێت جیهاد بکەم پەیامبەر (د.خ) فەرمووی: جیهادێکت نیشان دەدەم، کە درکی نەبێت ئەویش حەجی ماڵی خوایە، پێشەوا (عومەری کوڕی خەتاب) پێناسەی حەج و عومرەی بە دوو جیهادەکە کردووە.

٣- حاجی پەیامنێرو نوێنەری خوایە وەك ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە، کە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی (وفد الله ثلاثة الغازي والحاج والمعتمر).

٤- حاجی نزاکانی وەرگیراوە ئیبن و عەباس دەیگێڕێتەوە، کە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پێنج کۆمەڵ نزاکانیان ڕەت ناکرێتەوە یەکێك لەوانە نزای حاجییە وە سوننەتە داوا لە حاجی بکەیت دوعای خێرت بۆ بکات، وەك پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) داوای نزای لە عومەری کوڕی خەتاب کرد: (لا تنسانا من دعائك أو اشركنا في دعائك).

٥- ئەو پارەیەی، کە حاجی سەرفی دەکات لەکاتی حەجەکەیدا وەکو ئەوە وایە لەپێناوی خوادا سەرفی کردبێ وە پەنجاییەك بەرامبەر حەوت سەد جار خێری دەگات (النفقة في الحج كالنفقة في سبيل الله الدرهم بسبعمائة ضعف)، ئیبن و ئەبی شەیبەو ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیاندا دەیگێڕنەوە.

٦- ئەوەی برای حاجی سەرفی دەکات لەلایەن خوای پەروەردگارەوە هەڵگیراوەو بۆی قەرەبوو دەکرێتەوە وەك لەفەرموودەدا هاتووە (الحجاج والعمار وفد الله ان سألوا اعطوا وان دعوا اجيبوا وان انفقوا اخلف عليهم) لەریوایەتێکی تردا هاتووە (ان الله يقول لملائكته اخلفوا لهم ما انفقوا).



٧- یەکێك لەو کۆمەڵەیە، کە واجبە لەسەر خوای گەورە کۆمەکیان بکات حاجییەو بە تایبەتی کۆمەك دەکرێن وەك لەم فەرموودەدا باس کراوە (اربعة حق على الله عز وجل عونهم الغازي والمتزوج والمكاتب والحاج).

٨- حاجی دەبێتە تکاکار، وەك ئەبو موسای ئەشعەری دەیگێڕێتەوە (الحاج يشفع في اربعمائة من اهل بيته)، واتا: یەك حاجی دەبێتە تکاکارو شەفیع بۆ چوار سەد کەس لە کەس و کارەکەی.

٩- حاجی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت وە ئەو کەسەش حاجی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات (اللهم اغفر للحاج ولمن استغفر له الحاج)، ئیمامی بەیهەقی و حاکم دەیگێڕنەوە عەبدوڵلای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێ: ئەگەر گەشتیت بە حاجی سڵاوی لێبکەن و قەوقەی لەگەڵدا بکەن وە داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن پێش ئەوەی بڕواتە ماڵەوە.

١٠- حاجی لە ئەهلی بەهەشتە ان شاءالله وەك لەفەرموودەدا هاتووە ئیمامی ئەحمەد دەیگێڕێتەوە (الحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة)، واتا: حەجێك ئەگەر گوناهی تێدا نەکردبێت پاداشتەکەی بەهەشتە، بەم باسە کورتە جێگەی سەرسوڕمانە! ئیتر هەوڵی تەواو نەدەیت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سەفەرە پڕ خێرو بەرەکەتە چونکە هۆکارو ئەسبابی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەزەمانی پێشوو بۆ نموونە: پیاو چاکێك کەسێکی بەساڵاچوو دەبینێت لەکاتی تەوافدا، کە خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا دەڵێت پرسیاری لێکردم بە چەندێك ئەم ڕێگایە دەبڕن، وتم: بە دوو مانگ، وتی: واتە هەموو ساڵێك حەج دەکەن ئەو بێدەنگ بوو من پرسیاریم لێکرد ئەی نێوان ئێوەو ئەم ماڵە چەندە؟ وتی: پێنج ساڵە، وتم سوێند بەخوا ئەمە فەزڵێکی ئاشکراو خۆشویستنێکی ڕاستەقینەیە، وە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە زیاتر ئاسانکاری کراوە بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی خۆشمان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەریزە پڕ لە مژدەیە.

لەکۆتاییدا ئەوەمان بۆ روون بویەوە بە ئەنجامدانی ئەم ڕوکنەیە چەند مژدەی خۆش و گەورەی تێدایە داواکارم لە خوای پەروەردگار بە نیسبی هەمووانی بکات ان شاء لله.

سەرچاوەکان: وەرگیراوە بە دەستکارییەوە لەپەرتووکی (قل هذه سبيلي) دانراوی زانای خواناس و فەرموودە ناس (محمد ابن العلوى المالكى) خوا لێی خۆش بێت.

# حەج و گەورەییەکانی

مەلا کریکار بادلی



حەج: یەکێکە لە پێنج پایەکانی ئاینی ئیسلام کەوا بنەماو یاساکانی ئیسلامی لەسەر دەوەستێ و هەر بەویشەوە کەسایەتی موسوڵمان تەواو دەبێت و بڕوای دادەمەزرێ و تاوان و گوناهەکانی لێ هەڵدەوەرێ و پاك دەبێتەوە لە هەڵەکان، تاکو وای لێ دێت وەکو ئەو ڕۆژەی کە لە دایك بوووبێ گوناه بوو. چونکە حەج قوتابخانەیەکی ئیمانیە وەدەورەیەکی ڕەوشتی پەروەردەییە کە تیایدا موسڵمان بڕواکەی زیاترو پتەو دەکات وە پلەو پایەی بەرزو بڵندتر دەکات و ڕەوشتەکانی پوخت وتۆکمە دەکات، کە ئەوەش بۆ کەسێکە کە بەچاکی حەجەکانی ئەنجام بدات و خۆی بەدوور بگرێت لە تاوان و مناقشەو سەرپێچی و دووردەکەوێتەوە لە ئازاردانی براکانی. گەر ئێمە سەیری قورئان بکەین دەبینین وشەی حەج لە (٩)جێگا هاتووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە واجباتی حەج لە نۆ ڕۆژ دا جێبەجێدەکرێت لەبەر ئەوە (٩) جار باسکراوەو١٠یەم دەبێتە چەژن کە وا لەسورەتی (بقرە) لە ئایەتی ١٨١ هاتووە لە سورەتی حەجیش لە ئایەتی ٢٧ هاتووە ئەگەر ١٨١ دابەشی ٢٧ بکەین ژمارە ٧دەردەچێت بە پۆینتەکانەوە کەوا معلومە ڕوکنەکانی حەج ٧ ڕوکنن، وە لەلایەکی ترەوە پیوەندی ژمارە ٧ کە ڕوکنەکانی حەجە بەدڵی مرۆڤەوەیە.

چونکە دڵی مرۆڤ ئاسایی لە ٧٢تا٧٦ جار لێدەدات کە ژمارە ٧ی تێدایە،وکەعبە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەوی بە گوێرەی ئەو وێنانەی گیراوە بە هۆی مانگی دەستکردەوە جا ئەو کەعبەیە ناوك و ناوەڕاستی زەویە بۆیە دڵەکان گشتیان یەکە یەکە ڕووی ئارامیان ئاراستەی دەکەن لوگشت شوێنە جباکانی جیهان بۆ ئەوەی بەیەك بگەنەوە لەسەر خۆشەویستی خوای تاك و تەنها و گوزارشت لە یەك بیروباوەری و یەك دڵی دەربرین. نهێنییێکی تری ژمارە ٧ ڕوکنەکانی حەج پەیوەندی بەلاشەی مرۆڤەوە هەیە کە خوای گەورە ٧ ئەندامی سەرەکی کە زۆر کاری پێدەکرێت بەبەردەوامی حوت ئەندامن (دەم، زوبان ،گوێ، لوت، دەست، پێ، چاو)و پیوەندی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، چونکە مرۆڤ لە ڕۆژدا کار ئەنجام دەدات کەوایە ڕۆژی هەفتەش حەوتن. پەیوەندی بە دەریا گەورەکانەوە هەیە گونکە ٧دەریا هەیە لە جیهاندا . وەحەوت قارەش هەیە وحەوت ئاسمان حوت زەوی . ئەمە لەلایەك لە لایەکی تر هەموو مادەیەك (ڕەق، شل، گاز) گەردیلەی هەیە لەویش بچوکتر ئەتۆم هەیە ئەویش مکوینات هەیە (پرۆتۆنو نیترۆن) ئەوانیش ناوکیان هەیە کە هەموویان بەدوای ئە ناوکەدا دەسوڕێنەوە لەلەشی مرۆڤ ١٠٠٠٠٠هەزار تلیۆن خانە هەیە ئەوانیش ناوکیان هەیە بە دەوری دا دەسوڕێنەوە هەروەکو مانگ و ڕۆژو زەوی بەدەوری یەکتر دەسوڕێنەوە (وهوالژی خلق الليل والنهار والشمس والقمر كل فی فلك يسبحون) لە ڕۆژیش گەورەتر هەیە خوای گەورە دەفەرموێ (انە هو رب الشعری )(النجمە) ئەستێرەی شعری کەناوی ٢٠جار لە ڕۆژ گەورەترەووناکی ٥٠جار لە ڕۆژ بە هێزترە ئەوانیش دەسوڕێنەوە کەچی ڕۆژ (٣٣٣)هەزار جار لە زەوی گەورەترە زانایان دەڵێن قورسای ڕۆژ نزیکەی (٢٠٠٠٠) ملیۆن سی جار گن بو قورسایەوە دوسوڕێتەوە بەدەوری زەویدا بەماوەی ٢٥٠ساڵ.

و لویش گەورەتر هەیە کە ئەستیرەی سهیل یان ٨٠ جار لە ڕۆژ گەورەترە و ٢٥٠ جار ڕووناکی لە ڕۆژ بەهێزترە ئەمانەو چەندانی تر گواف جێبەجێدەکەن و دەسوڕێنەوە بەڵام هەریەکەو بەشێوازێك.وشتێکی تر پێویست باس بکەین ئەویش ئاوی زمزم کە پێغەمبر (د.خ) دەفەرموێ (ماوزمزم لما شرب منە) بۆچی بخورێتەوە ئەو مەبەستەت بۆ جێبەجێ دەبێت لەبەر ئەوەی ٢٠٠جار لە ئاوی خواردنەوەی ئێمە پاکترە هە لە ڕووی ئۆکسجین و هایدرۆجین کە دوومادەی سەرەکی پێکهاتەی ئاون هەم لە ڕووی مادە پاکەکانی ترو زانایەکی یابانی کە پسپۆری ئاوە تاقی کردۆتەوە کە ئاوی زمزم هوستی هەیە لە بەرئەوی پێغەمبەر (ص)دەفەرموێ: (لە کاتی خواردنەوەی ئاوی زمزم بڵێ بسم الله الرحمن الرحيم) لە بەر ئەوەی میکرۆب فرێ دەدات بەم وشە جوانە بەلام بەقسەی خراپ بە بێئادابی دەبێتە تامێکی پیس و میکرۆب بۆ مرۆڤ لە سەر ڕاستی باباتەکە لەڕۆژنامەی وگنی سعودی کە ڕاگەیاندنی سعودی باسی دەکات دەڵێت حاجیەکی صۆمالی کە ناوی (علی عبداارحمن شريف)ەو چوار منالی هەیە ٢٠ساڵ کوێرو کەڕ بووە لەپاش عیشا لە مەراسیمی حەج تەواف دەکات ئاوی زمزم دەخوات و بە سەرچاوەکانی دادەکات لە بەیانی چاکدەبێتەوەو بۆ یەکەم جار گوێی لە دەنگی بانگی بەیانی دەبێت ئەو جا چاوەکانی دەبینن کە چەند جار لە لای دکتۆرەکانی بەریتانیا نەشتەرگەری بۆ کراوەو چاك نەبۆتەوە .

بۆیە لە کۆتایدا ئەگەر چارەسەرمان دەست نەکەوت نەمان توانی بیدۆزینەوە بۆ سارێژکردنی برینە قوڵەکانمان لە ناو چونی دڵە بێئاگاکانمان با ڕوو بکەینە خوای پەروەردیگارو جێبەجێکردنی فرمانەکانی و بەرز ڕاگرتنی بۆ ئاسودە بونی دڵ و دەروون.

# پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسایەی ڕێنوێنی خودا

مەلا ڕەقیب ڕۆستایی

S چۆن بەڕێگای بەختەوەری دەگەین؟
S ئەو ڕێگایانە کامانەن کە مرۆڤ بەژیانی بەختەوەری دەگەیەنن؟
S ئایا کە خودای گەورە مرۆڤی دورست کردووە نەخشەڕێگای بۆ دانەناوە، ئەگەر ژیان بایەخی هەبێت خودای پەروەردگار لەهەموو شتێك زیاتر بایەخی پێنەداوە، ئەگەر بایەخی پێداوە بەچ گرینگیەك گرینگیو مەزنی ژیانی نرخاندووە؟
S ئایا دورشمەکانی ئاین تەنیا وەك دورشم سەیر بکەین، یان ئەو دیوی شاراوەی هەڵبسەنگێنینو لەسەری بوەستین، جەوهەری دین تەنیا بریتیە لەو شتە ڕواڵەتیانەی، کە مرۆڤ ڕۆژانە خوی پێوەگرتووەو کاریگەری لەسەر ژیانی کەسەکە جێنەهێشتووە؟
S ئایا دەکرێت دین خۆی بایەخی ئەو تۆی نەبێت بۆجولاندنی هەستی خەڵکی، یان بەپێچەوانەوە کەمتەرخەمی لە ئێمەوە دەست پێدەکات، کە نەمان توانیوە دین وەکو خۆی نمایش بکەین؟

قورئان ئەو یاسا گرینگەیە کە نەخشە ڕێگای دونیاو دواڕۆژو ژیانی بەرزەخی دڕشتووە، ئەگەر تەنیا قورئان باسی لە ژیانی دونیا کردباو نەپڕژابا سەر بابەتەکانی دواڕۆژو ئەو شتە شاراوانەی، کە مرۆڤ توانای پەی پێبردنی نییە، کە بە دەیانو سەدان ئامێری پێشکەوتوو نەتواندراوەو نە دەتواندرێ شتە شاراوەکانی پەروەردگار وەك خۆی بدۆزنەوەو دەربخەن.

قورئانیش وەك هەر پەرتووکێکی دیکە تەنیا بایەخی بۆ ژیانی دونیا دەبوو، بەڵام گرینگی ئەم پەرتووکە لەوە دایە کە بەئەندازەی باسکردنی لە ژیانی دونیا، لە ژیانی بەرزەخو دواڕۆژیش وەستاوەو تەواوی وردەکاریەکانی پێش دورستبوونی مرۆڤو قۆناغی ژیانو دیوی نادیاری دواڕۆژ، تەنانەت لەسەر هەموو ئەووردەکاریانە دەوەستیٚ لە ژیانی مرۆڤایەتی، کە مرۆڤەکە خۆی خاوەنداریەتی ژیان دەکات کەچی توانای پێناسەکردنی ژیانی نییەو بەئەندازەی لیٚ تێگەیشتنی قورئان توانای گوزارشتی لەژیانی ئاسایی خۆی نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە مرۆڤ بە ئەندازەی ئەو تێگەیشتنەی، کە سەبارەت بە ژیانو دواڕۆژ هەیەتی زوڵمو ستەمێکی بیٚ ئەندازەی لە قورئانی پیرۆز کردووە، لەئەنجامیشدا زوڵم کردن لە تێگەیشتنی قورئان لە دژی بەرژەوندی ژیانی مرۆڤ دەوەستێتو زەرەرمەندی یەکەم تەنیا مرۆڤ خۆیەتی.

ژیانی مرۆڤ گرینگیەکەی لەگرینگی پێدانی خودا لە ڕێگای ئەو نووسراوە تایبەتیەی، کە تەرخانی کردووەو وەك پەیامێکی مرۆ دۆستانە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان بەبیٚ جیاوازی کردن لە نێوان گەل، تیرە، ڕەگەزو ئایدیا.

کەچی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ لەئەنجامی تێنەگەیشتنی پەیامی خودای گەورە، کە قورئانی پیرۆزە ڕەخنە دەگیرێتو بەبیٚ ڕۆل وەسف دەکرێت لەهەمبەر باس نەکردنی لە کێشەی گەلێك یان جاری وا هەیە کەسێك، کە خزمەت بە قورئان دەکاتو دەیەوێت لە ژیانی ڕۆژانەی بەرجەستەی بکات بەوە ڕەخنەگیراوەو دەگیرێت، کە باسی هەندێك لەو گیروگرفتانەی نەکردووە، کە خەڵکی تێوەگلاوە، بۆ نمونە ئەگەر قورئان تەنیا باسی گەلێکی دیاریکراوی کردبا، یان باسی مافی ئافرەتو گەنجو پیرو پەککەوتە، یان هەر ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانە بیٚ گومان لەچەمكو واتای خۆی دەردەچوو، چونکە گرینگی قورئان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە ڕوانگەی مرۆڤایەتی یەوە باس لە گرینگی مرۆڤ دەکات بەردی بناغەی بەپێی ڕێسای قورئان، پاککردنەوەو پاڵفتەکردنی ژیانە، ئەگەر ژیان پاڵفتە بکرێت بیٚ گومان ژینگە خۆی پاك دەبێت.

واتا بەپێی یاساکانی خودا ژیان لە ژینگەو ئاسۆو تەواوی دورستکراوەکانی خودای گەورە بەبایەخ ترە، هەربۆیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە(هەرکەسێك ببێتە هۆکار بۆ زیندووبونەوەی کەسێك وەك ئەوە وایە، کە ژیانی بە هەموو مرۆڤ بەخشیبێتەوە، بەپێچەوانەوە هەرکەسێك ببێتە هۆکاری لەناو بردنی کەسێك وەك ئەوە وایە، کە تەواوی خەڵکی لەناو بردبێت)

(مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا) (المائدە:٣٢) لێرەدا پێویستە لەسەر ئەمە بوەستین ئایا بۆچی قورئان گرینگیو بایەخ بەباوەڕداران دەدات؟ بۆ نمونە دەفەرموێت: (وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا) (الإسراء:٨٢) بایەخ دان بەبڕوادار بەمانای بایەخ دانە بەمرۆڤایەتی، باوەڕ هەڵگری کۆی ویژدانو ڕەوشتو مرۆڤایەتیە، بۆ زیاتر ڕونبوونەوەی مەبەست دەکرێت تێڕوانینێك بۆ کۆمەڵگای باوەڕدارو بیٚ باوەڕ بکەین.

دەقەکانی قورئانی پیرۆز زیاتر گرینگی بەهەندێك بۆنە دەداتو تەرکیزیان لەسەر دەکات، نموونەی چاکەکردن لەگەڵ دایكو باوك (وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا) (الإسراء:٢٣) گرنگی دان بەسەردان کردنو هاموشۆکردنی خزمو کەسوکارو ماف پێدانیان (وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ) (الإسراء:٢٦) هێنانەوەی ئەم نموونانە جوانکردنو ڕازاندنەوەی ئەو بینا تۆکمە مرۆڤایەتییەیە، کە خودای گەورە دەیەوێت دورستی بکات، دەیەوێت لەسەر بەردی بناغەی یەکەم دایبڕێژێت، کە ئیمانو باوەڕە، بەپێچەوانەی کوفرو بێباوەڕی، کە یەکێك ئەوئاکارو خوڕەوشتانەی باسمان لێوەکردن نەك هەرلێی چاوەڕوان دەکرێت بەڵکو بەتەوای قەناعەتەوە باوەڕی پیٚ نیە.

پرسیار: بۆچی یەکێك دەچێتە دەرەوە دەبینێت لەڕووی داڕشتنی یاساو پەیڕەوکردنی لەگەڵ وڵاتانی ئێمەدا نێوانیان ئاسمان وڕێسمانە؟ ئەگەر ئاینو قورئان ئەوەندە گرینگیان هەبێت بۆچی ئێمە دواکەوتووینو ئەوانیش پێشکەوتوو؟ وێڕای ئەمە خەڵکی باوەڕدارِ توانای تێگەیشتنو بیرکردنەوەو لێکدانەوەی لەهەمبەر ئەم یاسایانە نیە، کە لەئەوروپا سەدەیەك بەرلەئێستا بەرنامەیان بۆ داڕشتووەو کوردەواری دەڵێت (لەوسەری هاتوونەتەوە) باشە بەڕاست دەبێت بۆچی ئێمە ئەوەندە پاشکەوتووبین، کە تاکو ئێستا بیرمان لەوە نەکردۆتەوە یاسایەك دابنرێت تایبەت بەمافی مرۆڤ،ژن، گەنج، منداڵو پیروپەککەوتە و...

وەڵام: لەوەڵامی ئێمەدا تاکو ئێستاشی لەگەڵ دابێت لەڕێی ئەو باوەڕە کزولاوازەی، کە لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ڕواوە ڕێگر بووە لە بەرامبەر چەوساندنەوەی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بەپێچەوانەی ئەو کوفرەی، کە لەڕۆژئاوادا بوونی هەیە، کە پاڵنەر بووە بۆ چەوساندنەوەو ماف خواردنو پێشێل کردنی هەرتاکێکی نێو خۆیان.

باشە ئەگەر ئافرەت ڕێزی لێگیراو هەستی بریندار نەکرا چۆن چۆنی توانای بیرکردنەوەی بۆدورست دەبێت، کە گروپێك دورست بکات بەناوی ئەوەی داکۆکی لەمافی خۆی بکات. قورئان کە گرینگیو بایەخ بەدایكو باوك دەدات، کە ئەوانە توێژی پیروپەککەوتەی ناو کۆمەڵگەن، کە بەو شێوازە ئاراستەی باوەڕدار دەکات، کە چۆن لەگەڵیان مامەڵەبکات لەژیانی دونیادا، بەچ پێوەرێك ئەمان بیرلە ماف خواردن وپێشێل کردنو داکۆکی کردن دەکەنەوە، بەهەمان شێوە گەنجو منالو هەرتاکێکی نێو ئەم کۆمەڵگایە، باوەڕ گرفتەکانو برینەکانیان بۆ تیمار دەکاتو کوفرو بێباوەڕیش زیاتر کێشەکانیان لیٚ قووڵ دەکاتەوە.

لەبوونی ئەویاسایانەی، کە ئێمە بەباشی دەزانینو لە ئەوڕوپا گرینگی پێدراوەو دەدرێت، لە وڵاتی ئێمەدا لەدەسپێکی بیرکردنەوەین ئاخۆ چۆن ئێمە سوودمەند ببین لەیاساکانی ئەوانو کۆپی هەمان ئەو بیرکردنەوانەی، کە لەوێوە سەرهەڵدەدەن لەنێو عەقڵی تاکی خۆمان بیڕوێنین.

ئەمە سەرەتای بیرکردنەوەیە لە بیٚ باوەڕیو قبوڵ کردنی نەخۆشی سەهیۆنیزمە، کە خودای گەورە بەشێکی زۆری قورئانی بۆ بەرپەرچ دانەوەو دژی ئەم نەخۆشیە تەرخان کردوە لەڕۆژئاوادا کێشەکان لەڕێی بیٚ باوەڕییەوە، کە بەچڕی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە لەنێوانیاندا بوونی هەبوو بڵاوەی کردو تەواوی جەستەی ئەم کۆمەڵگایەی تەنی، بۆیە فشاری بۆ دورست کردنو ناچاری کردن، کە کێشەکانیان لەڕێی پەرلەمانو حکومەتەوە بەیاسابکرێت، بوونی ئەو هەموو یاسایانە بۆ تەواوی ئەو گیروگرفتانەی، کە بەردەوام بوون ودەبن بەبەڵگەی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە، کە بەنەخۆشی بیٚ باوەڕی ناوزەند دەکرێت.

بەپێچەوانەوە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای ئێمە لەگیروگرفتانە لەپێشدا بەڵگەی هەبوونی هەوێنی دورستکردنی بەردی بناغەی مرۆڤایەتی بوو، کە ئەو ئیمانە هەمیشە ڕێگر بووە لەبەردەم گەورەبوونی هەر گیروگرفتو ئاریشەیەك، لێك جیاواز بوونی کوفرو بیٚ باوەڕی لەگەڵ ئیمانو باوەڕ جیاوازی دەخاتە نێوان دوو کۆمەڵگا، واتا چۆن بێباوەڕی لەگەڵ باوەڕ(ئیمان)جیاوازە بەهەمان شێوە پێویستە چۆنیەتی ژیانو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵکی بیٚ باوەڕ لەگەڵ خەڵکی باوەڕدار جیاواز بێت.

کێشەکانی ئێمە لەپێشدا بەهۆی پاڵنەری باوەڕ ئەوەندە گەورە نەبوون تاکو یاسای بۆدابڕێژرێت، پێویستە باش لەوە تێبگەین دونیاداریو خۆشەویستی ژیان بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی بەبیٚ لەبەرچاو گرتنی ئەو یاساو ڕێسا خوداییانەی، کە

لەڕێی نووسراوێکی تایبەتەوە بۆ تەواوی خەڵکی ڕەوانە کراوە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکانو تەقینەوەیاتە بەڕووی خەڵکی.

قورئانی پیرۆز ئەو یاسا خوداییەیە، کە پێشگیری لەگرفتەکان دەکات، بەو مانایەی ئەو یاسایە تەنیا بۆئەوە دابەزیوە، کە مرۆڤ لەنەفامیو نەزانیو جەنجاڵیەوە پەلکێش بکات بۆ ڕێگای بەختەوەری بێگومان بەختەوەری دورستکراو (تصنع) گرنگیو بایەخی نییە، هەروەك ئێستا خەڵکی ڕۆژئاوا وا دەزانن بەپێکەنینی ساختەیی دەتوانن بەرامبەریان بەختەوەر بکەن، پێکەنینەکە خۆی بەڵگەی نەبوونی بەختەوەرییە ئەگینا چ پێویست بەوە دەبوو، کە گوزارشت بەپێکەنینەوە لە بەختەوەری بکرێت.

بەختەوەری زۆر لەوە گەورەترە، کە لە پێکەنینێکی درۆزنانە نمایش بکرێت، هەموو ئەو وێنانەی خەڵکی ڕۆژئاوا پێکەنینی دەست کردیان پێوە دیارە، ئایا پێکەنین دەبێتە مایەی بەختەوەری زۆر سەیرە، کە خەڵکی ئێمە بەشتە نابووتەکانی ڕۆژئاوا سەرسام بووە، بە عەقڵو تێڕوانینو بیرکردنەوەی ئەوان بیردەکاتەوە، دیارە بەپێی ئەو سەرەتا بیرکردنەوەیەی کە لەو ڕووەوە هەست دەکەین کۆمەڵێك گیروگرفتمان هەیە، ئەو گیروگرفتانە لە وڵاتانی دەرەوە پەیدابوونەو لەمێژە یاسایان بۆداڕێژراوە، ئەو هێماو ئاماژانە بەڵگەن بۆئەوەی ئێمە لە پلیکانێی یەکەمی بێ باوەڕی سەردەکەوین.

گواستنەوەی ئەو نەخۆشیە سەهیۆنیزمیە واخەریکە تەواوی خانەکانی مێشکی لاوەکانی ئێمەی تەنیوە، ژیان بەپێوەری قورئانی پیرۆز کە ژیانی لەپێناودا دەکرێتە قوربانی لە هەموو شتێك گرینگترە، خودا ئەگەر ژیانی بەمرۆڤ بەخشی لە ڕێگای پێبەخشینی ژیانەوە ئەو پەڕی بەرگری لەژیان دەکات، ئەگەرچی قوربانی یەکەم ژیان خۆی بێت، بۆنموونە کاتێك نەخۆشێك دەچێتە لای پزیشك بۆ چارەسەرکردنی دەستی کە تووشی شێرپەنجە هاتووە، ئایا پزیشك بەبیانووی ئەوەی کە دەست بڕین واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە چارەسەری لەڕێگای دەست بڕینەوە بۆ بەجێ ناگەیەنێت؟ دیارە دەست بڕینەکە خۆی چارەسەر نی یە، مافی مرۆڤ لەدەست بڕینو بنبڕکردنی ئەو ڤایرۆسە خۆی دەبینێتەوە، نەك بەپێچەوانە دەست نەقرتاندن دەبێتە مایەی دزەکردو تەشەنەکردنی ئەو ڤایرۆسە بۆتەوای خانەکانی جەستەی ئەو مرۆڤە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم شێرپەنجەی ژیان ڕێگە لە کەسانی نەخۆش دەگرێت لەناویان دەبات بۆئەوەی ئەو ڤایرۆسە نەگوازرێتەوە بۆنێو ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ئ ئا لێرەدا ئەو دوو جەمسەرانە بەڕوونی بەدیار دەکەون جەمسەری دینی خودا کە دەیەوێت پێش لەو هەموو گیروگرفتانە بگرێت کە دەبنە مایەی گەندەڵ کردنو بۆگەن کردنی ژیان... جەمسەری نەیاری دین بەپێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە تەنیا کار بۆئەوە دەکات هەموو جەستەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا تووشی نەخۆشی بکات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەکرێت یەکێك لەم دوو تێڕوانینانە لە دژ یەك نەوەستنەوە کە هەریەکێك لەمانە کار بۆسڕینەوەی ئەوەی دیکە دەکات تەرکیزکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەنگەرگرتنە بەرامبەر بەنەخۆشیو شێرپەنجەو ڤایرۆسەکان، بەپێچەوانەی بیری نەیاری ئاین کە هەموو هەوڵو تواناکانی دەخاتەگەر بۆداپڵۆسینو نەهێشتنو لەناوبردنی ڕۆڵی چاکەکاریو چاکەخوازیو پەرشو بڵاوکردنەوەی لایەنە نێگەتیفەکان.

ئینجا لێرەدا مرۆڤەکان خۆیان لەژێرکاریگەری ئەم دوو تێڕوانینە بیریان دەتەقێتەوەو هەڵدەقوولێت لەسەر ئەم تێڕوانینانە بەردی بناغەی ژیانی خۆیان دادەنێن، بەراوردکردنی وڵاتانی خۆمان بەوڵاتانی دەرەوە بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەو ڤایرۆسەو گواستنەوەی لەڕێگای مانگە دەستکردەکانو جانتا دیبلۆماسیەکانی ئەو کەسانەی، کە سەنگەریان لەدژی ئاین گرتووە ئێمەکاتێك کە سەیری دەرەوە دەکەین دەبینین ئەوان لە ڕێگای یاساوە لە ئێمە پێشکەوتووترن بێگومان کاتێك ئێمە یاساو ڕێساو ئاسایشی بێ پۆلیسمان لەناخدا بوونی هەبوو، ئایا پێویستمان بەو یاسا دەستکردانە دەبوو کە لەڕێگای بیری مرۆڤایەتیەوە داڕێژراون لەبری چارەسەری دەیانو سەدان گرفتیان بۆ مرۆڤایەتی دورست کردووە.

ڕاوچیەك ئەگەر ئەزموونی نەبوو لەکاتی ڕاوکردن هەمیشە ئامانجەکە ناپێکێتو نێچیر ڕاوناکات، بەڵکو تیرەکانی بەرەو ڕووی نێچیر یان سەرە دەکات یان ژێرەدەکات، لەم ڕووەوە یاساکانی خودای گەورە لە سەرەکردنو کورت هێنان بەدوورە، تەواوی هەڵسەنگاندنی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی چڕدەکاتەوەو چارەسەری تەواو بۆمرۆڤ دەدۆزێتەوە.

خەڵکی لەمیانەی دوورکەوتنەوەیان لە ڕاستی جارێك بەنێوی پسپۆری کۆمەڵایەتیو جارێك بەنێوی پسپۆری دەروونیو جارێکی تر بەناوێکی دیکە، دەیانەوێت گرفتەکانی لایەنی ژیان چارەسەربکەن، کەچی لەبری چارەسەری خۆیان دەبنە مایەی گرفتی زیاتر، خودای گەورە لەبارەی وەستان لەسەر ژیان، تەنیا لەسەر یەك لایەن دەوەستێت کە ئەویش بریتیە لە دڵی مرۆڤ، خودا هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی بەفریشتەکان سپاردووە، جگە لەدڵ نەبێت، چونکە دڵ ناوەندێکی گرینگە بۆ ژیانی مرۆڤ.

لەڕێگای دڵەوە قبوڵکردنو ڕەتکردنەوە دێتە ئاراوە، بۆیە ڕاستەوخۆ خودای گەورە خۆی سەرپەرشتی دڵی مرۆڤ دەکات، خودای گەورە دەفەرموێت: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) (الشرح:١) واتا: ئایا سینەمان گووشاد نەکردیت، یان پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (اللهم یا مقلب القلوب ثبت قلبي علی دینك) پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت: (دڵی هەموو مرۆڤەکان لەنێو تەشتێك دانە لەژێر دەستی خودا چۆن بیەوێت هەڵگێرو وەرگێریان پێدەکات).

دەڵێن گەنجێکی بێ باوەڕ لایەنی دەروونی شپرزە دەبێتو لەژیان بێزار دەبێت، بۆیە پەنا بۆ خود کوژی دەبات، پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەی دادەگرێتو مێشکی خۆی دەپڕژێنێت، کاتێك دەیبەن بۆ نەخۆشخانە دەبینن دڵی لە لێدان نەوەستاوە، بۆیەدڵەکەی دەردەهێننو بۆکەسێکی باوەڕدار لەڕێگای نەشتەرگەریەوە دیچێنن، خێزانی ئەم پیاوە بێ باوەڕە کاتێك سەردانی ئەم باوەڕدارە دەکات، ڕاستەوخۆ هەمان ئەو خۆشەویستیەی بێ باوەڕکە بۆ خێزانی هەیبوو خۆشەویستیەکە وەکو خۆی لەناخی باوەڕدارەکەدا بوونی دەبێت.

ئیدی ئەم پیاوە باوەڕدارە کاتێك کە لەنەخۆشخانە دەردەکرێت هەمیشە لە دڵ تەنگیو ماندوبوونی دایە، دەرەنجام لە ژیانی خۆی بێزار دەبێتو وەك بێباوەڕەکە پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی دەمانچە دادەگرێتو مێشکی خۆی دەکاتە ئامانج، خودای گەورە لەقورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ) (البقرة:٦) بۆچی باوەڕ ناهێنن؟ چونکە (خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) (البقرة:٧) لەبارەی دووڕووەکان دەفەرموێت: (فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا ) (البقرة:١٠) یان دەفەرموێت: (الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ) (النَّاس:٥) لە ئایەتێکی دیکە ڕوو لەپێغەمبەر(د.خ) دەکات: (إِنَّا جَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا) (الكهف: ٥٧) هەر سەبارەت بەگرینگی دڵ دەفەرموێت: (لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) (الأعراف:١٧٩) پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (تتعرض الفتن علی القلوب عودا عودا).

دیارە دڵیش پاك بوونو پیس بوونی پەیوەستە بە پیس بوونو پاك بوونی دوو فلتەری هەرە گرنگ، کە چاوو گوێچکەن، خودا لەم بارەیەوە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەم دوو ئەندامە هەستیارە دەکات، وەك چۆن بەرپرسیارە بۆ دورست کردنی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکە خۆی، بەهەمان شێوە ئەم دوو ئەندامە ڕۆڵو کاریگەری باش یان خراپی خۆیان دەبینن.

خودای گەورە دەفەرموێت: (خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ) (البقرة: ٧) سەبارەت بە وەرگرتنی زانستو زانیاری بەپلەی یەکەم بۆتێکدانو چاککردنی دڵ، تەنیا چاوو گوێچکە بە بەرپرسی سەرەکی دەزانێت: (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا) (الإسراء: ٣٦) یان دەفەرموێت: (وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ) ( النحل: ٧٨) دوو ئەندامە هەستیارەکەی مرۆڤ کە چاوو گوێچکەن، لەڕێگای وێنەو دەنگەوە دەتوانرنن ئەو مرۆڤە بەرەو ئیمان یان بەرەو بێ باوەڕی ڕابکێشرن، بێگومان بۆ هەر یەکێك لەم دوو کەناڵانە ئامێری تایبەتی بۆ دورست کراوە تاکو لەم ڕێگایەوە مرۆڤ دەستخەڕۆو دەستەمۆ بکرێت.

پرسیار ئەوەیە ئایا بێ باوەڕی کە لە نێو پەڕۆکی دیموکراسی لوول دراوە، لەڕێگای هەزاران کەناڵی بینراوو بیستراو ئاراستەی مرۆڤ دەکات، دەکرێت بپرسین دیموکراسیەت کە گوزارشتە لەبێ باوەڕیو گواستەوەی نەخۆشی سەهیۆنیزم بۆ نێو دڵو دەرونی خەڵکی کوێی خێری پێوەیە؟ دواترپۆلێن کردنی مرۆڤایەتی لەڕێگای مافەوە، بۆ مافی ئافرەت، گەنج، پیرو پەککەوتە،.... هتد.

لێك ترازانو دوورخستنەوەی مرۆڤەکە خۆیەتی لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆی، قورئانی پیرۆز کەی جیاوازی لەنێوان ئافرەتو پیاو کردوە، هەر لە سەرەتای چاو هەڵهێنانی مرۆڤ بەژیانی دونیاوە لە بچووکیەوە مافی بۆ دەستەبەردەکات، لە ڕێگای دایكو باوکەوە ئەو منداڵە پەروەردەدەکرێتو پێدەگەیەندرێت، تاکو دەنێردرێت بۆ قوتابخانەو ژیانی هاوسەریەتی بۆپێکدێنن.

باشە ئەگەر ئەو یاسا خۆشەویستیە ئەو بەزەییو سۆزە لەنێوان دایكو باوكو ڕۆڵەکان بوونیان هەبوو کەی ئەو منداڵە مێشکی کاردەکات بۆئەوەی بیر لەمافی خۆی بکاتەوە، خۆ ئەو منداڵە مافی نەخوراوە تاکو بیر لەماف پێشێل کردنی بکاتەوە، دەڵێن لە ئەوروپا دایكو باوكو منداڵێك دەچن بۆخوردنگەیەك دوای نان خواردن پیاوەکە پارەی خواردنی خۆی دەدات، ئافرەتەکەش بەهەمان شێوە لەم نێوەندەدا منداڵەکە دەمێنێتەوە، ژنەکە سەیری مێردەکەی دەکات تاکو پارەی خواردنی ئەو منداڵەبدات، پیاوەکەش سەیری ئافرەتەکە دەکات تاکو پارەی خواردنی ئەو منداڵەبدات، پاشان لەسەر ئەمە لێیان دەبێت بەکێشە، خاوەنی خواردنگەکە پێشنیاری ئەوەیان بۆدەکات کە هەریەکەو نیوەی پارەی خواردنی ئەو منداڵە بدەن، باشە هەرلەوێوە منداڵەکە بیر لە پاشەڕۆژی خۆی ناکاتەوە.

بانگ خوازێك دەی وت: میوانداری کەسێکی ڕۆژئاواییم کرد، ناوە ناوە پیپسیەکی دەردەهێناو سەرکی دەکردەوەو یەك دوو قومی لێدەداو ئیدی سەری قەپات دەکردەوەو لە گیرفانی خۆی دادەنا، بێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە من میوانداری ئەوم کردوە هەر ئەو بانگخوازە دەی وت ئەگەر لە ئیسلامدا ئەو جۆرە کەسانە بوونیان هەبوایەو یاسای زەکات دان نەبووایە، ئایا خەڵك هەمووی لەبرسان نەدەمردن.

# لقی هەولێری یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی مانگانەی ئاسایی خۆی سازدەکات




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: معروف مەلا عەولا ڕوستایی:** سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠١٢/٩/٤ بە سەرپەرشتیو ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانو، بە ئامادەبوونی کارگێرو، ئەندامانی لقو، بەرپرسی ناوچەکانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەی لق بەڕێوەچوو.

ئەمەو سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواترو دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانو عیراق بەگشتی، چەند تەوەرێکی گرنگ خرانە بەر باسو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زیاتر خزمەت گەیاندن بە زانایانی ئاینیو، بە پیرەوەچونی کێشەو گیرو گرفتەکانی زانایانو، گرتنەبەری ڕێو شوێنی گونجاوتر بۆ زیاتر کاراکردنی ناوچەکانی یەکێتی زانایان لە سنوری لقی هەولێر .

# کەلار : لقی یەکێتی زانایان بەجیا بەشداری دوو ئاشتەوای کۆمەڵایەتی دەکات




**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:** لەمیانەی بەشداری یە فراوانەکانی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان لەبنبرکردنی کێشەکۆمەڵایەتیەکان و بەدەمەچونی هاوڵاتیان و جێ بەجێ کردنی ئەرکە ئاینی یەکانیان کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەشداری کرد لە ئاشتەوایی نێوان دووبنەماڵەی عەشیرەتەکانی باشکی و شاتری ...

هەمان ڕۆژو کاتژمێر چواری سەرلەئێوارە شاندی لق بەشداری ئاشتەواییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی کرد لە نێوان دوو بنەماڵەی عەشیرەتەکانی ڕۆغزایی و بەیاتی

شایانی باسە لەهەریەك لەو ئاشتەواییانەدا ووتاری لقی یەکێتی زانایان پێشکەش کراو تیایاندا بەرپرسی لق تیشکی خستە سەر ئاشتی و برایەتی و پێکەوەیی لەروانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە .

# کەلار: لقی گەرمیان بەشداری سیمینارێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەکات




**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان :**
سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری ٦/ئەیلول /٢٠١٢ لەهۆڵی کتێبخانە گشتی یەکانی گەرمیان لەشاری کەلار بەئامادەبونی نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ژنان و ئافرەتان و ڕۆشنبیران بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەشداری سیمینارێکی هۆشیاری ڕێکخراوی گەشەپێدانی خەڵکی کرد دەربارەی بەزۆر بەشودانی ئافرەتان ...

لەوسیمینارەدا کە ئامانج لێی دەرخستنی هۆکارو دەرەنجامەکانی ئەوکارە نەشیاوە بوو بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە نەبونە دیاردەی ئەو کارانە نوێنەری یەکێتی زانایان دیدوبۆچونی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەمەر شێوازی مامەڵەکردن بۆ بەشودانی ئافرەت و پێکهێنانی هاوسەرگیری خستەروو.

# لەسەردانێکیدابۆدەزگای ئەیلول لقی سۆرانی یەکێتی زانایان هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلول پیرۆزدەکات




**راگەیاندنی لقی سۆران:** بەمەبەستی پیرۆزبای لەسالیادی هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلول شاندێکی لقی سۆران کە لەهەریەك لەبەرێزان مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لق و هەریەك لە بەرێزان مەلامستەفا بابشتی و، مەلاوەلی ئەحمەد دری و، مەلا یوسف ئەحمەدکارگێرو ئەندامانی لق و، یاوەری مەلاوەیسی مەلاسەعید بەرێوەبەری ئەوقافی سۆران پێکهاتبوو، سەردانی دەزگای ئەیلولیان کردلەسۆران و، لەلایەن حاجی میرخان بارزانی بەرپرسی دەزگا بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.
ئەمەو لەدیدارێکدا وێرای پیرۆزبای بەو بۆنەوە، باس لەگرنگیو بایەخی هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلول کراو رۆلی مامۆستایانی ئاینیش لەبەشداریکردن وسەرخستنی شۆرشەکە بەبایەخەوە باسی لێوە کراو، هاتنە کایەوەی یەکێتی زانایانیش بەیەکێك لەدەستکەوەتە مەزنەکانی ئەوشۆرشە هەژمارکرا،
لەلایەکی ترەوە هەمان شاند بەشداری کردلە رێورەسمی کردنەوەی کەنالی لۆکالی دەڤەری سۆران، کەکەنالێکی ناوخۆیەو تایبەتە بەدەڤەری سۆران ودەوروبەری، بەوبۆنەوە لقی سۆران پیرۆزبای کردنەوەی کەنالەکەی بە دەستەی بەرێوەبەر راگەیاند وهیوایان خواست کەنالەکە ببێتە هۆکاری خزمەتکردنی سەرجەم بوارەکان لەدەڤەری سۆران.

# ئاکرێ: شاندێکی باڵای لقی یەکێتی زانایان بەشداری رێورەسمی کردنەوەی باڵەخانەی نوێی قوتابخانەی ئایینی دەکات




**راگەیاندن:** روژی یەکشەممە ٢٠١٢/٩/٢ شاندێکی باڵای لقی ئاکرێی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بە سەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە ئاکرەیی بەرپرسی لق، بەشداری کرد لە رێوڕەسمی کردنەوەی باڵەخانەی نوێی قوتابخانەی ئایینی لە ئاکرێ.
شایانی باسە: لە رێوڕەسمەکەدا، وێڕای ئهاتنی جەماوەرێکی زۆرو مامۆستایانی ئایینی دەڤەرەکە، هەریەك لە بەڕێزان جەوهەر عەلی عەزیز قایمقایمی قەزای ئاکرێ و، مامۆستا مەلا جەوهر بەڕێوەبەری ئەوقافی ئاکرێو کارگێڕی لق ئامادەبوون .

# لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایان لەگەڵ لقی ٢٤ی سەفینی پ.د.ك کۆدەبێتەوە




**راگەیاندنی لقی شەقلاوە:** سەر لە ئێوارەی رۆژی سێشەممە ٢٠١٢/٩/٤ز شاندێکی باڵای لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ شاندێکی باڵای لقی ٢٤ی سەفینی پ.د.ك لە چێشتخانەی سەناریا کۆبوویەوە.
ئەمەو لە کۆبوونەوەکەدا، وێڕای باسکردنی دوایین پێشهاتو باسەکانی تایبەت بە ناوچەکە، هەردوولا هاوڕابوون لەسەر تۆکمەو توندوتۆڵکردنی هەماهەنگی نێوانیان لە پرسەنەتەوەییەکان و خزمەت بە دەڤەرەکە.

# ئەندامەکی پەرلەمانێ عیراقێ ل سەر لیستا هەڤپەیمانی یا کوردستانی سەرەدانا لقی دهوك زانایان کر

